# عەشق‌وخۆشەویستی

# لەنێوان وەهم‌و واقیعدا

- سەروەر کەریم


ناوی کتێب: عەشق‌وخۆشەویستی لەنێوان وەهم‌و واقیعدا

نووسینی: سەروەر کەریم

بابەت: لێکۆڵینەوە

مۆنتاژی کۆمپیوتەرو بەرگ: ئومێد محەمەد

تیراژ: 500

چاپخانە: تەوار

ژمارەی سپاردن: (84)ی ساڵی 2005

چاپی بەرگ: چاپخانەی شڤان

پێڕست


## بەشی یەکەم

*دروست بونی هەستی خۆشەویستی..*

-خۆشەویستی لە ڕەووتی مێژوودا

-خۆشەویستی لە هەندێک ڕوانگەوە

-خۆشەویستی و هاوسەری

-خۆشەویستی لەسەردەمی بەر لە ڕۆشنگەریدا

-دوو دیدی جیاواز بۆ چەمکی خۆشەویستی

## بەشی دووەم

خۆشەویستی لە سەردەمی نوێ دا

-خۆشەویستی لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نوێوە

-خۆشەویستی و هەستی تاکگەرایی و دروستبوونی مەترسی

-خۆشەویستی وەک مۆدێلێک لە کۆمەڵگای نوێدا

-ئازادی خۆشەویستی ئازادی ژن



لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-8-



## بەشی سێ یەم

سەرهەڵدانی چەند ڕوانینێکی نوێ بۆ چەمکی خۆشەویستی

-سێکس و خۆشەویستی

-خۆشەویستی خود، یان خود شەیدایی

## بەشی چوارەم

عەشق و جۆرەکانی عەشق

-عەشق لە مێژوودا

## بەشی پینجەم

خۆشەویستی و عەشق لەکۆمەڵی کوردیدا

-خۆشەویستی و هاوسەر لە کۆمەڵی کوردیدا

-قەدەغەبوونی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردیدا

-ترس لە خۆشەویستی

-خۆشەویستی لەلای ڕۆشنبیری کورد

## بەشی شەشەم

وەهمی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێستادا

-کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی

-وەهمی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای هاوچەرخی تەکنەلۆژیادا

# پێشەکی

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، تا ئێستا زۆر بە سادەیی و بەبێ قۆڵبونەوەو تێگەیشتن لە چەمکی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری قسەکراوەو، ڕەنگە بەشێکی زۆر قسەکردنەکانمان وەسفکردنی خۆشەویستی بوو بێت لە زمانی شیعرەوە و قوڵ بوونەوە نەبوو بێت لە ڕووی فکری و سایکولۆژیەوە و، ئەوەش دوو چاری بەد بەختی کردوین، لەوەی بتوانین سەرچاوە گەلێکی ئەو تۆ بە دەست بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین بۆ نوسینی لێکۆڵینەوەیەک سودی لێ وەربگرین، چونکە خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری پەیوەندی بە هەموو تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکەوە هەیە و لاوازی و تێنەگەیشتن لە مانای ڕاستەقینەی خۆشەویستی دوو چاری نامۆ بوون و ئازاری دەرونیمان دەکات، لەگەڵ ئەوەی لێرەو لەوێ هەندێک لەڕۆشنبیران و نوسەرانمان لە ڕێگەی گفتوگۆ، یاخود کورتە ووتارەوە خۆیان لەقەرەی ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا داوە، بەڵام دیسان ئەوەش بەمانایە نییە کە بتوانین بڵێن لایەکی جدیمان لە ژیانی خۆشەویستی و هەستەوەری کردوەتەوە و هەوڵمان داوە هەر نەبێت بتوانین خوێندنەوەو تێگەیشتنمان هەبێت بۆ ئەو چەمکەو ماناکانی پشتی ئەو چەمکە. لەم دواییانەدا کاک (ڕێبوار سیوەیلی) لێکۆڵینەوەییەکی زۆر باشی لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی بلاّوکردەوە، بووە هاندەری ئەوەی منیش خۆم لە قەرەی نوسینێکی لەو جۆرە بدەم و هەندێک لایەنی چەمکی خۆشەویستی و عەشق لێک بدەمەوە و قسەی لەسەر بکەم، بەو هیوایەی هاندەرێک بێت بۆ



نوسەران و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای ئێمە، کە لایەکی جدی لەژیانی هەستەوەری تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بکەنەوەو خوێندنەوەیەکی واقیعانە لە دایک بێت، تا ئەوەی گۆڕانکارییەکی جدی لەژیانی هەستەوەری کۆمەڵگاکەماندا ڕوو بدات. چونکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئێستاش زۆرترین تێگەیشتنی هەڵە بۆژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی هەیە، کە ئەمەش بەشێکی زۆرمانی دووچاری بەد گومانی و تێگەیشتنی هەڵە کردوە لە خۆشەویستی.

سەرباری ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە لێوانلێوە لە ئازارەکانی خۆشەویستی، بەبێ ئەوەی ئەوانەی سەرچاوەی ئازارن بۆ ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی،لە خۆشەویستی تێگەیشتبن، بەڵام بە پشت بەستن بە کەلتوری ئایینی و خێڵەکی پەنجەی حەرام بۆ خۆشەویستی ڕادەکێشن و بە تاوانێکی گەورەی دەزانن، ئەو هەستی گوناهو حەرامەش وای کردوە، چەند ین کوڕو کچ، لە پێناوی خۆشەویستیدا گیانیان لێ زەوت بکەن، یاخود لە بەیەک گەشتن مەحرومیان بکەن.....

بۆ ئەوەی کەمێک هەستی گوناهو حەرام لە ناخمان دور بکەوێتەوە و خۆشەویستی ئازا د بێ و مرۆڤەکان خۆیان بڕیاڕ دەری چارەنوسی خۆیانبن و کەس دەست نەخاتە ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستیەوە و ئەو دوو تاکە خۆیان بڕیار دەربن، هەر لەو ڕوانگەیەوە بڕیاڕی نوسینی ئەم کتێبەم دا.

ئەم کتێبە لە شەش بەش پێک هاتوە و هەر بەشەش قسە کردنە، لەسەر چەمکی خۆشەویستی و عەشق بە مانایەکی فراوان و لە چەند ڕوویەکی جیاوازەو لەگەڵ ئەوەی لە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەدا

زۆر ترین قسەو ئاماژەکان ڕووبەڕووی عەقڵیەتی پیاو سالاری کراوەتەوە و ڕەخنەو بۆچونەکان ئاراستەی ئەو عەقڵیەتە کراوە، تەنها لەبەشی کۆتایی دا نەبێت قسە لەسەر وەهمی خۆشەویستی کراوە و ئەم سەردەمەی ئێستام بە سەردەمی وەهمی خۆشەویستی و کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی داناوە.

سلێمانی

2004/11/25

# بەشی یەکەم

**دروست بونی هەستی خۆشەویستی..**

**- خۆشەویستی لە ڕەووتی مێژوودا**

**- خۆشەویستی لە هەندێک ڕوانگەوە**

**- خۆشەویستی و هاوسەری**

**- خۆشەویستی لەسەردەمی بەر لە ڕۆشنگەریدا**

**- دوو دیدی جیاواز بۆ چەمکی خۆشەویستی**

## خۆشەویستی لە ڕەوتی مێژوودا

چەمکی خۆشەویستی، ئەو چەمکەیە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاشنایەتیان لەگەڵی دا هەیەو، هەر مرۆڤێک بە جۆرێک، لەو چەمکە گەیشتوە و هەوڵی مومارەسە کردنی داوە، ناتوانین دەست نیشانی یەک پێناسەی دیاری کراو بۆ خۆشەویستی بکەین وناشتونین بڵێن تەواوی‌مرۆڤەکان لەمانای خۆشەویستی تێگەیشتون و لە تێگەیشتنیانەوە دەستی بۆ دەبەن و مومارەسەی دەکەن.

ئەگەر بمانەوێت هەڵکۆڵینێکی ئارکۆلۆژیانە بۆ ئەو چەمکەو سەرەتای سەر هەڵدانی لای مرۆڤ بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروست بونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەناو ئەفسانەو ئایینەکانەوە دەست پێبکەین و بزانین مرۆڤی سەرەتایی چۆن سەیری خۆشەویستیان کردووە و هەوڵی پراکتیک کردنیان داوە، بەمانایەکی تر ئەو کاتە خۆشەویستی مانایی پەیدا کردووە، کە مرۆڤ خۆی و دەوروبەری و بەرامبەری ناسیوە و هەستەکانی پێکەوە بوون و چێژ لەلای مرۆڤ هەستی پێکراوەو پێویستی بە بەتاڵ کردنەوە هەبووە.

ئەگەر لەسەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤا یەتی دا، مەسەلەی‌بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە سێکسیەکان هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵ خۆشەویستی دا نەبوە و بگرە کارێکی ئاسایی و لە نائاگاییەوەبووەو, هەر کاتێک ئارەزوی سێکس کرابێت بەبێ لەبەرچاو گرتنی‌سنورێکی دیاری کراو ئەو کارە لەناو خێڵە سەرەتاییەکاندا بە شێوەییەکی گشتی ئەنجام دراوە، هەموو



تاکەکانی ناو خێڵ مومارەسەی سێکسیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرداکردوە.

بەڵام کاتێک ئایینەکان پەیدا دەبن و سنور و چوارچێوەکانی ژیانی مرۆڤ لە قاڵبی ئایینی دەدەن، ئیدی خۆشەویستی و هاوسەر گیری سەرهەڵدەدات، بەمانایەکی تر خۆشەویستی فۆرمێکی خۆی وەردەگرێ و هیدی... هێدی هەستی خۆشەویستی لەلای مرۆڤ بۆ ڕەگەزی بەرامبەر سەرهەڵدەدات، ئەمەش دروست دوای جیابوونەوەی مرۆڤ لەسروشت دەست پێدەکات، ئەوکاتەی مرۆڤ لەدنیای غەریزەیی دێتە دەرێ و جارێکی تر ناتوانێت لەگەڵ سروشت دا یەکبگرێت، بۆیە بەلەدەست دانی ئەو هاوبەشییەی ناو سروشت بەشوێن هاوبەشیەکی تردا دەگەرێت. دیارە ئەمەش تەنها لەڕێگەی ژیریەوە بەدەست دێت.

ئەگەر سەیری ئەفسانەی دروست بوون بکەین لە ئایینە ئاسمانیەکان دا (سەفەری خەڵقکردن)، دەبینین ئەو دەمەی (ئادەم ـ حەوا)، لە بەهەشت دا دەژیان و هەموو شتێکیان پێکەوە بوو غەریزەکانی خۆشیان بەتاڵ دەکردەوە، بەڵام هەستیان بەڕووتی خۆیان نەدەکرد. کاتێک لە بەهەشت دەرکران، هەستیان بەڕووتی خۆیان کردو لێرەوە شەرم سەری هەڵدا، ئەوەی (ئادەم – حەوا) ی گەیاند بە ئاگادار بوونەوە، هۆشیاری بوو. ئیدی ماکەکانی ترس و شەرم لە سایکۆلۆژیەتیاندا سەرهەڵدەدات و دابڕان و تەنهایی جێگای پێکەوە بوونی سەرەتا دەگرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی مرۆڤ لە تەنهایی و دابڕاندا نەژی پێویستی بە یەکگرتن و هاوڕێیەتی هەیە. ئەمەش دەبێتە کۆتایی هێنان بە ترس و شەرم و دروست بوونی ژیانی پێکەوەیی و

دروست بوونی هەستی خۆشەویستی. لەبەرئەوەی (ئادەم – حەوا) خۆیان نەناسیوە و هەستی خۆشەویستیان لەلا بوونی نەبووە هیچیان لە بەرامبەر دەرکردنیان لە بەهەشت بەرگریان لە یەکتری نەکردوە. فرۆم لەو بارەیەوە دەڵێت[1] (هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئادەم هەوڵ دەدات، لە بری بەرگری کردن لە حەوا، بەسەرزەنشت کردنی ئەو بەرگری لە خۆی دەکات). لەبەر ئەوەی ئەوان ئاگاییەکیان لە بارەی خۆشەویستی یەوە نی یەو، پێکەوە بوونیان یەک جەستەیی بووە، بەڵام کاتێک لە بەهەشت دەر دەکرێن ئەوسا بە ئاگادێنەوە و لەوە تێدەگەن، کە ئەوان یەک جەستە نین و بەڵکو جیاوازن، لەیەک جەستەوە بوون بەدووان و لە یەکدی جیا بوونەوە، بۆ ئەوەی یەکبگرنەوە پێویستی یان بەهۆشیاری هەیە، بۆ ئەوەی بە سەر ترس و شەرم و جوداییدا زاڵبن، ئەمەش لە ڕێگەی خۆشەویستی و عەشقەوە دەستە بەر دەبێت. فرۆم دەڵێت[2] (هۆشیاری سەبارەت بە جودایی مرۆڤایەتی، بەبێ هۆشیاری سەبارەت بە دووبارە یەکگرتنەوە بەهۆی عیشقەوە سەرچاوەی شەرم، لە هەمان کاتیش دا سەرچاوەی گوناهو پەشێویە). لەو کاتەوەی مرۆڤ پەی بەوە دەبات، کەجەستەی یەکدی دەناسن و فێری جیاوازی لەیەک چووی جەستەکان دەبن، پێویستیان بە هۆشیاری هەیە، بۆ ئەوەی هەستەکانیان ئاراستە بکات بەرەو یەکگرتنەوەی جەستەکان، چونکە تەنهایی و دابڕان دەبێتە هۆی ئاراستە کردنی مرۆڤەکان بەرەو کەنارگیرو ڕووە مردنی لەسەرخۆ، بۆیە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دابڕان و کەنار گیری و تەنهایی ڕزگاری بێت پێویستی بە خود ناسی و دەوروبەر ناسی هەبوە، ئەمەش هاندەری سەرەکی مرۆڤ



بووە، کە هەنگاو بنێ بەرەو خۆشەویستی و بتوانێت بەسەر ترس و تەنهایی دا زاڵبێت.

بەدوای قۆناغی سەرەتایی دا، وردە وردە خۆشەویستی سەر هەڵدەدات و ئەفسانە و ئایینەکان خۆیان لەقەرەی ئەو چەمکە دەدەن و بۆ ناو تێکستەکانیان پۆلێنی دەکەن و پێناسەی جۆراو جۆری پێدەبەخشن و سنوریش بۆ خۆشەویستی دادەنێن، زۆربەی ئایینەکان خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خودا وەند بە خۆشەویستی ڕاستەقینە دەزانن و پێیان وایە بەتەنها خۆشەویستی بۆ خودا ڕزگار بوونە لە ترس و نا ئارامی، بۆیە لەکتێبی پیرۆزدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت[3] (خوا وەندت زیاد لە هەرشتێکی تر خۆش بوێت). بەڵام ئایینەکانیش نەیانتوانیوە لە بەرامبەر خۆشەویستی مرۆڤدا دەستەوەستان بن و سنوری زۆر توندی بۆ دانەنێن بەڵام ئەوەش نەیتوانیوە ڕێگا لە خۆشەویستی بگرێ، بۆیە بەناچاری قسەیان لەسەر خۆشەویستی مرۆڤیش کردوە جگە لە خواوەند لە ئینجیل دا دەڵێت[4] (لەم بارەیەوە شتێک پێ ڕاگەیەنم، ئەو گوناهی زۆر کردوە، بەڵام لە گوناهەکانی بەخشرا، چونکە سۆزداری زۆر کردوە، بەڵام ئەو کەسەی کە کەمتر لە گوناهەکانی بەخشرا، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە کەمتر سۆزداری کردووە..)، لەگەڵ ئەوەی ئاینەکان چەمکی خۆشەویستیان پۆلێن کردووە، بەڵام بە دیدو تێڕوانینی پیاو سالارانە، لەخۆشەویستی یان ڕوانیوەو بەمافی نێریان زانیوەو ژنانیان، وەک کۆیلە سەیرکردوە بۆتێرکردنی ئارەزوەکانی پیاو، بۆیە ژنان بەناچاری لەژێرسایەی ئەودەسەڵاتە ئایینیانەدا،نەیانتوانیوە خۆشەویستی بکەن و لەژێرسایەی فەرمانەکانی پیاودابوون و ئارەزووە سێکسیەکانیان جێبەجێ

کردووە هیچ بوارێکشیان نەبووە ناڕەزایەتی دەربڕن، بەمانایەکی تر پیاو ئەوەی بە خۆشەویستی زانیوە، کە ژن جێبەجێ کاری خواستەکانی ئەو بێت، ئەمەش زۆر ڕاشکاوانە لەئینجیلدا پۆلێن کراوە و دەڵێت[5] (ئەو ژنە دەبینی؟ هاتمەلات، ئاوت بۆ پێکا نم نەهێنا ، بەڵام ئەو ژنە، هەر دوو پێمی بە فرمێسک شوشت و بە قژی وشکی کردەوە، تۆ منت ماچ نەکرد، بەڵام ئەو ژنە قەرەچی یە، نەوەستا لەماچ کردنی پێکانم ؟ سەری منت بە ڕۆن نەماڵی، بەڵام ئەو هەردوو پێمی عەتر باران کرد)..

ئەگەر سەیری سەرەتای سەر هەڵدانی ژیانی خۆشەویستی بکەین، لە سەردەمی خودا ناسی و دەوروبەر ناسیەوە و لەو کاتەوەی هۆشیاری سەری هەڵداوە، پیاو بکەری سۆزداری بووەوکاری بۆ ئەوە کردوە کە ژنان ڕابهێنێ، کە چۆن ئەویان خۆشبوێ, ئەمەش لایەنی یەکەمی سەرەتای سەر هەڵدانی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی بوو لای مرۆڤ و قۆناغ دوای قۆناغ ئەو ژیانە پەرە دەسێنێ و بەرەو باڵاتر دەچێت و پێناسەی جۆراو جۆر وەردەگرێ، واتە خۆشەویستی قۆناغی تاک ڕەهەندی و یەک جۆر پێناسەیی بەجێ دەهێڵێ و بەرەو فرە ڕەهەندی و فرە پێناسەیی دەچێت و ئیدی ناتوانرێت بەیەک جۆر پێناسە خۆشەویستی هەڵبسە نگێنرێ مانوێڵ کاستلز لەو بارەیەوە دەڵێت[6] (من بڕوام وایە جۆرەکانی خۆشەویستی کردنی ئافرەتان و پیاوان هێندەی ئافرەتان و پیاوانە و ناتوانرێت شێوەیەک بەسەر هەمواندا بگشتێنرێ)نەتوانینی دیاری کردنی پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ چەمکی خۆشەویستی پەیوەستە بە بوونی داب و نەرێت و کەلتوری ئایینی و خێڵەکی جیاوازەوە، چونکە هەر نەتەوەو ئاین و خێڵێک



خاوەنی کەلتورو خەسڵەت و تایبەت مەندی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستەوەری خۆیەتی و لەیەکیش جیاوازن، جیا لەوەش خودی جیاوازی مرۆڤەکان و تێگەیشتنیان بۆ ژیانی خۆشەویستی پێناسەو جۆری مومارەسەکردنی دەگۆڕێ.

## خۆشەویستی لەهەندێک ڕوانگەوە

بوونی دیدو تێڕوانینی جیاواز و جۆراو جۆر بۆ چەمکی خۆشەویستی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی لەو چەمکە وامان لێدەکات پەنا بۆ هەندێک نموونە بەرین تا ئەوەی بتوانین ئاستێک لەتێگەیشتن، لەسەر ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی مرۆڤ ئاشکرا بکەین و هەوڵی خوێندنەوەیەکی مەعریفیانە و لۆژیکیانە بدەین, لەسەر چەمکی خۆشەویستی. یەکێک لەو ئایینانەی کە زۆر قسەی لەسەر چەمکی خۆشەوستی کردووە و گرنگی زۆری پێداوە، ئاینی مەسیحیەو لە ڕێگەی

نامەکانی پۆڵس زۆرترین قسەی لەسەر چەمکی خۆشەویستی کردوە و کردویەتە سەرچاوەی گەڕانەوەی ژیانی ئینسان بۆ یەکگرتنەوە و دورکەوتنەوە لەدابڕان و تەنهایی.

نامەکانی پۆڵس ئاماژەکان ئاشکرا دەکەن، کە ژیان بەبێ بوونی خۆشەویستی مانایەکی نی یەو (گەرچی زۆرترین جار خۆشەویستی ئا یینی خۆشەویستی خوا وەندە)، مرۆڤەکان بە بێ خۆشەویستی ناتوانن لە ژیانێکی ئارام و ئاسودەدابن، پۆڵس زیاتر لەوەش جەخت دەکاتەوە، کە خۆشەویستی لەسامان و لەقوربانی

دانیش گەورەترەو ئەگەر هەر چیت هەیە بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکەیت و خۆشت بکەیتە قوربانی، بەڵام خۆشەویستیت تیا نەبێت هیچ سودی نی یە و هیچت بەرناکەوێت.

پۆڵس دەڵێت[7] (ئەگەر بەزمانی هەموو خەڵکی سەر زەوی و فریشتەکان ووتویێژ بکەم و عاشق نەبم، ئەوا دەنگ دانەوەم بە ئەندازەی مس دەنگ دەداتەوە، ئەگەر خاوەنی بەهرەی پێشبینی بم و شارەزای تەواوم لە بارەی هەموو نهێنی و زانستێک هەبێت، و ئەگەر بیرو باوەڕم بگاتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانم کێوەکان جێبەجیٚ بکەم، و عاشق نەبم، هیچم، ئەگەر تەواوی سەروەت و سامانم بەسەر خەڵکی فەقیر دابەش بکەم و بگرە ئەگەر لەشی خۆم لە پێناوی خوا بە ئاگر بسپێرم و خاوەنی عشقێک نەبم. هیچ سودێک بەخۆم ناگەیەنم). پۆڵس زۆر ئاشکرایانە قسە لەسەر ئەو لایەنە هەستەوەریەی مرۆڤ کردوەو هەموو شتەکانی لە بەرامبەر خۆشەویستی و عەشقدا سفر کردوەتەوە و جوانی ژیان و گەشەکردنی بەستوەتەوە بە بوونی خۆشەویستی یەوە و بەبیٚ بوونی ئەو هەستەش، هەموو شتەکانی مرۆڤ و جوانیەکانیش هیچ سودێکیان نی یە.

ئایینەکان بە شێوەیەکی گشتی قسەیان لەسەر خۆشەویستی کردووە، یان تەنها لە ڕێگەی دەربڕینی

ووشەوە هەستی خۆیان بۆ چەمکی خۆشەویستی دەربڕیوە، ڕستەکانی پۆڵس لە بارەی خۆشەویستیەوە تەنها ئاماژەدانە بە لایەنگری کردن لە خۆشەویستی، ئەویش لە نامەئلوف دا، واتە دیار نی یە ئەو پیٚ لەسەر خۆشەویستی مرۆڤ دادەگریٚ، کە گرنگە یاخود خۆشەویستی خودایە، کەوا دەکات خۆشەویستی لە نێوان



مرۆڤەکاندا دروست بکات، ئەم دوو ڕوانینە لە بۆچونەکانی پۆڵس و ئاییندا زۆر ئاشکرایە، گەرچی ئەو دوو ئاراستەیە لە بەرامبەر یەکدا بەهاوتەریبی دەڕۆن، هەر جارەی بە لایەکدا لاسەنگ دەبێت، بەڵام لە گشتیدا تەنها خۆشەویستی خواوەند گرنگە. گەرچی لە ئینجیل دا ئاماژە بەدیاری کردنی جۆرێکی یەک لایەنە بە خۆشەویستی دەکات، بە مانایەکی تر بەدیاری کراوی قسە لەسەر پرۆسەی هاوسەری دەکات و پێی وایە ئەو دووانەی هاوسەری هەڵدەبژێرن خودا بەیەکی گەیاندون و مرۆڤ ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە، لەوەشدا مەبەستی ئینجیل ڕوون نی یە کە ئایا ئەو دوانە (ژن – پیاو)، کە هاوسەری هەڵدەبژێرن لە خۆشەویستی یەوە، یاخود ئەرکێکی ئایینیە بۆیە مرۆڤ ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە، بەڵام بەپێی تێکستەکەی ئینجیل ئاماژە بە خۆشەویستی نێوان (ژن – پیاو) نەکراوە تەنها ئاماژە بەوە کراوە کە خودا بەیەکی گەیاندون و دەڵێت[8] (پیاوێک دایک و باوکی بەجیٚ دەهێڵێت، لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت و هەردووکیان دەبنە یەک لەش، ئیتر دوو نین، بەڵکو یەک لەشن. ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە)..

ئاشکرا کردنی هێمای خۆشەویستی لەسەرو ئیرادەی خودی ئینسان و گەڕانەوە بۆ یەکگرتنەوە دوور لە ئیرادەی خودی، هیچ کات ناتوانێت ئەو یەکگرتنە ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت و ئەو دوانە (ژن و مێرد) ژیانێکی پڕلە خۆشەویستی بەسەر بەرن و جیانەبنەوە، ئەگەر قیودە کۆمەڵایەتیەکان زنجیریان نەکەن (لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا باسی بێزاری ژن و مێردەکان و ژیانی هاوسەری و خۆشەویستی و جیابوونەوەو نەگونجانی ئەو ژن و پیاوانە

دەکەین، کە بەبێ خۆشەویستی لە پرۆسەی هاوسەریدان). ئەگەر لە ڕووی لۆژیکی و مەعریفیەوە سەیری ئەو تەعبیرەی ئینجیل بکەین، بۆ پێکەوە ژیانی هاوسەری وخۆشەویستی مانایەکی واقیعی نادات بەوەی ئەو دوانە خۆشەویستی دەکەن، یان هەستی خۆشەویستی گەیاندونی بە قۆناغی هاوسەری، بەڵکو سونەتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و دەسەڵاتی ئایینی بڕیاری ئەو پێکەوە بوونەی داوە و ژیانیان پێکەوە لە چوار چێوەی هاوسەری ئاینیدا جگە لە ئازارو بێزار بوون مانایەکی تری نەبووە، ئەمەش بەو مانایەنییە هەموو هاوسەریەکانی چوار چێوەی ئاینی دواتر خۆشەویستی لێنەکەوتۆتەوە....

بەدوای قۆناغی سەرەتایی ئایینەکان داو فراوان بوونی هەستی خۆشەویستی کە لای تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و جۆری پەیوەندیەکان، خۆشەویستی لە قۆناغی گوزارشت کردن و تاک, ئاراستەییەوە دەگۆڕێ وجۆرەکانی خۆشەویستی سەرهەڵدەدات. بەمانایەکی تر پێناسە و ڕوانینی جیاوازتر بۆ چەمکی خۆشەویستی وشیکردنەوەی ئەو پەیوە ندیە سەر هەڵدەدات. واتە خۆشەویستی چەند ئاراستەیەک وەردەگرێ و لە گشتی دا و بەبێ ئامانجی دیاری کراوی دوو لایەنە نامێنێت و بگرە مرۆڤەکان خودی خۆیان جۆری خۆشەویستی و گوزارشت کردن لە هەستەکانیان دیاری دەکەن. بۆ نمونە خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکانی، جۆرێکە لە خۆشەویستی و هیچ ماکێکی بەرژەوەندیانەی نی یەو، لە سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆژایەتی یەوە خۆشەویستی دایکانە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتوە و هەموو دایکەکان نەوەکانی



خۆیان خۆش دەوێت و زۆر ڕاستگۆیانە لە ناخی دڵەوە مومارەسەی خۆشەویستی لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، گەرچی ئەو خۆشەویستیە وەک جۆرێک لە هەستی لێپرسراوێتی وایە و مانای دڵسۆزیشە، فرۆم لەو بارەیەوە دەڵێت[9] (سەبارەت بە دایک و منداڵ، زیاتر بە مانای دڵسۆزیە بۆ پێداویستی منداڵەکەی). فرۆم زیاتر لەسەر شیکاری خۆشەویستی دایکانە دەڕوات و نهێنی یەکانی ئەو خۆشەویستی یە ئاشکرا دەکات و خۆشەویستی دایکانە، بۆ منداڵ، بەهرەیەو مایەی خۆشحاڵی و ئاسودەیی منداڵەو خۆ ئەگەر منداڵ ئەو خۆشەویستی یەی نەدرێتێ، ڕەنگە کاری نەگەتیفیانە لە سەر سروشتی گەشەکردن و پەروەردەکردنی بکات و ماکەکانی شەڕانگێزی و وێرانکاری لە سایکۆلۆژیەتی دا جێگیر ببێ و جوانیەکانی جیهان ئاوا ببن و دەڵێت[10] (خۆشەویستی دایکانە بەهرەیە هێمنی بەخشە پێویستی بە بڕوانامە نی یە، پێویستی بە شایستە بوون نی یە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا سروشتی بێ قەید و شەرت بوونی خۆشەویستی دایکانە، لایەنێکی نەگەتیڤی هەیە، ئەم خۆشەوستی یە نە پێویستی بە شایستەگی هەیە و نە بەدەست دەهێنرێت، نە دروست دەکرێت، نەڕێکدەخرێت. ئەگەر هەبێت مایەی بەختیاریە، ئەگەر نەشبێت ئەوا وەک ئەوە وایە کە هەموو جوانیەکانی جیهان ئاوا بووبێت).

فرۆم زۆر بەقوڵی هەوڵی داوە قسە لەسەر چەمکی خۆشەویستی بکات و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ داو هۆکارەکانی دەست نیشان بکات و پاڵنەرەکانی ووزەی خۆشەویستی لای مرۆڤ هەڵبسەنگێنێ و لە نەبوونی خۆشەویستی دا، چۆن مرۆڤ دووچاری دابڕان و تەنهایی و نامۆ بوون دەبێت و لەجیاتی خۆشەویستی

هەستەکانی بەرەو ویرانکاری و ڕق ئاراستە دەبن و ئەمەش پەیوەندی بە قۆناغی منالّیو سەرەتای پەروەردەکردنی مرۆڤەوە هەیە. واتە ئەو منالە چۆن لەمنالّیەوە پەروەردە بکەیت،

ئەو پەروەردەیە لە سایکۆلۆژیەتی دا دەچەسپێ و دواتر، لە کەسێتی دا ڕەنگ دەداتەوە، کەبەکام شێواز پەروەردە کراوە، فرۆم تەئکید لەوە دەکاتەوە دروست بوونی ڕەق پەیوەندی بە نەبوونی خۆشەویستی دایکانەوە هەیە لەسەر منالّ، ئەو منالەی بێبەشە لە خۆشەویستی دایکانە، بە دلّنیایی هیچ سۆزو خۆشەویستی یەک لە دلّی دانییە بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤایەتی و کەسێکی توندو تیژ و شەڕانگێز دەردەچێت. بالاّبوونی خۆشەویستی لەلای مرۆڤ لەقۆناغی منالّیەوە دەست پێدەکات، گەرچی ئەو لەوە تێناگات، بەلاّم خۆشحالّ دەبێت و کە قۆناغی منالّی دەبڕێت ئینجا لەوە تێدەگات، کە قۆناغێکی نوێ یە لە خۆسویستنەوە بۆ خۆشەویستی خەلّک. فرۆم دەلّێت[11] (بۆیە کەمین جار لەژیانی مندالّ دا مەسەلەی خۆشەویستی لە خۆشەویست بوونەوە دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستی خەلّک، واتە بۆ بەرهەم هێنانی خۆشەویستی، چەندەها سالّ درێژە دەکێشێ تا ئەم هەستە سەرەتاییە بیتە خۆشەوستی یەکی پوخت و کامڵ). دوای قۆناغی منالّی خۆشەویستی دەچێتە قۆناغێکی ترو ئەو ڕوانگەیەی، کەمندالّ فێری بووە، زیاتر بریتی بووە لە وەرگرتن، بەو مانایەی خۆشەویستیان پێبەخشیوە، بەلاّم قۆناغی دووەم بەخشینەو دەبێت خۆشەویستی ببەخشێتە خەلّکی تر، ئەوە بەشێکە لە سروشتی دروست بوونی هەستی خۆشەویستی و لە قۆناغی دوای مندالّی دا ڕوانینەکان بۆ خۆشەویستی و دروست کردنی پەیوەندی، لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ دا



بالاّتر دەبێت و تەنها لەیەک لایەنەوە سەیری هەستە دەرونیەکانی ناکات و بگرە بەهۆی بوونی، وەک تاکێک لە ناو کۆمەلّگاداو بوونی پەیوەندی کۆمەلاّیەتی بە خەلّکەوە، بە جیاوازی ڕەگەزو ڕەنگی پێستەوە، فێری ئەوە دەبێت چۆن گوزارشت لە هەستەکانی بکات و دەریان بڕێت، ڕاستە یەکەمین قۆناغ بۆ فێربوونی منالّ لە باوەشی دایکیەوە دەست پێدەکات و پەروەردە دەبێت، بەلاّم دواتر کۆمەلّگا سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی ئەو منالە تاقی بکاتەوە کەچی فێر بووە، کاتێک تێکەلّ بە چوار چێوەیەکی فراوان تر لە خێزان دەبێت، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو هەلّگری خۆشەویستی یە، یاخود شەڕانگێزی و دلّ ڕەقی.

پێویستە ئەوەش ئاماژە بکەین، کە خێزان ڕۆلّی کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤەکان و پەروەردە کردنیان و دانانی سنوری حەلاّو حەرام و چاندنی سیفاتی توندو تیژی، کاتێک مندالّێک لە ناو خێزانێکدا پەروەردە دەبێت، ئەو خێزانە لە ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و شەڕو ئاژاوەی بەردەوام دا دەژین، ئەو مندالەی لە ناو ئەو خێزانەدا با خۆشەویستی پێببەخشرێ، بەلاّم لایەنی دووەمی کە شەڕو ئاژاوەیە کاردەکاتە سەر سایکۆلۆژیەتی و لە کەسێتی دا ڕەنگ دەداتەوە..

لەگەلّ ئەوەی، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد دایک فێری مندالەکانی دەکات کە هەستی خۆشەویستیان لا دروست ببێت، بەلاّم دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین، بە درێژایی مێژووی دروست بوونی کۆمەلّگای مرۆڤایەتی ژنان بوون هەستی خۆشەویستیان بەخشیوە بە پیاوان و پیاوان وەرگر بوون.

## خۆشەویستی هاوسەری

یەکێک لە ئاکامەکان و پراکتیک بوونی خۆشەویستی گەیشتنە بە ژیانی هاوسەری، ئەو دوو مرۆڤە(نێر-مێ)، کە یەکدیان خۆشو یست سەرئەنجام زۆرینەیان دەچنە قۆناغی هاوسەرییەوە، لەگەڵ ئەوەی زۆرجار ئەو هاوسەر گیریە بە ئازارو ناخۆشی و لێک جیا بوونەوە کۆتایی دێت.

پرۆسەی هاوسەری (ژن و مێردایەتی) ڕەوتێکی مێژوویی هەیەو هەندێک ڕوانگەی کۆن، مەسەلەی هاوسەر گیریان بەوە لەقەڵەم داوە بۆ نەفەوتانی نەسلی مرۆڤایەتی و هەندێکی تریش، هاوسەریان بۆ چێژی سێکسی و خستنەوەی منالٚ و بەخێو کردنیان، لەوەش واوەتر پیاو کراوەتە بکەری سەرەکی بۆ هێنانی هاوسەر، وە پیاویش بەسەر گەورەی ژنان دانراوەو ئەوانیش دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی پیاو بن. ئەمەش بە ڕوونی لە ئایینەکان دا پۆلێن کراوە و هەموو دەسەڵاتێکیان بە پیاو داوە، لە تەوراتدا دەلیێت[12] (بە ئێش و ئازارەوە منداڵت دەبێت و بەردەوامیش مشتاقی پیاوەکەت دەبیت و ئەویش بە سەرتدا زاڵە)...

ئەو تێڕوانینە ئایینیە بەردەوام کاریگەری هەبووە لەسەر پیاوان بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هاوسەر گیریدا جێبەجێ بکەن و ژنیش لە ماڵەکەی دا وەک هەر کاڵایەکی تر سەیر بکات. بۆیە سەرەتای پرۆسەی هاوسەری لە سەردەمی دەسەڵاتی ئایین دا، بە پێی ڕێنماییەکانی ئایین جێبەجێ کراوە، وەک سونتێکی ئایینی ژنیان



هێناوە، بەڵام دەکرێت بڵێت لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنی هاوسەر لەسەر بنەمای خۆشەویستی نەبووە، بەڵکو دەسەڵاتێکی ڕەهای پیاو سالاری بوونی هەبووە و ئەویش بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوە سێکسیەکانی پەنای بۆ هێنانی هاوسەر بردوە، بەشێک لە پیاوەکانی ئاین ئەوەیان ڕەت کردوەتەوە کە مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و دژی هەر جۆرە قسە کردنێک بوو لە بارەی بە ئازادی لە دایک بوون، فلمەر یەکێک بوو لەوانەی زۆر بە توندی پەیوەست بووە بە حوکمی ئایین و یاساکانی پیاو سالاریەوە و دەڵێت[13] (1- خوا ئادەم ـ ی کردۆتە گەورەی بوونەوەرەکانی سەر زەوی و دەسەڵاتی بەسەر حەواو هەموو منداڵەکانی خۆی پێداوە.

2- مرۆڤ لە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی باوک سالاریانە لە دایک دەبێت، کەواتە ئازاد نی یە، ئەوەی دەڵێت مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بووە یا ئەوەی ناو نراوە ئازادی سروشتی خورا فەیەکی ڕۆمانسیانەیە، دەسەڵاتی باوکیش ناو دەنێت دەسەڵاتی پاشایەتی یادەسەڵاتی باوک سالاری یا مافی باوکایەتی، ئەوەش دەسەڵاتێکە فلمەر دەڵێت((سنوردار نی یە و ناکرێ سنوریشی بۆ دابنرێت)) ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتی مێردیشە بەسەر خێزانەکەیەوە). بۆیە هەرچی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی هاوسەریە لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا دوور بووە لە هەستی خۆشەوستی و بگرە، ژنان کاڵایەکی بەرهەم هێن و چێژ بەخش بوون، بەڵام بە دوای گۆڕانکاریە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی زیاتری هۆشیار بوونەوە، پرۆسەی هاوسەری لە ڕێگەی خۆشەویستی یەوە سەر هەڵدەدات. چونکە خۆشەویستی هەر لە بنەڕەتەوە دوو لایەنەیە و هیچ کات ئەو

پەیوەندیە ئەگەر لاسەنگ بێت، واتە تاک لایەنە بێت پێی ناوترێ خۆشەویستی و پرۆسەی هاوسەری ڕاستەقینەش بە پێکەوە ژیان و هاوبەش بوونی خۆشەویستی دوو لایەنە دەبێت و ئەو دوو مرۆڤە هیچیان بالاَ دەست نین بەسەر ئەوەی تریان دا.

ڕەوتی پرۆسەی هاوسەری دوور لە خۆشەویستی دوو لایەنە هەتا سەردەمی ڕێنسانس بە توندترین شێوە درێژەی کێشا، بەڵام لە سەدەی (17) بە دواوە هەندێک گۆڕانکاری بەسەر بنەمای پرۆسەی هاوسەر گیری دا هات. بەڵام بەر لەوە هاوسەر گیری لەسەر بنەمای بەرژەوەندی منالْ خستنەوە و چێژی سێکسی بووە و پاراستنی خاوەن داریێتی بووە. انتونی گیدنز دەڵێت[14] (لە سەدەکانی ناوەڕاست وە تا چاخەکانی لەوە دوا تا سەردەمی سەدەی حەڤدەیەم، هۆکاری بنەڕەتی بۆ خێزان پێکەوەنان بریتی بوو لە پاراستنی مافی خاوەنداریێتی و هێشتنەوەی سامانی ئابوری لە ژێر چاودێری بنەماڵەدا. ئەمە جگە لەوەی مندالْ وەبەرهێنان و بەکار هێنانیان وەک هێزی کار لەو هاوکارە هاندەرانە بوون کە دەبوونە هۆی خێزان پێکەوەنان). بۆیە پێکەوەنانی خێزان دوور بووە لە خۆشەویستی و مامەڵەیەکی باوک سالاریانەی لەگەڵدا کراوە و پەیڕەو کراوە، بەڵام لە سەردەمی ڕێنسانس دا جۆرێک تێڕوانین سەری هەڵدا بۆ مەسەلەی هاوسەری لە ڕێگەی خۆشەویستی یەوە و بە دوای ئەویشدا شۆڕشی فەڕەنسی و ڕۆشنگەری دیدگای نوێیان بۆ ژیانی هەستەوەری و هاوسەری هێنایە ئاراوە. چونکە ئەو گۆڕانکاریانە هەموویان کاریگەری قوڵیان هەبوو لەسەر بیری ئایینی و دەسەڵاتی ئایینی و ڕوانینی ئاین بۆ مەسەلەی هاوسەری. ئەو کاریگەریەش ڕەنگدانەوەی زۆری هەیەو بۆ مەسەلەی



هاوسەری و دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ بۆ پڕۆسەی هاوسەری و لە چوار چێوەی خۆشەویستی داو جیا لە بەرژەوەندی تایبەتی. گەرچی ناتوانین بڵێین بە تەواوی دوای ئەو گۆڕانکاریانە مەیلی دەسەڵات خوازی پیاو مەیلی سێکس کۆتایی هات و هاوسەر گیری لە سەر بنەمای خۆشەویستی بووە ڕێگا چارەی بێ بەرامبەر. بەڵکو ئەو مەیلە دەسەڵات خوازو سێکس خوازە دوای گۆڕانکارییەکانیش ڕۆڵی خۆیان هەبوو بۆ دیاری کردنی ژیانی هاوسەری و، بەشێک لە پیاوان لە ژێر ناوی خۆشەویستی دا بەو کارانە هەڵدەستان، واتە زۆر ترین کات هەتا سەردەمی سەرهەڵدانی خۆشەویستی ڕۆمانتیکیو تەنانەت لە سەردەمی ئەویش دا لە سەرەتاوە هاوسەر گیری ڕەهەندێکی سێکسیانەی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبازە لە دیوێکی ترەوە سەیری خۆشەویستی و هاوسەر گریان دەکرد و بگرە خۆشەویستیان لە دەرەوەی هاوسەرگیریدەبینی. جلال ستاری لە بارەی ڕوانگەی ئەو ڕێبازەوە دەڵێت[15] (ڕەچەشکێنانی ئەم ڕێبازە لەو بڕوایەدا بوون خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەبێت لە دەرەوەی چوار چێوەی ژیانی هاوسەردا ریەوە بێت و ڕەنگە باشتریش وا بێت لە دەرەوەی کۆمەڵگا و بەدەر لە هەر پێوەرێکو ڕێوەڕەسمێکی کۆمەلاَیەتیش بێت). لەو قۆناغە بەدواوە جیاوازی دەکەوێتە نێوان پرۆسەی هاوسەری و ڕوانین بۆ خۆشەویستی لە ئاراستەی باوی ئایینی و پیاو سالاری دەردەچێت و دەیەوێت هەموو سانسۆرەکانی سەر هاوسەرگیری و خۆشەویستی لابچێت و تەنانەت سنوری کۆمەڵگاو خێزانیش ببەزێنێت و پەیوەندیەکی دوو لایەنەی سەربەخۆ وەربگرێ، چونکە پەیوەندی هاوسەری وخۆشەویستی پرۆسەیەکی سۆزداری دوو لایەنەیەو نابێت

هیچ هێزو یاساو دەسەڵاتێک دەست بخاتە ناو ئەو پرۆسەیەوە. هەڵبەتە ئەو گۆڕانکاریە پەیوەندی بە پێشکەوتنی زیاتری بیری مرۆڤایەتی یەوە هەبوو، چونکە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆشەویستیان، بە تەنها بە سێکس دەزانی، یان بەمانایەکی تر لە خۆشەویستی هەر تێنەگەیشتبون و هاوسەریشیان لەبەر خاتری چێژی سێکسیی و سونەتی ئایینی و کۆمەڵایی‌دەهێناو، دوا تریش بەرژەوەندی مڵکداریێتی، کە ئەوانە هیچیان پەیوەندیان بەخۆشەویستی یەوە نەبوو، بگرە ئەو دووانە (ژن و مێرد)، زۆرینەی ژیانیان بە ساردی و سڕی و بەبێ خۆشەویستی دەگوزەراند، بەبێ ئەوەی بتوانن لەیەکدی جیاببنەوە، چونکە ئەوە یاسای هاوسەری تەقلیدی کۆمەڵگا بە سەری دا سەپاندبوون.

## *خۆشەیستی لەسەردەمی بەر لەڕۆشنگەریدا*

لەباسەکانی پێشوردا ئاماژەمان بۆ ئەو گۆڕانکاریانە کرد، کە بەسەر ڕوانین بۆ هاوسەری و چەمکی خۆشەویستی دا هاتوە، لێرە دا ئاماژە بەڕۆڵ و کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانە دەدەین کەدوای ڕێنسانس و شۆڕشی فەڕەنسی هاتە هاتەئاراوە، چی ئاراستەیەکی وەرگرتوە و ؟ تاکەکانی کۆمەڵگا لەدوای فراوان بوون و بوار ڕەخسانی زیاتر بۆ مەسەلەی پەیوەندی و خۆشەویستی و هاوسەرگیری، ئەو ئاڕاستەیە بەکوێ دەگات؟

یەکێک لە خزمەتە گەورەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، کە بە کۆمەڵگای خۆرائاوای کرد جیاکردنەوەی ئایین بوو لە دەوڵەت و



دەسەڵات،کە ئەمەش سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ببنە خاوەنی کەستی خۆیان، پێناسە بۆ شتەکان و کۆمەڵگاو دەورو بەربکەن، بەبێ دەست تێوەردانی ئایین لە مافە تایبەتیەکانیان، بە کورتی ئینسان بووە خاوەنی هێزو ئیرادەو بڕیار دانی خۆی.

ئەوەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر کەسێتی مرۆڤ و سایکۆلۆژیەتی کۆی ئینسانەکان، کە ئیدی دەتوانن ئازاد بن لە جۆری بیرکردنەوەو بردنە پێشی ژیانی تایبەتی خۆیان. ئەم گۆڕانە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی کردە سەر ژیانی هەستەوەریانەی مرۆڤ و زیاتر بیری مرۆڤی فراوان کرد بۆ ئەوەی بیر لەشتە تایبەتەکانی بکاتەوە، بە مانایەکی تر ئیدی بیر کردنەوە حەرام نەبووە، تەنانەت تاڕەخنەگرتن لە پیرۆزیەکانی ئایین، ئەو گۆڕانکاریەش ڕێک پێچەوانەی ئەو گوتانەی فلمەر بوو کە دەیگوت[16] (مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک نابن)، بەڵام لەوسەردەمەدا چەندان بیرمەندی وەک (ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر)، بەو پەڕی جورئەتەوە بانگەشەی ئازادی مرۆڤەکانیان دەکردو ئەو ڕاستیەیان دەسەلماند کە مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و دەستورو دەسەڵات و ئاینەکانە ئازادی مرۆڤەکان زەوت دەکەن، ئەو بیرمەندانە تا ئەوپەڕی بەرگریان لە ئازادی دەکردو، دوای ئازادیان بۆ هەموو مرۆڤەکان دەکرد بەبێ جیاوازی، دیارە ئەو بۆچوونانە هەموویان کاریگەری قوڵیان هەبوو بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بە ئاراستەی بەرگری کردن لە ئازادی و بە دەست هێنانی ئازادی تێبکۆشن، بوونی ئازادی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئازاد بوونی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی یشەوە و مرۆڤەکان لە گرێ حەرامە و ترسی ئاینی ڕزگار دەکات و سەرەتایەکیش بوو بۆ ئەوەی هاوسەری

لەسەر بنەمای خۆشەویستی دەست پێبکات بەبێ بەرژەوەندی و ژیانی هاوسەری لەسەر بڕیاری هەردوولا (ژن –پیاو) پێک بێت بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی و ئەو دابڕانەی بە ناچاری تێڕوانینی کۆن لە نێوان (ژن – پیاو) دا دروستی کردبوو، کەبوە سەرچاوەی ئازارو نامۆ بوون بەرەو پوکانەوە بچێت. چونکە کاتێک (ئادەم – حەوا) لەیەکدی جیابوونەوە بەهۆی خواردنی میوەی هۆشیاری، بەپێی ئەفسانە کە بەر لەیەکدی جیا بوونەوە لە ژیانێکی زۆر خۆش دا ژیاون، بەڵاّم کە لەیەکدی جیا بوونەوە ئیدی شەرم و ترس سەری هەڵداو هەستیان بە گوناه کرد، ئیدی لەوە بەدواوە بە دوای یەکگرتنەوەی نیوەکەی تریان دا دەگەڕان، تا لە تەنیایی و کوشندەیی ڕزگاریان بێت و کۆتایی بە ترس و شەرم بهێنن و جارێکی تر لە ڕێگەی عەشق و خۆشەویستی یەوە یەکگرتنەوە ڕوو بدات. فرۆم دەڵێت[17] (کاتێک ژن و پیاو هۆشیاری سەبارەت بەخودو ئەوی دی پەیدا دەکەن، لە ڕاستی دا، لە تەنیایی خۆیان، لە جیاوازی خۆیان لە گەڵ ڕەگەزەکەی تریش دا دیسان ئاگادار دەبن، وە لەهەمان کاتدا کە جیاوازی خۆیان دەست نیشان دەکەن، لە بەرامبەر کۆمەڵدا دەکەونە ڕەوشی نامۆ بوونەوە، لەبەر ئەوەی هێشتا نازانن کە خەڵکی تریان خۆش بوێت ((هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە ئادەم هەوڵ دەدات،لە بری بەرگری کردن لە حەوا، بەسەرزەنشت کردنی ئەو بەرگری لە خۆی بکات)) هۆشیاری سەبارەت بە جودایی مرۆڤایەتی، بەبێ هۆشیاری سەبارەت بەدووبارە یەکگرتنەوە بە هۆی عەشقەوە، سەرچاوەی شەرم، لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی گوناهو پەشێویە). گەڕانەوە بۆ خۆشەویستی و یەکگرتنەوەی مرۆڤەکان لە



ڕێگای سۆزداریەوە ئەو ڕاچەنینە بوو، کە لە دوای شۆڕشی فەڕەنسی یەوە (نێر و مێ) زۆر هۆشیارانە باوەشیان پیاکردەوە، چونکە هەستی کوشت و بڕ و تاکگەریی و نامۆ بوون سەرچاوەیەکی زۆر ئازارەکانی مرۆڤ بوو، بۆیە هۆشیاری کاریکردە سەر سایکۆلۆژیەتی تاکەکان (ڕەنگە هۆکارێکی تریشیان دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بووبێ)، کە هەمیشە دوای ئازادی و یەکسانی و برایەتیان دەکرد، ئەویش لە کۆنەوە تا ئەو سەردەمە یەکەمین شۆڕش بوو دروشمی یەکسانی نێوان (ژن و پیاو) بەرز بکاتەوە، بەر لەوە ژنان هیچ مافێکیان نەبوو تەنانەت وەک مرۆیش سەیر نەدەکران. هەڵبەتە شۆڕشی فەڕەنسی چەخماخەیەکی زۆر بە هێزو کاریگەر بوو بۆ ژیانی هەستەوەرانەی مرۆڤ و خۆشەویستی و لەدایک بوونی داستانە گەورەکانی خۆشەویستی (لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا دێمە سەر داستانە گەورەکانی عەشق و خۆشەویستی لە ڕێنسانسەوە تا دوای شۆڕشی فەڕەنسی و قسەی لەسەر دەکەم)، کە ئەو داستان و چیرۆک و ئەدەبیاتە، چەند کاریگەری هەبوو لە ڕووی کەسێتی و سایکۆلۆژیەوە لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگا و ڕێگایەک بوون بۆ لە دایک بوونی هەستی نوێ بۆ خۆشەویستی، لەلای تاکەکان.

لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا، کە لە ژیانی مرۆڤایەتی دا ڕووی دا بەهۆی پێشکەوتنی زانست و زانیاری، ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستیش چەندین هەنگاوی گەورەی نا بەرەو پێشەوە، بەڵاّم حەرامیەتی خۆشەویستی لە زۆر شوێنی دنیا بەهۆی بوون و پەیوەست بوون بە کەلتوری ئایینی یەوە، وەک خۆی مایەوە و لە زۆر شوێن مومارەسەکردنی خۆشەویستی تەنها یەک لایەنە بوو پیاوان بۆ یان

هەبوو خۆشەویستی بکەن و ژنانیش ئەو کارەیان بکردایە و ئاشکرا ببوایە دووچاری گەورەترین سزا دەبوون، چونکە ژنان مافی ئەوەیان نەبوو هەستەکانی خۆیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەربڕن و مومارەسەی خۆشەویستی بکەن، ئەم ڕوانگەیە، لە ئێستا داله زۆرێک لە وڵاتانی دنیا، کە خاوەنی کەلتوری ئایینی و خێڵەکین گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووەوە باوەو ژنان لەسەر خۆشەویستی دەکوژرێن و سزا دەدرێن... تەنها کاتێک ئەو تێڕوانینە بۆ خۆشەویستی دەگۆڕێ کە ئایین لە دەسەڵات جیا بکەیتەوە و ئازادی تاک بەبێ جیاوازی ڕەگەزی فەراهەم بکرێ. ئازادی خۆشەویستی و هاوسەری وەستاوەتەوە لە سەر هەوڵ دانی تاکەکان، بەبێ گوێ دانە دەسەڵاتی باوک سالاری و پاشا و میر و ئایینەکان و دیارە ئەو کارەش قوربانی دەوێت، ئەگەر نا هیچ یەکێک لەو دەسەڵاتانە دەست بەرداری ئازادی خۆشەویستی نابن و دژی هەر جۆرە ئازادیەکی فەردین، دەسەڵات دارەکانی ئەو سەردەمەی ئەورووپاش زۆر بە توندی دژی ئازادی و یەکسانی بوون و ئەگەر کچەکەیان حەزی لە کوڕێکی هەژار بکردایە، کوڕەکەیان دەکوشت، بەڵام هۆشیاری گەیاندنی بە شکاندنی تەوقەکانی کۆیلەیەتی و ئیدی هیچ هێزێک نەیتوانی بەری پێشکەوتن و ئازادی خۆشەویستی بگرێ، یەکێک لەو نمونانەی ئەوسای ئەورووپا، باسی قوربانی دان دەکات لە پێناوی خۆشەویستی دا، وەک لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین[18] (جیسمۆند کچی تانکریەی پاشای سالیرتۆ دەکەوێتە دوای خۆشەویستی جیسکاردۆوە، کە یەکێک بووە لە یاساوڵە وە جاخزادەکانی باوکی، جیسمۆندی شا کچ بە دەیان میرو ئاغا و بەگی قۆزو دەسەڵاتداری دەبینی، کە هەموو لەخوایان دەویست پێیان



قایل بێت، بەڵام کەس وەک جیسکاردۆ تەلی دڵی نەهەژاند، چونکە نەک هەر لاوێکی شۆخ، بەڵکە زیرەک و وریا و خاوێن و دڵپاک و دڵسۆزیش بوو، کە پاشای باوکی لە ڕقانا جیسکاردۆی نەدارو نەناسراوی کوشت لە جامێکی زێڕدا دڵی بۆی نارد، جیسمۆند دوای ئەوەی هەر لەو جامەدا ئەو زەهرەی ئامادەی کردبوو خواردیەوە و بەر لەوەی چاوە گەشەکانی لێک بنێت ڕووی دەمی کردە پاشای باوکی و پێی گوت !

باوکی بەڕێزم ! ئێمە هەموومان بەرهەمی یەک دەست و یەک کەرەسەین... چاکەو ڕەوشت جیا کەرەوەی یەکەمی مرۆڤن یاسا بائەوەی لەیاد کردبێت، بەڵام سروشت هەرگیز لە یادی ناکات... باوکی بەڕێزم گەر بەسەنگی ڕەوشت و چاکە ئەوانەی دەوروبەرت بکێشێت دەبینێت کەسیان ناگاتە قوڵە پێیی جیسکاردۆ....هەژاری. باوکی بەڕێزم، لە سامان و پارەوپوول بێ بەریمان دەکات، بەڵام ناتوانێت دەست بۆ ئابرومان ببات )....

ڕەتدانەوەی خواستەکانی باوک سالاری ودەسەڵات و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشەی زیاتری دا بە لەدایک بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە و فیداکاری لە پێناویدا، تا ئاستی گیان بەخشین، بەمەش خۆشەویستی سنورەکانی دەسەڵات ئابڕو پارێزی دەبەزێنێت و هەموو ئەو ڕێگایانەی،وەک سنورێک بۆ دژی خۆشەویستی بەناوی ئا بڕوپارێزیەوە دروست کرابوو بەرەو پوکانەوە دەچوون، چونکەئەوانەی خۆیان بە پارێزەری ئاپڕودا دەنا، هەمیشە خۆشەویستی‌یە پاکەکانیان لەناو دەبردو هەر خۆشیان سەرچاوەی یەکەمی شکاندنی ئابڕو بوون، کاتێک مرۆڤەکان لەو پەری

ڕاستگۆییەوە خۆشەویستی دەکەن،ئیدی سامان و دەسەڵات وخێزانی تەقلیدی ڕەت دەکەنەوە و دوای گەیشتن بە ئاکامی خواستەکانیان دەکەون وگوێ بە هیچ ڕێگریەک نادەن، ئەمە ڕەوتێک بوو لە سەردەمی ڕێنسانسەوەو هەتا سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی درێژەی کێشاوە گەر چی کەمیش بووە، بەڵام کاریگەری خۆی هەبووە، بۆ ئەوەی ئەو ڕەوتە لە خۆشەویستی کردن فراوان بێت و ڕێگای خۆی بگرێت... ئەوەش زەربەیەکی کوشندەی دا نەلەیارانی ئازادی خۆشەویستی و عەقلّیەتی ئاینی و پیاو سالاری و دەروازەکان فراوان بوو بۆ ئەوەی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و بیرمەندانی ئەو سەردەمە قسەی جدی لەسەر یەکسانی و ژیانی هاوسەری و خۆشەویستی بکەن و تەواوی ئەو ڕێگریانە ڕەخنە بکەن و هەوڵی ئاشنا کردنی کۆمەڵگا بدەن بەوەی، کە خۆشەویستی نەدەسەڵات و سامان وئایین دەناسێ، بەڵکو ئاوێزان بوون و تێکەڵ بوونی هەست و سۆزی دوو ئینسانەو هیچ شتێک دەوری تیانابینێ، تەنها خودی ئەو دوو مرۆڤە خۆیان نەبێت پرۆسەی خوێنەواری و هۆشیار بوونەوە دەوری کاریگەری گیڕا، بۆ ئەوەی کۆتایی بە عەقلّیەتی کۆنخوازی و ناهەمواری ژیانی خۆشەویستی بهێنێنت، بەتایبەتیکە ژنان تیایدا دوچاری گەورەترین ئازاری دەرونی و جەستەیی دەبوون، لە کاتێکدا ئەوان سەرچاوەی یەکەمی بەخشینی خۆشەویستی بوون، هەروەک لە بەشەکان پێشودا لەسەر خۆشەویستی دایکان (ژن) قسەمان لەسەر کردووە کە دایک سەرچاوەی یەکەمی فێرکردنی خۆشەویستیە بۆ نەوەکان، بەڵام دوایی نەوەکان دژی ئەوەن کە ژنان بە ئازادی خۆشەویستی بکەن و دەیان کەنە قوربانی خواستەکانیان و هەزارو یەک پاساوی ئەخلاقی و



ئایینی کۆمەڵایەتی دەکەنە سنور لەبەردەم هەستەکانیاندا دەنێن و دادگایی دڵی ئەوانی پێدەکەن، بەڵام شۆڕشی فەرەنسی ئەو تەوقانەی شکاندو ژنانی هۆشیار کردەوە کە دەتوانن، ئەگەر بەقوربانی دانیش بێت دژی ئەو ئاکارو دەسەڵاتە بوەستنەوە تا بە ئاکامی خۆشەویستی و هەستەکان دەگەن.

قوناغەکانی دواتر و سەردەمی ڕۆشنگەری و دوایی ئەویش ئیدی خۆشەویستی نەدەشاردرایەوە تاکەکان بەو پەری ئاگاییەوە مومارەسەی خۆشەویستیان دەکرد و بۆ سەرکەوتنیشی هەموو ڕێگاکانیان دەگرتە بەر و دژی هەر جۆرە سانسۆرو یاسایەک دەوەستانەوە، کە هۆکاری بەیەک نەگەیەشتنی خۆشەویستیەکەیان بێت، بۆیە زۆرترین داستان و شیعرو چیرۆک......هتد دژی کرداری ئایین و دەسەلات و پیاو سالاری هاتە بوون و بڵاو کرانەوە، گەر چی لەپشت ڕۆشنگەری وشۆرشی فەڕەنسیدا و لەسەردەمی ڕێنیسانسیش دا هەندێ نووسەرو شاعیر لەبارەی خۆشەویستییەوە قسەیان کردووەو ڕەخنەیان لە پاشا ومیر و کلّێسا گرتووە، بەڵام لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا بە شێوەیەکی زۆر فراوانترو توندتر ڕەخنەیان دەگرت، چونکە یەکێک لە ڕێگریە توندەکان کە ئایین بوو لەسەر ژیانی خەڵکی، لەدەسەڵات جیا کرایەوەو تابۆکان بەناوی شەرەف پارێزی و باڵا دەستی ئایینی بۆردیان لە ناو خەڵکیدا لاواز بوو، ئەگەر لە پێشتردا بە پاساوی ئاینی ڕێگریان لە خۆشەویستی دەکرد و هاوسەریان بە پێی ڕێنماییەکانی ئایین جێبەجێ دەکرد، بەڵام دواتر دوو کەسە خۆیان.بڕیاردەری چارەنوسی خۆیان بوون، بۆیە تەواوی ئەو نوسینانەی دەربارەی ئازاد بوونی خۆشەویستی و ژیانی

هەستەوەری دەدوان، ئەو هەنگاوانە دیدو ڕوانینی جۆراوجۆری لەبارەی ژیانی هەستەوەری وخۆشەویستیو هاوسەری هێنایە ئاراوە،گەرچی بەشێکیان لەسەردەمی نوێش دا دژی پەیوەندیو ئازادی خۆشەویستی ژنان و پاساو ئاینیان بۆ دەهێنایەوە و بە ناوی شەرەف پارێزی و تێک چوونی شیرازەی کۆمەڵ و داوێن پیسیەوە ژنانیان مەحروم دەکرد لە ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی، بەڵام بەشەکەی تریان کەسەر بەڕەوتی نوێ ژیانی نوێ بوون، تا ئەوپەری ئازادی لایەنگریان لە ئازادی خۆشەیستی دەکرد بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەزی و بەمافی بێ‌ئەم لاو ئەولای (نێرو مێ) یان دەزانی کە مومارەسەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی بکەن و دژی هەر جۆرە ڕێگرییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و خێزانی ومۆڕاڵی بوون و خۆشەویستیان بە مافێکی زۆر سەرەتایی بێ ئەم لاو ئەولای مرۆڤەکان دەزانی، چونکە ئەو ڕەوتە نوێیە لە ژێر کاریگەری ئەو چەمکەدا بوون کە (مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک دەبن) وە دەبێت ئازادیش بن لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان، بۆیە لەسەردەمی نوێدا زۆرترین دەنگەکانی بەرگری کاری ئازادی ژیان و خۆشەویستی و هەڵبژاردنی هاوسەر بوون و ئەمەش کاریگەری زۆر ئیجابی هەبوو لەسەر ژیانی هەستەوەری وخۆشەویستی بە تایبەت لە خۆرئاوا و ڕەوتێکی نوێ خواز و پێشکەوتنی لە ژیانی کۆمەڵگا هێنایە ئاراوە، بەڵام خۆرهەڵات و وڵاتانی ژێر کاریگەری قورسی کەلتوری ئاینی و دەسەڵاتی خێڵ و پیاو سالاری کەمترین کۆرانکاری بە خۆیەوە نەبینی.



## دوو دیدی جیاواز بۆ چەمکی خۆشەویستی.

لە دوایی شۆرشی فەڕەنسی و سەردەمی رۆشنگەریدا، دوو دیدی جیاواز و لێک دژ بۆ چەمکی خۆشەویستی و سۆزداری سەر هەڵدەدەن و بەپێی بۆچونی خۆیان خوێندنەوەی کۆمەڵگاو دیاری کردنی ئەو پەیوەندیە دوو جەمسەرییەی مرۆڤ دەکەن و سنورەکانی خۆشەویستی و حەرام و حەڵاڵ بوونی دیاری دەەکەن.

دیدی یەکەمیان کە سەر بە رەوتی کۆنخوازی مێژویی و ئایینیو پیاو سالاریەو بەرگری لەوە دەکات کە خۆشەویستی بە تەنیا مولکی پیاوانە و دیاری کردنی چارەنووسی هاسەریش تەنها بەدەست پیاوانە، پێناسە کردووەو زۆرترین پاساوەکانی لایەنگرانی ئەم دیدە کۆنخوازە بۆ چەمکی خۆشەویستی، لەو ترسە گەورەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەگەر ژنان ئازاد بن و بە ئارەزوی خۆیان خۆشەویستی بکەن، ئیدی ئەمان ناتوانن ڕامیان بکەن و فەرمانەکانی خۆیانیان بەسەردا جێبەجێ بکەن و، وەک کێڵگەیەک بۆ بەرهەم هێنانی منداڵ و دامرکاندنەوەی ئارەزوو سێکسەکان دوور لە هەر جۆرە هەستێکی ئینسانی بەکاریان بهێنن، بۆیە کەوتنە هێنانەوەی پاساوی ئاینی و داوایان لە ژنان دەکرد کە سەر پێچی لە فەرمانەکانی ئایین نەکەن و خودا خۆی دیاری کاری چارەنوسی ئینسانەکانەو هەر ئەویش مرۆڤەکان بەیەک دەگەیەنێت، هەر شتێک لە دەرەوەی ویستی خودا بێت گوناهو تاوانبار بوونە و زۆر جاریش دەیان ووت داوین پیسیەو دەسەڵاتی پیاویش بەسەر ژناندا خودا دیاری کردووەو تێکستە ئایینیەکانیشیان دەکردە پاساوی ڕەسمی

خۆیان، لەبەر ئەوەی لە دیدی ئەوان دا پیاوان خۆیان بە خاوەنی ژنان دەزانی، وەک هەر کاڵایەکی تری ناوماڵەکەی خۆی و ژێر دەسەڵاتی خۆی سەیری دەکرد،و لەو کاتەشدا ژنان بۆیان نەبوو هیچ جۆرە نارەزاییەک دەربڕن، چونکە دەرچون لە فەرمانی پیاو دەرچوون بوو لە ئاین و ئەمەش سزای توندی لەسەر بوو، لەوەش واوە تر چارەنوسی رەگەزی (مێ) لەناو خێزان بە گشتی لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا بوون، وە پیاو بۆی هەبوو کچەکانی بدات بە هەر کەسێک کە خۆی دەیەوێت نەک کچەکە، بەمەش بە هەموو شێوەیەک خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەریان لە ژنان سەندبووەوە، ئەو بۆچونەش بە تێکستی ئاین و پیاوانی ئاین پشت راست کرابووەوە، کە ژن لەناو خێزاندا جێبەجێکاری فەرمانەکانی پیاوە، چونکە خودا پیاوی بە گەرەتر لە ژنان داناوەو بۆیە هەقی پیاوە فەرمان دەربکات، ئەو بۆچونەش لەسەردەمی ئایین و سەرەتاکانەوە نەوەدوای نەوە بە دەرس و ئامۆژگاری بە کۆمەڵگای نێر سالاری وتراوەتەوەو لەسایکلۆژیەتی تا کەکاندا جێگیر کراون، لەو بارەیەوە ئەرستۆ زۆر راشکاوانە ئامۆژگارییەکانی ئایین دەڵێتەوەو پێی وایە سروشتیە پیاو فەرمان دەربکات و دەڵێت[19] (سروشتیە پیاو فەرمان دەربکات وژنەکەش ملکەچیبێت،لەبەرئەوەی رەگەزی نێر لەمێینە باشترە بۆسەرکردایەتی کردن، کەواتە دەسەلاتداریێتی پیاو بەسەرئافرەتدا مەسەلەیەکی سروشتی یە).ئەوروانگەیەژن هەرگیز, وەک بونەوەریکی ئینسانی سەیرناکات وهەمیشەلەخوار ئینسانی بونەوە دەیبینێوفەرمانی بەسەرداەردەکات. ئیدیچۆن ڕێگا یان پێبدەن خوشەویستی بکەن بەئارەزووی خۆیان چارەنوسی هاوسەری دیاری بکەن



و, دیسان لەلای ئەودیدە ژن لاوازو کەم توانایە بۆیە نابێت خاوەنی بڕیار بێت و دەبێت بڕیاری بۆ بدەن. لۆک دەڵێت[20] (دەسەڵاتی باوک لە نێو خێزان: بریتییە لە دەسەڵاتی نێر پیاو، ئەوەش دەسەڵاتێکی سرو شتیەو لە بنچینەدا پشت بەباڵ دەستی نێر دەبەستێت بەسەر مێینەدا، ئەوەیش باڵ دەستیکە ڕەگ و ڕیشەی لەو جیاوازیە سروشتی یەی نێوانیاندا هەیە، لەبەر ئەوەی ئافرەت ڕۆڵی بەرهەم هێنانی منالّ لە ئەستۆ دەگرێت). ڕوانینی باوکسالارایانە بۆ مەسەلەی ژنان و خۆشەویستی لە سەرەتای مێژووی دروست بوونی یەوە خاوەنی هەمان گوتاری خۆیەتی بۆ ژنان و مەسەلە تایبەتیەکان و ئەوانەی سەربەو ڕوانگەیەن هەموو پاساوەکانیان، هەمان گوتاری سەرەتایە کە ئامۆژگاریەکانی ئاین و خێلّ و باوکسالاری جێ بەجێ دەکەن و ناشتوانن بەبێ ئەو پاساوە هیچ قسەیەک لەسەر ژنان و مەسەلەی خۆشەویستی بکەن و دژی هەر بۆ چوون ڕوانگەیەکی زانستی و عەقلانی و هیومانستی دەوەستنەوە، کەباوەڕی بە ئازادی خۆشەویستی بۆ ژنان هەبێت و بە مافی بێ ئەملاو ئەولای ژنانیشی بزانێ، چونکە ئەوان بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی باوک سالاری، جگە لەوەی ژنانیان بە موڵکی خۆیان زانیوە بازرگانیشیان پێوە کردوون و بەئارەزوی خۆیان کڕیویانن و فرۆشتویانن، بۆیە کاتێک ژنان ئازاد بن لەدیاری کردنی چارەنوسی خۆیان و خۆشەویستی کردن، ئەوا بەرژەوەندی پیاوان و دەسەڵاتی زۆرە مێلیان بەسەر ژنان دا کۆتایی دێت. هەر بۆیە لایەنگرانی ئەو دیدە زۆر بە توندی دژی ئازادی خۆشەویستی ژنان وەستاون و بەدەرچون لە فەرمانی یەزدانیان داناوە و ئەمانی پیاویش لە جێگەی یەزدان سزای توندیان بەسەردا سەپاندوە،

بۆیە زۆر بە توندی سنوریان بۆ ژنان داناوە و چاودێریان کردوونەبادا کەسێک بچێتە دڵیانەوە و خۆشەویستی لەگەڵ دا بکەن، ئەوسا ڕیسکەی پیاوی ناو خێزان و دەسەڵاتە وەهمیەکەی ئایین ئاشکرا دەبێت و ئەم ناتوانێت بەئارەزووی خۆی چارەنووسی دیاری بکات و بیداتە پیاوێک کە خۆی هەڵی دەبژێرو بڕێک پارەش لەسەری وەردەگرێ، بۆیە مافی بەشودانی کچ لەدەستی باوکی ناو خێزان دا بووەو بە هیچ شێوەیەک پرسی پێ نەکراوە. لۆک دەڵێت[21] (باشە چ بەڵێننامەیەک لەگەڵ ئەو کەسەدا ئیمزا دەکەیت کە ژیانی خۆی لە دەستی خۆی دا نی یە). وەک ئاماژەم بۆ کرد لەدیدی پیاو سالاری و ئایینی دا هیچ جێگایەک بۆ ئینسانی بوونی ژن بوونی نی یە، ئەوجا چۆن ڕێگا بە خۆشەویستی و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر دەدرێت، لایەنگرانی ئەو دیدە تازەمە نی ئێستاش درێژەی هەیەو بەو پەڕی توندڕەویەوە دژی ئازادی خۆشەویستی و پەیوەندی دوولایەنەی (نێر و مێ) دەوەستن و ووتار دەدەن، کچان و ژنانیش لەسەر سەرپێچی کردن لەو فەرمانانە زیندە بەچاڵ دەکرێن، سەنگەسار دەکرێن تیرۆر دەکرێن.

دیدی دووەمیان تەواو دژی دیدی یەکەمیان دەوەستێتەوە و بگرە بەو پەڕی لۆژیک و عەقڵانیەتەوە لە چەمکی خۆشەویستی دەڕوانێ و بەر پەرچی هەموو ئەو بۆچونە کۆن خوازیانە دەداتەوە و خۆشەویستی بە مافی بێ ئەملا و ئەولای هەموو ئینسانەکان دەزانێ بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ئەو دیدەی کەدژی کۆیلەیەتی ژنان و مافی ئازادی خۆشەویستی بوو لەسەردەمی ڕێنسانسەوە دەست پێدەکات و بە شێک لە بیرمە ندانی ڕێنسانس بەو پەڕی ڕاستگۆیەوە دژی هەموو



کرداری کۆیلەیەتی ژنان بوون، بەمافی سەرەتایی ژنانیان زانیوە کە خۆشەویستی بکەن و بە ئازادی هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن بە تایبەت ئەو بیرمەند و شاعیرانە (دانتی – ئیرازمۆسی ڕۆتەردامی – بۆ کاشیۆ... هتد)، کە زۆر بوێرانە سەرزەنشتی پاشا و میرەکانیان دەکرد کە ئازاری خەڵکی دەدەن لەسەر خۆشەویستی، ئەو بیرمەند و شاعیرانەی ڕێنسانس دەورو کاریگەری زۆریان هەبوو بۆ نوسەران و بیرمەندانی سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و دواتریش ڕۆشنگەری و مەسەلەی خۆشەویستی و ئازادی هاوسەری دەگاتە لوتکەی خۆی و ئیدی ژنان بە ئاگا دێن کە مافی خۆیانە خۆشەویستی بکەن و هاوسەر هەڵبژێرن، ئەو گۆڕانکاریە کاریگەری زۆر گرنگی هەبوو، بۆ سەر هەستی تاکانەیی مرۆڤ، بۆ ئەوەی خۆی بناسێ و دەورو بەر بناسێ و لە پەیوەندیە تایبەتیەکانی خۆی تێبگات، ئیدی کەمێک هەژمونی باڵا دەستی پیاو لەناو خێزانە بە ئاگاو خوێندەوارەکاندا لاواز بوو بەرەو کاڵ بوونەوە هەنگاوی ناوە لە ناو خێزاندا فرە بۆ چوون لە بارەی خۆشەویستی و ژیانی هاوسەریەوە سەری هەڵداو خۆشەویستی وەک پەیوەندی سۆز گەریانەی نێوان دوو مرۆڤ سەیر دەکرێت و لەژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی فەرمانی باوک سالاری و تیئۆریزە بنەڕەتیەکانی ئامۆژگاری ئایینی دەردەچێت. ئەم دیدە نوێیە بۆ ژیانی خۆشەویستی و هاوسەر گیری قۆناغ دوای قۆناغ گەشەی زیاتری کردو ڕەوتی کۆنخوازیش، لە پاشەکەشی بەردەوام دا بوو، بۆیە کۆمەڵگا شارنشینەکان بەزۆری ئینتمای خۆیان بۆ ئەو جۆرە لە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەری دەربڕی و خەباتیان بۆ گەیاندنی ئامانجەکانیان دەکردو، ڕۆشنبیران و بیرمەندانیش، کە لایەنگری ئازادی

خۆشەویستی و هاوسەر گیری بوون بەوپەڕی جورئەتەوە شیکردنەوەکانی خۆیان ئەنجام دەداو بڵاویان دەکردەوە و لایەنە ئیجابییەکانی ئازادی خۆشەویستیان نیشانی کۆمەڵگا دەداو ڕەخنەی توندیشیان ئاڕاستەی پاشماوەی بیری کۆنخوازی دەکرد، بەمەش خۆشەویستی هەنگاوی نا بەرەو هەستی تاک گەرایی، واتە ئەو تاکە خۆی بڕیار دەری هەستەکانی خۆی بوو، بۆ خۆشەویستی و هاوسەری. ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت[22] (هەستەوەری و سۆزگەرایی تاک لەژێر دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵەو خزمان ڕزگاری بوو، ئەمەش بووە پایەی هاوسەر). دروست بوونی هەستی تاکگەریانە یارمەتی دەری چاک بوو بۆ سەر هەڵدانی فەلسەفەی هیومانیانە بۆ مرۆڤ و پەیوەندیەکان، بەمەش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکاری گەورەیان بە سەردا هات و زۆرینەی بۆچوون و ئایدیاکان دەبنە لایەنگری ئازادی خۆشەویستی و دیدی کۆن ڕەت دەکەنەوە، هەر ئایدیایەک بەپێ بنەما فکریەکانی خۆی قسەی لەسەر ئازادی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری کردوە و هەوڵیاندا ئەو چەمکە شی بکەنەوە لایەنە باشەکانی ژیانی تاک گەریی و خۆشەویستی گوزارشت بکەن. لەم ڕەوتەدا، جۆرێکی تر لە خۆشەویستی سەر هەڵدەدات، لەدەرەوەی ژیانی هاوسەری.

# بەشی دووەم

## خۆشەویستی لە سەردەمی نوێ دا

### خۆشەویستی لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نوێوە.

- خۆشەویستی لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نوێوە
- خۆشەویستی و هەستی تاکگەرایی و دروستبوونی مەترسی
- خۆشەویستی وەک مۆدێلێک لە کۆمەڵگای نوێدا
- ئازادی خۆشەویستی ئازادی ژن



کۆمەڵگای نوێ دوای ئەو گۆڕانکاریە گرنگانەی لە بواری ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی دا هێنایە ئاراوە، بواری بۆ فراوان بوونی تیئۆرەکان لە بارەی خۆشەویستی یەوە گەیشتنی مرۆڤەکان بە هەستی تاکگەرایی فراوان ترکرد، ئەمەش دەروازەیەک بوو، بۆ

دروست بوونی بزوتنەوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی بەرگری کردن لە مافەکانی ژنان و بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری، کە کاریگەری قوڵ و بەهێزی لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و چەمکی خۆشەویستی دانا و ڕوانگە باو تەقلیدیەکانیش بەرەو پاشەکشەکردن ملیاننا.

ئەگەر لە سەردەمی کۆن دا خۆشەویستی تەنها بۆ چینی باڵا دەست و لەزەتی سێکسی بوو بێت، ئەوا خۆشەویستی لە سەردەمی نوێ دا، هەموو پێگە کۆمەڵایەتی یە کۆنەکانی پێشوی تێکشکان و بووە هەستێکی تایبەتی تاکەکان، بەبێ جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و هەژار و دەسەڵات و بێ دەسەڵات، لە سەردەمی نوێدا خۆشەویستی: بریتی بوو لە وەفاداری و ڕێزگرتن و ئازادی مومارەسەکردنی، ئەمەش بەسەرەتای گەڕانەوەی مافی تاک دادەنرێت و تاکەکان دەتوانن پراکتیکی هەستەکانی خۆیان بکەن، کە خۆیان هەڵیدەبژێرن و هیچ کەسێک ناتوانێت دەست بخاتە ژیانی تاکێتی ئینسانەکانەوە، بە تایبەت هەستی سۆز گۆڕینەوە و خۆشەویستی، کە تایبەتی ترین و سەرەتایی ترین مافی ئینسانەو بە تەنها، ئەو دوو تاکە دەتوانن تێبگەن و مومارەسەی بکەن. ئەوەش بە گۆڕینەوەی هەستی دوو لایەنەی ئینسانەکان دەبێت، هیچ کاتێکیش خۆشەویستی کردن بەبێ وەڵام دانەوەی بەرامبەر نابێت، خۆشەویستی تاک لایەنە، هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە، بگرە ناتوانین ناوی خۆشەویستی لێ بنێین، لەگەڵ ئەمانەش دا زۆرجار ڕێک دەکەوێت کەسێک لەلای خۆیەوە کەسێکی تری خۆش دەوێت، بەڵام کەسەکەی تر بە هەستەکانی ئەم نازانێت، بەم جۆرە خۆشەویستی یە دەوترێ



خۆشەویستی یەک لایەنە و ئاکامێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، بۆیە خۆشەویستی بەبێ بوونی بەرامبەر و وەڵام دانەوەی مانایەکی نابێت، مارکس دەڵێت[23] (ئەگەر خاڵی دەستپێکردنی ئێوە، ئەوە بێت کە مرۆڤ مرۆڤە و پەیوەندیی لەگەڵ جیهاندا مرۆییە، بەم پێ یە تەنها دەتوانین بە خۆشەویستی لە خۆشەویستی و بە متمانە لە متمانە و هتد... بگەیت، هەرجۆرە پەیوەندیەکی ئێوە لەگەڵ خەڵک و – سروشت– دا دەبێ گوزارشتێکی تایبەتی لە حەقیقەتی خودی ئێوە و لە ژیانی فەردیی وا بەستە بە ئامانج و مەبەستەکانی ئێوە بێت، ئەگەر کەسێکت خۆش بوێ، بەڵام نەتوانین خۆشەویستی تێدا ببزوێنین، واتە ئەگەر خۆشەویستی ئێوە وا لەبەرامبەر نەکات بە خۆشەویستی وەڵامتان بداتەوە، ئەگەر یەکێکت خۆش بوێ بەڵام نەبیتە مایەی خۆشەویستی لای ئەو: ئەو کات خۆشەویستی یەکەتان بێ دەسەڵاتە و ئەنجامەکەی ناخۆشی یە).

ئەو گوزارشت کردنەی مارکس بۆ هیومانی بوونی چەمکی خۆشەویستی دەرخەری سەرەتای دەست پێکردنی ژیانیnوێ و کۆمەڵگای نوێ بووە، چونکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەستی بەرامبەرو وەڵام دانەوەی بۆدروست کردنی خۆشەویستی دەبێتە مایەی بێئاکام بوونی و ئازاری دەرونی، ئەمەش ئەوخاڵە گرنگ و جیاوازەی کۆمەڵگای نوێ یە، کەهۆکاری ڕاستەقینەی کرانەوەی کۆمەڵگاو فراوان بوونی ئازادی خۆشەویستی و دروست کردنی سۆزداریە لەدەرەوەی دەسەڵات و ئایین و باوکسالاری، بەکورتی ئازادی خۆشەویستی بەبێ بوونی هیچ جۆرە چەپاندنێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیە ..

لەگەڵ ئەوانەشدا سەردەمی نوێ، سەردەمی ڕوانگەو شیکردنەوەی زانستی و عەقڵانی بوو، بۆ پەیوەندی خۆشەویستیو هاوسەری و چەندین بۆچوون لە بارەی جۆری پەیوەندیخۆشەویستی و هاوسەر گیریەوە تیئۆریزە کراو، وە ئاستەکانی بایەخی مرۆڤ بە ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی دیاری کرا. لەگەڵ ئەوەی گۆرانکارییە گەورەکانی کۆمەڵگای نوێ هەموویان هیوا بەخش بوون لەبارەی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندی خۆشەویستییەوە بەڵام هەستی خۆپەرستی بەتەواوەتی جێگای خۆشەویستی راستەقینەی نەگرتەوە، چونکی هێشتا سیستمی باوک سالاری و عەقلیەتی خود پەسەندی پیاوو لاوازی ژن، لەلای زۆرێک بونی مابوو بەتایبەتی رۆشنبیران، بیرمەندانیش. فرۆید دەڵێت[24] (ویژدانی ئافرەتان لە هی پیاوان لاواز ترە)ئەو ڕوانگەیە کە سەرچاوەی لە ئەفسانە کۆنەکان و ئایینەکانەوە وەرگرتووە لەسەردەمی نوێدا بۆردی خۆی لەدەست نەداو بگرە لە زاکیرەی خەڵکیدا بونی مایەوە, بە جیاواز لە دیدو تێروانینی نوێ بۆ پەیوەندی و خۆشەویستی، چونکە هەروا ئاسان نیە پیاو سالاری بتوانێت قبوڵی ئەوە بکات، کە ژنان وەک ئەو مرۆڤن و هەموو مافێکیان هەیە بە دیاری کردنی چارەنوسی خۆشیانەوە.

چونکە پیاوان ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ لە دەست دانی دەسەڵاتی تاک ڕەویی و هەژمونگەری خۆیان.بەبیانوی لاوازی عەقڵیو جەستەیی و ترسنۆکی‌یەوە، جارێکی تر هەوڵی خنکاندنی ڕوانگەی نوێ فراوان بوونی ئازادی ژنان و خۆشەویستیان دەدا، بەوەی کە ژنان واقعی نین و خۆیان ناتوانن ئیختیاری چاک بکەن. هاوشانی روانین و دیدی کۆنخوازی بۆ کۆمەڵگە بەڵام روانینی نوێ و دیدی نوێ بەرامبەر بەو



عەقڵە نالۆژیکی و نازانستیە گەشەیەکی زۆری کردو، خۆشەویستی بە ئاراستەی عەقڵانیو زانستی دا برد و ئاڕاستە دژ بەیەکەکان لە کۆمەڵگای نوێدا، زۆر جار کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ژیانی هەستەوەرانەیتاکەکان دادەنا و دەبووە هۆکاری ئازاری دەرونی- جستەیی و بەکارهێنانی توندی تیژی و ریگە گرتن لە خۆشەویستی، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە ئیدی ژیانی هەستەوەری گەرایەوە سەردەمی کۆنخوازی، بەڵکو ئەو ململانێ یە برەوی زیاتریدابە بەهێز بوونی وزەی ڕوو لە پێشی پێشکەوتن و گۆرانکاری لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و خۆشەویستیدا، ئەو وزەیە بەو پەڕی فراوانیەوە بە دەمارەکانی کۆمەڵگادا بڵاو بوەوە تاکەکانی کۆمەڵگای هاندا، کە خەبات و تێکۆشانی زیاتر بکەن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازادو سەربەست کە تیایدا ئازادییەکان بە گشتی و ئازادی خۆشەویستی بە تایبەت فراهەم بێت، ئەو هەنگاوەش تەاوی پێک هاتە کۆمەلایەتی و ئاینی و خێزانی‌یەکۆنخوازەکانی هێنایە لەرزەو بە ناچاری دەبوایە دەست بەرداری ئەندامانی خێزانەکانیان بن بە ئازادی خۆیان خۆشەویستی بکەن و هاوسەر دیاری بکەن. زۆرینەی ئەوەی کۆمەڵگای نوێ تا ئەو پەڕی دژی هەر جۆرە دەست تێوەردانێک بوون لە ژیانی هەستەوەری و پەیوەندی و خۆشەویستی. هەستی خۆشەویستی پاڵنەری سەرەکی بوو، بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر هەر جۆرە دەست تێوەردانێک لە ژیانی تایبەتی ئینسانەکان. ئەو پەیوەندیە لەسەر بنەمای تاکانەیی بەرەو گەشەکردن چوو لە کۆمەڵگای نوێ دا، بەبێ بوونی هەستی خودناسی و تێگەیشتن لە هەستەکانی

تاکەکانی گۆڕانکاری ئیمکانی نەبوو، چونکە ئەوەی نویێ بەهۆی فراوان بوونی هۆشیاری و ڕۆشنبیری توانیبویان لە هەستەکانی خۆیان تێبگەن و هەوڵی ناسینی هەستەکانی بەرامبەریش بدەن، ئەوە خاڵی گرنگی ئەو گۆڕانکاریە بوو لە ژیانی هەستەوەرانەی ئینسانەکان دا. لوومان دەڵێت[25] (ئەم گۆڕانە ئیمکانی نەدەبوو ئەگەر تێگەیشتن لە چەمکی تاکایەتی و بەخود بوون، برەوی نەسەندبا، چونکە تەنیا بەهۆی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی وەک تاکە کەس و سەربەخۆ لە کۆمەڵگا، دەیتوانی هەست بە خودی خۆی بکات و لە ئەنجامی ئەمەشەوە، بتوانێ دڵخوازی خۆی بە ئارەزووی خۆی سەربەستانە هەڵبژێرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژیانی هەستەوەرانە سەربەستی تەواوی خۆی نەبوو، بۆیە ناچار بوو لە دوائەنجامدا، لە ڕاوێژو عەقڵیەتی باو یاخی ببێت لەو هێڵە لا بدات کە کۆمەڵگا لە ناو ڕێنوومایییەکاندا بۆی کێشا بوو). تێک شکاندنی هێڵە سورەکانی ئامۆژگاری و سانسۆر توانی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری بەرەو قۆناغێکی نوێ تر بەرێت. بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا ئەو گۆڕانکاریانە بە ناچاری قبوڵ بکات، ئەو قبوڵ کردنەی پیاوانیش بە هۆی کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەوە بوو، کە بەسەر کۆمەڵگادا هاتبوو، ژنانیش بەشێکی زۆریان لە نەخوێندەواری و ناهۆشیاری ڕزگاریان بوو، وەبەشێکی باش لە نوسەران و ڕۆشنبیران بوونە لایەنگری ئازادی ژنان، کە خۆشەویستی کردن سەرەتایی ترین ئازادی بوو بۆ ژنان...

پشتیوانی کردن لە ئازادی خۆشەویستی هاندەرێکی جدی بوو بۆ ئەوەی ژنان چوار دیواریماڵەوە ببەزێنن و بچنە ناو کۆمەڵگاوە، تا لەوێوە خۆیان و بەرامبەر بناسن، ناسینی خودو بەرامبەریش هەنگاوی سەرەتایە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی ڕاستەقینە. سەردەمی نوێ سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ ژنان، بۆ ئەوەی زیاتر پەی بەناخی خۆیان بەرن و هەوڵی ناسینی بدەن، چونکە مرۆڤ بەبێ ناسینی خودی خۆی ناتوانێت بەرامبەریش بناسێت و ناشتوانێت لە ژیانی پەیوەندی وخۆشەویستی تێبگات، چونکە ژنان بە درێژایی مێژوو هەتا سەردەمی نوێ هەموو ڕێگاکانیان لێ گیراوە بۆ خۆناسی و دەوروبەر ناسی، ئەوەش ئاستەنگیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی لە خۆشەویستی تێنەگەن و نەتوانن ممارەسەی ڕاستەقینەی هەستەکانیان بکەن و لە زۆرترین حاڵەت دا خۆشەویستی بە بەرژەوەندی سێکسی لێک بدەنەوە، بەڵام سەردەمی نوێ توانی ڕوو بەڕووی ئەو ڕوانینە کۆنخوازیە ببێتەوەو لە ڕێگەی خود ناسیەوە خۆشەویستی بکاتە لوتکەی هەستەکانی و لە تاک ڕوانگەی بەرژەوەندی سێکسی ڕزگاری بێت و خۆشەویستی ببێتە ڕاستگۆیی وواقیع بینی و دڵسۆزی بۆ یەکدی. فرۆم دەڵێت[26] (بەڵام لەرۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانین جۆرێک لە پێشکەوتن تێبینی بکەین ئەوەتا خەڵکی زیاتر واقیعی و هۆشیار بوون و ئیدی حەزو هەوەسی سێکس بە خۆشەویستی دانانێن و پەیوەندی هاوڕێی و برادەری ئیش کردن بە بەڵگەی خۆشەویستی ناژمێرن، ئەم ڕوانینە تازەیە وای لە خەڵکی کردووە کە زیاتر ڕاستگۆو دڵسۆز بن). کۆمەڵگای نوێ دەروازەی بۆ فراون بوونی پەیوەندی و خۆشەویستی و هاوسەری والاکرد بە ڕووی مرۆڤایەتی داو پاشەکشەیەکی زۆر باشی بەتەواوی فکرە دواکەوتو کۆنخوازەکان کرد (بەتایبەت

لەخۆرئاوا)، دیارە ئەو پاشەکشەکردنەی فکری کۆنخوازی بەبوونی ڕەخنەی زۆر جدیانە و ڕادیکالٚ لەفکرە تەقلیدی و ئایینی و بلاٚو بوونەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بووە،لەگەلٚ خەبات و تیٚکۆشانیٚکی زۆر، کەبەدریٚژایی میٚژوو مرۆڤ هەولی داوە بۆبە دەست هیٚنانی مافەکانی و قۆناخ دوای قۆناخیش لەڕووی عەقلی و فکریەوە گەشەی زیاتری کردوە. دیدو تیٚڕوانینی نویٚ لەبارەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی یەوە هیٚناوەتە بوون، ئەوانەش هەموویان لەکۆمەلٚگای نویٚ دا گەلاٚلە بوون و بوونە خالی وەرچەرخاندن و ڕاچەنینی مرۆڤ و گەیشتن بەخۆشەویستی تاکانەیی دوور لەهەر جۆرە دەست تیٚوەردانیٚکی ئایینی و بەمالەیی و خیٚزانی.

***خۆشەویستی و هەستی تاگەرا یی و دروست بوونی مەترسی.***

سەرهەلٚدانی چەمکی ئازادی خۆشەویستی، کە بەرهەمی کۆمەلٚگای نویٚ بوو، لەگەلٚ خۆی دا هەلٚگری جۆریٚک لە بیٚزاری و وشکاندنی کۆمەلٚیٚک چوارچیٚوەو هەست کردنیش بوو بە ترس.

گۆڕانکاریە نویٚکان، بە هۆی تیٚگەیشتنی هەلە لە ئازادی خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری، جۆریٚک ئازادی خۆشەویستیان بە ئازادی سیٚکس لە قەلەم دەداو خۆشەویستی ڕاستەقینەو دلسۆزی و وەفاداری کەوتە بەر ترس و گومان. ئەم ڕوانینە فورسەتیٚکی دیکەی دایە دەست هەلٚگرانی بیروباوەڕی کۆنخوازی، کە جاریٚکی تر خۆیان بکەنەوە بە نیو پەیوەندیەکانی تاکەس داو قسە لەسەر پەیوەندیە تایبەتی یەکانی تاکەس بکەن، بە شیٚوەیەکی ترو بە ناوی خۆشەویستی یەوە هەولی بەدەست هیٚنانی ملٚکداریٚتی بدەن و



هەست و نەستەکانی بەرامبەر کۆنترۆلٚ بکەن، بەوەی — هاوسەرەکەم، وەک تەواوی شتەکانی تر بە ملٚکی تایبەتی دیٚتە ئەژماردن، کاتیٚک ئاماژەکان بە ڕوونی دەبنە ملٚکداریٚتی، ئیدی تەواوی بڕیارەکانی بە سەردا جیٚبەجیٚ دەکریٚ، ئەو هاوسەرەکەی بۆ ئەوە دەویٚت نەوەی بۆ بخاتەوە و خزمەتی بکات، ئەم گەڕانەوەیە بۆ ملٚکداریٚتی، ڕیٚگایەک بوو بۆ دەست بەسەرا گرتنەوەی ژنان لە ڕیٚگەی خۆشەویستی یەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی سامانی زۆر و ئیغرا کردنی ژنان لە ڕیٚگەی سەیارە و پارەو زمانی شیرین، کە لە سەرەتاوە لە شیٚوەدا وا خۆی نیشان دەدات، کە ئەو ئەم ئینسانەی زۆر خۆش دەویٚت و هەرچی داخو زیەکانی هەیە بۆی جیٚ بەجیٚ دەکات، بەلاٚم لە ڕاستی دا ئەو ژنەکەی خۆش ناویٚت، بەلٚکو ژنەکە فریودە دات بۆ ئەوەی بە مولٚکەکانی ئەم فریوبخوات و بکەویٚتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە دواتر ئەویش ئامانجەکانی خۆی بەسەردا بسەپیٚنیٚ فرۆم دەلٚیٚت[27] (بەلاٚم لایەنیٚکی تر کە هەروەک ئەم گرنگە ئەویش خستنە ڕووی مانای نایەتیبە بەراورد کردن لەگەلٚ ڕوالەتکاری دا. ئەگەر هاتوم خۆم وا نیشان دا بۆ خەلٚکی کە سۆز و عاتیفەم هەیە، بەلاٚم ئەم سۆزە دەمامک بوو بۆ قۆستنەوە و قۆرخ کردن). ئە وجۆرە بیرکردنەوە نویٚ یە کارکردی زۆر خراپی لەلای مرۆڤ و ژیانی هەستەوەری دروست کرد، پۆشینی دەمامک بۆ کۆنترۆلٚ کردنی هەستەکانی بەرامبەر بە ناوی خۆشەویستی یەوە، وای کرد جاریٚکی تر پەیوەندی و خۆشەویستی بەر هەڕەشەی ترس و نیگەرانی و مەسەلەی دلسۆزی وەفاداری دووچاری گومان ببن.

گەشەکردنی هەستی ملّکایەتی، بەتایبەت ئەو شتانەی کە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشن لە کۆمەڵگای نوێ دا. ڕۆژ دوای ڕۆژ برەوی زیاتری دەسەند، ئەوەش پەیوەندی بەو کەلتورە ئایینەوە هەبوو، کە لە ڕابوردودا، لە لاشعوری تاکەکاندا بوونی مابوو، ئەو کەلتورە لە ڕابردوودا هەموو شتەکانی کردبووە ملّکی پیاوو بە ئارەزووی خۆی حەزەکانی تێر دەکرد، کاتێک کۆمەڵگای نوێ بوو بەبەربەست پیاوان گەڕانەوە بۆ ئەوەی لە لاشعوریان دا جێگر بوو، بە پۆشینی دەمامک هەوڵی بە دەست هێنانیان دەدا، بەمانایەکی تر هەستی خۆشەویستی ڕاستەقینەیان گۆڕی بۆ بەرژەوەندی و ملّکایەتی و هەرچی ڕاستگۆیی و وەفاداریە لەلای ئەو جۆرە پیاوانە بوونی نەبوو بۆ خۆشەویستی ژنان، بەقەدەر ئەوەی هەوڵ دانێکی ملّکدارانە بوو بۆ تێکردنی ئارەزووەکانیان، بە ناوی خۆشەویستی یەوە، کە گرنگ ترین غەریزە لە لایان سێکس بوو، ئەو پیاوانە هەر ژنێک بە لایانەوە سەرنج ڕاکێش و هەست بزوێن بێت، خۆیانی لێ نزیک دەکەنەوە و جۆرەها دەمامک دەپۆشن بۆ ئەوەی پێیبگەن و غەریزەکانی خۆیانی پێ بەتاڵ بکەنەوە و بیکەنە کۆیلەی غەریزەکانیان، فرۆم هەوڵی داوە قسەیەکی جدی تر بکات لەسەر ئەو پیاوانەی کەتەنها لەڕوانگەی سێکسەوە لەژنان دەڕوانن و دەڵێت[28] (لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چێژ وەرگرتنە ناگاتە ڕادەی ئارەزوو بۆخاوەنداریێتی کردنی سێکسیانە، تەنها لای ئەوکەسانە نەبێت کەخۆشەویستیان لە پاڵنەری ملّکایەتیەوە سەرچاوەی گرتوە)

بوونی هەستی موڵکداریێتی، کەمێک ئاستی هۆشیاری و بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرەو دوا گێڕایەوە و بە دووری خست لە ئازادی ڕاستەقینەی پەیوەندی و خۆشەویستی، وەک هەستی تاکانەی مرۆڤەکان و تێکەڵاو کردنی هەستەکان بەیەکدی و بەو پەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزیەوە دوور لەهەر بەرژەوەندیەکی موڵکداریێتی و سێکس پەرستی. ئەوکاتەی هەستی موڵکداریێتی باڵادەست دەبێت ژیانی بەزۆری دەستە جەمعی دەسەپێت و کۆتای بە خواستی تاکگەرایی مرۆڤ دێت و تاک لە بۆتەی ئارەزوە گشتیەکانی خێزان و کۆمەڵگادا دەتوێتەوە و ڕێگریەکانی بەردەم هەست و نەستەتایبەتیەکانی بە چوارچێوەو دسپلینی خێزان و کۆمەڵگا دەسپێدرێت.بۆیە تاکێک کە لە چوارچێوەی خێزاندا ژیان بەرێتە سەر، واتا لە ژیانی دەستە جمعیدا ژیان دەگوزەرێنێت و ناتوانێت سەربەستانە مومارسەی ئارەزووەکانی بکات، چونکە داب و نەرێت و پڕەنسیپی خێزان ڕێگری دەکات و بەدەرچوونیش گوناحەیە و تاوانبار دەبێت، بۆیە لەوناو خێزانی دەستەجمعیدا خۆشەویستی گوناهەیەو نابێت بکرێت. باوک لەناو خێزانی دەستە جمعیدا خاوەنی هەموو شتەکانەو ئەو بڕیار لەسەر چارەنوسیان دەدات و نابێت هیچ کەس سەرپێچی بڕیارەکانی بکات. فرۆم دەڵێت[29] (بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ ئاگامان لەو حەقیقەتە بێ کە ئێمە ژیانمان لە شێوازی خاوەنداریێتیدا گەیشتۆتە ئەو پلەیەی کە بینای شمولی گۆمەڵگاکەمان بووە بە بەشێک لە خودی خۆمان، و بووبە بنەمایەکی ناوەکی کە ڕێنمای هەست و نەست و ڕەفتارمان دەکات).

خاوەنداریتی باوک بۆ خێزانەکەی هەمیشە مانای سڕینەوەی هەستی تاکگەڕاو ئارەزووە تایبەتیەکانی تاک بووە و باوکیش

بەردەوام ئامۆژگاریەکانی بۆ نەوەکانی، کەسەرپێچی لە فەرمانەکانی نەکەن و پەیوەست بن بەبەهای خێزانەوە، چونکە باوک هەمیشە خۆی بەبەرپرس زانیوە، بەمانایەکی تر نەوەکانی بەموڵکی خۆی زانیوەو ئازادیەکانی لێزەوت کردوون بە ناوی بەرپرسیارێتی یەوە و سزای توندی بۆ سەرپێچەیەکانی نەوەکانی داناوە. فرۆم دەڵێت[30] (بە کورتی: لە شێوازی خاوەندارێتیدا، ئینجا لە بیناى شمولیدا، گوناه، بریتییە لە مل کەچ نەکردن و سەرکوت کردنیشی لە ڕیگەی پەشیمان بوونەوەوە دەبێت- بەسزادان — سەرلەنوێ مل کەچ کردن).

وەک ئاماژەم بۆ کرد، کۆمەڵگای نوێ چگە لە سیفاتەباشەکانی هەڵگری سیفاتی خراپیش بووە و کاریگەری نەگەتیڤی هەبووە، لەسەر مەسەلەی ئازادی خۆشەویستی و هەستی تاکگەراو سەربەخۆ بوون، لە بڕیاری خێزان و کۆمەڵگاش، چونکە پیاوی کۆمەڵگای نوێ لە ڕێگەی دامەزراندنی خاوەندارێتیو پەیوەست کردنی تاکەکان بەسیستمی خێزان و ڕێگە گرتن لە هەستە تاکیەکانی مرۆڤ، ڕێگەی لە ئازادی خۆشەویستی گرتووە، جگە لەوانەش لە ڕێگەی خاوەندارێتییەوەهەوڵی دامەرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی داوە بە بێ پاڵنەری خۆشەویستی. واتە ڕوانینی ئەو پیاوانانە، تەنها ڕوانینێک بووە بۆ سێکس و هیچ جۆرە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی نەبوە بۆ بەرامبەر، تەنها دامرکاندنەوەی غەریزەکانی نەبێت.



## خۆشەویستی وەک مۆدێلێک لە کۆمەڵگای نوێ دا

دوای ئەوەی کۆمەڵگای نوێ لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە گۆڕانکاری بەرچاوی هێنایە ناو پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و سۆزداریەکانەوە، وە جۆرێک لە خۆشەویستی سەری هەڵدا و بووە مۆدێلێک و زۆرینەی نەوەکان لە کۆمەڵگای نوێ دا هەوڵی بەدەست هێنانی خۆشەویستیان دەدا، کە ئامانج لەخۆشەویستی کردن، تێکەڵ کردنی هەست و سۆزەکانی دوو مرۆڤ نەبوو، بەڵکو خەڵکی لەژێر کاریگەری گۆڕاندا و بۆ ڕزگار بوون لە تەنهایی پەنایان بۆخۆشەویستی دەبرد، ئەو جۆرە لەخۆشەویستی هیچ ئامانجێکی لە پشتەوە نەبوو تەنها و تەنها بۆ پڕکردنەوەی فەراخ و بێتاقەتی و نامۆ بوون بوو. چونکە کۆمەڵگای هاوچەرخ زۆر شتی گۆڕی و پیشەسازی و بەدەست هێنانی سامان و دروست بوونی دنیای سەرمایە داری و (دوو چین) زۆر دەوڵەمەند و زۆر هەژار، جێگای سەردەمی پێشوی گرتەوە و هۆشیاری و خود ناسی گەشەی زیاتری کرد و فەلسەفە جۆراو جۆرەکان لە بارەی ژیان و مرۆڤ دۆستی گەشەی زیاتریان کرد، ڕەخنە گرتن لە سەر سەرلەبەری پێک هاتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و مۆڕاڵیەکان دەستی پێکرد، ئازادی بووە دروشمی سەرەکی تاکەکانی کۆمەڵگا و، عەقڵانیەت شوێنی نا عەقڵانی بوونی گرتەوە، ئەمانە هەموو دەروازەیەک بوون لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە گەورەیەی کۆمەڵگای هاوچەرخ، کە تاک بە شوێن ئارەزوەکانی خۆی دا بگەڕێت وخۆشەویستیش لە لای بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا چوە چوار چێوەی ئەو ئارەزوە کاتیانەوە، چونکە بەر لە

سەردەمی هاوچەرخ چەپاندنێکی خنکێنەر بە هۆی هەموو دەسەڵاتەکانەوە بەسەریاندا سەپێنرا بوو, یاخود خۆشەویستی بە گوناهو حەرام دادەنرا و سزای زۆر توندیشی لەسەر بوو، ژیانی هاوسەری بۆ نەوەکان، لە دەرەوەی خۆشەویستی دیاری دەکراو هیچ کاتێک حساب بۆ هەست و ئارەزوەکانی ئەوتاکانە نەدەکرا ئەمەش وا کرد بوو هەستیخۆشەویستی دەربڕین دووچاری گەورەترین چەپاندن و ئازار و تلانەوە ببێت، ئەنتۆنیۆ گیدنز دەڵێت[31] (چ لەناو دەوڵەمەندەکان و چ لەناو هەژارەکاندا بڕیاردان لەسەر ژیانی هاوسەری لە دەرەوەی دەسەڵاتی کەسەکانەوە دەدرا و بنەماڵە و خزمان لەمەدا بڕیار دەربوون، نەک دوو کەسەکەکە بڕیار بوو پێکەوە بژین). بەڵام کۆمەڵگای نوێ تا ئەندازەیەک بڕیاری خۆشەویستی و هاوسەری گێڕایەوە بۆ تاکە کەسەکان خۆیان. ئەمەش قەیرانێکی بۆ تاکەکان دروست کرد، چونکە ئەو تاکانە بەو جۆرە لە ئازادی خۆشەویستی و هاوسەری ڕانەهاتبون، بۆیە وەک مۆدێلێک چاویان لەخۆشەویستی دەکرد و دەیان ویست، بۆ چەند ساتێکیش بێت پەیوەندیەک دروست بکەن و هەرچی ئەو چەپاندنەی ناخیان هەیە بە تاڵی بکەنەوە، ئەم هەنگاو نانە بە پەلەیەش جۆرێک لە نالۆژیکی و ناعەقڵانی هێنایە ئاراوە لە بارەی تێڕوانین بۆ چەمکی خۆشەویستی و هاوسەری و زۆر جاریش دەبوە هۆکاری دووبارە بوونەوەی ئازاری دەرونی، بۆ خودی ئەو تاکانەی خۆشەویستیان وەک مۆدێلێک و چەند ساتێکی ئارەزو بەخش سەیر دەکرد، لەگەڵ ئەوەی خۆشەویستی وەک مۆدێلێک دەرهاویشتەی کۆمەڵگای هاوچەرخ بوو، بەڵام هێشتا خۆشەویستی ڕاستەقینە و پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ، لە



ڕووی لۆژیکیەوە برەوی خۆی لەدەست نەدابوو، چونکە کۆمەڵگای نوێ کۆمەڵێک پەیوەندی نوێ هێنایە ناو پانتاییە کۆمەڵایەتیەکانەوە، کە زۆر جیاواز بوو لە پەیوەندیەکانی ڕابوردوو، هەستی تاکگەرایی کە سەربەخۆیی زیاتری بە تاک بۆ ئازادی دەبەخشی. گەشەی زیاتری کرد، لەگەڵ ئەمانەش دا بزووتنەوەی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی ڕوو لە گەشەو پێشکەوتنی زیاتر بوو، بۆیە ئەو هەستی تاکگەراییە کاریگەری پۆزەتیڤی دانا بۆ گۆڕانکاری حەتمی لە ژیانی خۆشەویستی و سۆزداری دا، لوومان دەڵێت[32] (ئەم گۆڕانە ئیمکانی نەدەبوو ئەگەر تێگەیشتن لە چەمکی تاکایەتی و بەخود بوون، برەوی نەسەندبا. چونکە تەنیا بەهۆی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خودی خۆی وەک تاکەکەس و سەربەخۆ لە کۆمەڵگا، دەیتوانی هەست بە خودی خۆی بکات و لە ئەنجامی ئەمەشەوە، بتوانێ دڵخوازی خۆی بە ئارەزووی خۆی و سەربەستانە هەڵبژێرێ).

هەستی تاکگەرایی و سەربەخۆ بوونی تاک، لە خێزان و کۆمەڵگا بواری زیاتر فراوان کرد بۆ باوەش کردن بە ئارەزوە خەفەکراوەکانی داو لەوێشەوە سەیرکردنی خۆشەویستی، وەک مۆدێلێکی نوێ و دابڕاو لە پەیوەندی جدی سۆزداری، چونکە ئەو ڕەوتی گەشەکردنە جۆرە دابڕانێکی گەورەی لە سایکۆلۆژیەتی تاکەکاندا دروست کرد، بە قبوڵ کردنی ڕەووتی نوێ ژیان و پەیوەندیەکان، یاخود گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، لەگەڵ ئەوەی تاک پەیوەندیەکی زۆری بۆ کەلتوری ئایینی هەبووە و ئەمەش بە ئاسانی ناتوانێت لە زاکیرەی دا دەری بکات و دەست بەرداری بێت، جگە

لەوەی لە کۆمەڵگای نوێ دا ڕەووتی کۆنخوازی زۆر بە توندی پەیوەست بوونی بە ڕابوردووەوە ڕادەگەیاند و دژی هەر جۆرە گۆڕانکاری و ژیانی نوێ بوو، کە ئازادی تاکگەرایی بەیان دەکرد، بۆیە لە سەردەمی نوێ دا و گۆڕانکاریەکان ئەوەی دەخواست و ئەو هەستەی لای تاکەکانی ناو خێزان دروست دەکرد، کە سەیری خۆشەویستی وەک مۆدێلێک بکەن و بەمانا ڕاستەقینەکەی لە خۆشەویستی نەڕوانن و بە دوای زۆرترین کاتەکانی سۆزداری دا بگەڕێن وکاتەکانی خۆتانی پێپڕبکەنەوە، ئەم مۆدیلەش جگە لە ئارەزویەکی ناسینی زۆری ڕەگەزی بەرامبەر، هیچ بنەمایەکی خۆشەویستی بوونی نەبووە لە لایان. فرۆم دەڵێت[33] (بۆ داپۆشینی بێ دەسەڵاتیان لە بەدەست هێنانی یەک خۆشەویستی ڕاستەقینە. ئارەزووی ئەوەدەکەن "خۆشەویست" ی زیاتریان دەست بکەوێت) لەگەڵ ئەوەی هەستی خۆشەویستی وەک مۆدێلێک لە کۆمەڵگای نوێ داو بە شێوەیەکی زۆر فراوان بڵاو بوەوە، ئەمەش ڕێگای خۆش کرد بۆ تێگەیشتنی هەڵە لە گۆڕانکاریەکان و هەستی تاکگەرایی و سەر دەرهێنانی ئاڵۆزی دەرونی بە هۆی وەرنەگرتنی خۆشەویستی ڕاستەقینە، چونکە ئەو تاکەی وەک مۆدێلێک دەستی بۆ خۆشەویستی دەبرد و ماوەیەک خۆی پێوە سەرقاڵ دەکرد، ئەگەر باوەڕیشی پێی نەبوایە، بەڵام کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی دادەنا و زۆرجار بە لەدەست دانی، ڕاستە بە دوای یەکێکی تردا دەگەڕا بەڵام نیگەرانیش دەبوو. ئەمەش بۆ خۆی هەنگاوێکی نوێ بوو بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگای نوێ دا تاکەکان ڕوو بکەنەوە خۆشەویستی جدی و ڕاستەقینە و دورکەوتنەوە لە ئەوەی



خۆشەویستی وەک مۆدێلێک و بۆ کات بەسەر بردن سەیری بکەن، ئەمەش ڕێگەی زیاتری بۆ ئازادی خۆشەویستی فەراهەم کرد و زۆرێک خەڵکی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە خۆشەویستی بەبێ بوونی دڵسۆزی و وەفاداری ڕاستەقینە، جگە لە بەد بەختی هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی نابێ.

## *ئازادی خۆشەویستی و ئازادی ژن*

ئازادی خۆشەویستی زادەی کۆمەڵگای مۆدێرنە و، تەواوی قۆناغەکانی بەر لەکۆمەڵگای مۆدێرن بوارێکی ئەو تۆیان بە ئازادی خۆشەویستی و ئازادی هاوسەر نەداوە، بگرە لە زۆرترین کات دا دژی ئازادی تاکەکان وەستاون، لە ڕێگەی ئایین و خێڵ و خزم و خێزانەوە و جۆرەها سانسۆری مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتیان لە بەردەم تاکەکاندا قوتکردوەتەوە، بەڵام هەروەک لە بەشەکانی پێشو ئاماژەم بۆ کرد بەهۆی ڕێنسانس و دواتر شۆڕشی فەڕەنسیەوە، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا ڕووی داو مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاک و عەقڵانیەت و هۆشیاری جێگای تەواوی بۆ چوونەکانی تری گرتەوە و بواری هەناسەدانی زیاتری بە مرۆڤ دا، کە بتوانێت بەرەو خەونەکانی هەنگاو بنێت و هۆشیار بێت بە مافەکانی و ئارەزوە تایبەتیەکانی، هەر لەو مەیدانەش دا ژنان توانیان لە چوار دیواری ماڵەکانیان بێنە دەرەوەو تێکەڵ بە کۆمەڵگا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ببن و هەوڵی هۆشیار بوونەوە و ناسینی خۆیان بدەن و لەوێشەوە هەوڵی ناسینی بەرامبەر بدەن، ئەم گۆڕانکاریانە لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا

خزمەتی زۆرباشی مرۆڤایەتی کردو ژیانی تاکی لە ژیانی گشتی جیا کردەوە و تاکەکان تا ئەندازەیەکی باش ئاشنایەتیان بە مافەکانی خۆیان و مافی گشتیش پەیدا کرد، کۆمەڵگای مۆدێرن، کە لەدایک بوونی کەلتوری دوورو درێژی ڕابردوی پێشێلکردنی ئازادی و ماف بووە، بۆیە ڕۆشنبیران و بیرمەندانی کۆمەڵگای مۆدێرن زۆر بە جدی کەلتوری ڕابوردویان ڕاڤە کردوە و بیری نوێیان لێ هەڵهێنجاوە، بەڵام ڕەخنەی جدیشیان لە ڕابوردو لایەنە ناشرینەکانی و پێشێل کردنی ئازادیان گرتوە، بۆیە کۆمەڵگای مۆدێرن زۆر ترین ئازادی تاکی تیا فەراهەم بووە، لە ڕووی تایبەتی و گشتی یەوە.

بە دیوێکی تردا کۆمەڵگای مۆدێرن زادەی عەقلانیەت و زانستە و ژیان و پەیوەندیەکان بە پێوەری زانستی و عەقڵانی دەپێورێ، زۆرینەی پەیوەندیە کۆنەکان و شێوازی ژیانی کۆن و دیاری کردنی ژیانی هاوسەری وەلادەنرێ. کۆمەڵگای مۆدێرن تا ئەوپەڕی ئازادی خۆشەویستی قبوڵ دەکات و بە مافی تاکەکانی دەزانێ. ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت[34] (بێگومان بە خود بوون و تاکایەتی مرۆڤیش مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی بچیتەناوپەیوەندیەکی وەکو خۆشەویستی، کە تیایدا هەموو شتی مرۆڤانەیە).

لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا بەهۆی بوونی چالاکانەی بیرو هۆشیاری و دەرک کردنی عەقلانیانەی کێشەکانی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر و خۆشەویستی، ژیانی کۆمەڵگا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات و کۆت و پێوەندەکانی سەر خۆشەویستی هەڵوەشایەوە وئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر بووە بنەمای پێکەوە نانی ژیانی هاوسەری، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای کۆن کە



کەس و کارو خێزان و خزمان ژیانی هاوسەریان دیاری دەکرد و بەپێ ڕێنمایی ئایینی بەڕێوەیان دەبرد، کە ئەو ژیانی هاوسەریە هیچ بنەمایەکی خۆشەویستی تیا نەبوو، بگرە وەک سونەتێکی ژیان سەیر دەکرا، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا خۆشەوستی زۆرجار نەدەچووە چوار چێوەی ژیانی هاوسەریەوە، ئەو دوو تاکەی خۆشەویستیان دەکرد، بڕوایان وابوو کە خۆشەوستی، کاتێک دەچێتە چوارچێوەی ژیانی هاوسەریەوە لاواز دەبێت بۆ ئەوەی ئەو خۆشەوستی یە، بە خوانی بمێنێتەوە، هاوسەرییان ڕەتدەکردەوەو لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری خۆشەویستی خۆیان بەڕێوە دەبرد، کە ئەو دیدە لە سەردەمی خۆشەویستی ڕۆمانسیانەوە بوونی هەبووە و تا سەردەمی کۆمەڵگای مۆدێرێن درێژەی کێشاوە. جلال ستاری دەڵێت[35] (ڕەچەشکێنانی ئەم ڕێبازە لەو بڕوایەدا بوون خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەبێت لە دەرەوەی چوار چێوەی کۆمەڵگاو هاوسەرداریەوە بێت و ڕەنگەباشتریش وابێت لە دەرەوەی کۆمەڵگا و بەدەر لە هەر پێوەرو ڕێوڕەسمێکی کۆمەلایەتیش بێت).

لەگەڵ ئەوەی سەرهەڵدانی فکری ڕۆمانسیانە بۆ خۆشەویستی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا ئەوجۆرە لە خۆشەویستی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری و کۆمەڵگا، دەرهاویشتە یان بە ئالی بوونی مرۆڤەو مرۆڤەکان لە بەرسەر قالێ زۆریان بۆ بەدەست هێنانی بەرهەمەنوێیەکانی تەکنەلۆژیەکان وچێژی کاتی ژیان، سەیری خۆشەویستی دەکەن لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری و بەپەیوەنیەکی سەربەخۆی نێوان دوو مرۆڤی دەزانن و هەموو

سانسۆرەكان و چوار چێوەكانی خێزان و كۆمەڵگاو هاوسەری ڕەت دەكەنەوە.

ئەو جۆرە بیركردنەوەیە لە ژیانی خۆشەویستی و هاوسەری، لە كۆمەڵگای مۆدێرن دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە پەراوێز و ساردووسڕەی كە هاوسەرەكان لە ڕابوردودا و بە شێكیش لە سەردەمی مۆدێرندا، ژیانی هاوسەری دوو چاری بێزار بوون كردوەو بۆتە هۆكاری مراندنی هەستی خۆشەویستی، بۆیە بەشێك لە ئینسانەكانی كۆمەڵگای مۆدێرن هاوسەری بە مردنی خۆشەویستی دەزانن و بۆیە ژیانی هاوسەری هەڵنابژێرن. لە كۆمەڵگای مۆدێرن دا، خۆشەویستی تا ئەوپەڕی مانایەكی تاكگەرایی وەردەگرێ و مرۆڤەكان لە خود ناسی و مرۆڤ بوونی خۆیانەوە، بۆ خۆشەویستی و ئازادی خۆشەویستی دەڕوانن و زنجیرە وەهمیەكان بەرامبەر بە ژیانی تاك و خۆشەویستی بەرەو ئاوا بوون و پچڕاندن دەچن و دەروازەكان بە ڕووی تاك دا والآدەبن، كە بەوپەڕی ئارەزووەكانی خۆیانەوە هەوڵی ناسینی بەرامبەر و پەیوەندی بدەن و ڕزگاریان دەبێت لەوەی پەیوەندی سێكسی بە خۆشەویستی بزانن و هاوڕێیەتی و هاوپیشەیی لە كاركردن دا بە خۆشەویستی بزانن، بەڵكو خۆشەویستی لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و وەفاداری و دڵسۆزی و گۆڕینەوەی هاوبەشی هاستەكان بەبێ جیاوازی و باڵآدەستی هیچ لایەك دەبێت. فرۆم دەڵێت[36] (بەڵآم لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانین جۆرێك لە پێشكەوتن تێبینی بكەین ئەوەتا خەڵكی زیاتر واقیعی و هۆشیار بوون و ئیدی حەزو هەوەسی سێكسی بە خۆشەویستی دانانێن و پەیوەندی هاوڕێی و برادەری ئیش كردن بە



بەڵگەی خۆشەویستی ناژمێرن، ئەم ڕوانینە تازەیە وای لە خەڵكی كردووە كە زیاتر ڕاستگۆ و دڵسۆزبن).

سەر هەڵدانی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، لە كۆمەڵگای مۆدێرن دا بنەمایەك بوو بۆ ئەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە سەر هەڵبدات و هەموو چوار چێوە و فۆرمە تەقلیدیەكان تێك بشكێت، لەو بڕوایەش دام تەنها بە دروست بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە ئازادی ژن و یەكسانی فەراهەم دەبێت، چونكە خۆشەویستی لە سەر بنەمای ڕاستگۆیی و یەكسانی و مرۆڤ بوون دروست دەبێ، هەركاتێك لاسەنگی هەبێت لە نێوان (ژن-پیاو)دا، خۆشەویستی بوونی نی یە، جگە لە سونەتێكی تەقلیدی كۆنی هاوسەری و بەرژەوەندی پیاو سالاری و ئایینی، كە دیارە لەو سونەتەدا پیاو سەردار و بڕیار دەری ژنانەو، ژنانیش كۆیلە و ملكەچی فەرمانەكانی پیاو دەبن، بە دیاری كردنی چارەنوسی هاوسەریشەوە. بە هۆی پێشكەوتنی گەورە، لە هەموو بوارەكانی ژیان و پەیوەندی دا، دابڕانێكی گەورە لەگەڵ ڕابردو دروست بوو، دیارە ئەمەش بەبێ بەشداری چالاكانەی ژنان نابێت و بەوو جود نایەت، تا ئەو جێگایەی ژنان بەهرەمەندبن لە ماف و ئازادیەكانیان، كۆمەڵگاش پێش دەكەوێت و پەیوەندیەكانیش مرۆڤانەتر دەبێت و ئازادی خۆشەویستیش فەراهەم دەبێت.

كۆمەڵگای مۆدێرن لە بواری ئازادی فەردی دا هەنگاوی باشی نا بۆ ئازادی ژن و ئازادی خۆشەویستی، بەڵآم ئەوەش بەو مانایە نی یە، كە كۆمەڵگای مۆدێرن تەواوی ئازادییەكانی دابین كردوەو ئیدی چەوساندنەوە و توندو تیژی كۆتایی هاتوە و یەكسانی بەرقەرار بووە، چونكە كۆمەڵگای مۆدێرن هەڵگری كۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەت

مەندی و جیاوازی خۆی بوو، بەوەی ئازادی بە ژنان دەدات، لە چوار دیواری ماڵ بێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی وەک هێزی هەرزانی کار بەکاری بهێنن بۆ زیاتر کەڵەکە کردنی سامان. ڕەخسانی ئەو فەزایە بۆ ژنان، ژنانێکی زۆری هێنایە بواری کاری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی یەوە، بە کورتی ژنان بە ڕێژەی بەرچاو ئەو شوێنانەیان گرتوە، ئەو شەپۆلە زۆرەی ژنان بۆ ئارەزووی کارکردن، هەستی پیاوانی هەوەست بازو بەرژەوەندی پەرستیان وورژان کە دەست درێژی سێکسی بکەنە سەریان. ڕەوتی دەستدرێژی کردنە سەر ژنان، جارێکی تر ترس و گومانی لای ژنان وورووژاند لەوەی بچنە شوێنە گشتی و شوێنەکانی کارکردن و بەستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی. بەشێک لەو پیاوانەی بە ناوی ئازادیەوە لە ژنان نزیک دەبوونەوە بەهۆی باڵابوونی غەریزەی سێکسی یەوە بوو، ئەگەر نا هیچ بنەمایەکی باوەڕ بوون بە ئازادی و خۆشەویستی واقیعی نەبوو، ئەو پەیوەندیانەی ئەو جۆرە پیاوانە بەژنانەوە زۆر کورت خایەن و مەبەست دار بوو، واتە لە ئارەزویەک بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکان بەولاوە و بۆ چەند سات و ڕۆژێکی دیاری کراو بەو لاوەنە بوو، ئەو کردارەش ئازارێکی زۆری ژنانی دەدا، لە ڕووی دەرونی و جەستەیی یەوە. زۆربەی کات نزیک بوونەوەکان، ئەگەر لەلایەن ژنانەوە ڕەت بکرانایەتەوە بۆ کرداری سێکسی، ئەوا دەست درێژی دەکرایە سەریان، یاخود لە کار دەریان دەکردن، کە دیارە ئەو کردارەش دوور بوو لە هەر جۆرە هەست و ئارەزویەکی ئینسانی، دەشبوە هۆکاری دروست بوونی ڕەق بوونەوە لەلای ژنان و سەیرکردنی پیاوان لە جیاتی خۆشەویستی بە گومان و ترس، ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ پاشەکشەکردن لە پەیوەندی و خۆشەویستی و دروست کردن دیوارێک لە نێوان (ژن – پیاو) دا کە دروست بوونی ئەو دیوارە لە ئەنجامی ئازاری دەرونی و جەستەییەوە دروست دەبێت و هیچ پەیوەندیەکی بە کەلتوری کۆنەوە نی یە، چونکە لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا ژنان بە هۆی هۆشیاری و تێکەڵ بوونیان زیاتر هەست بە ئازارو هەست و سۆزەکانیان دەکەن، بۆیە ئازاردانیان لە جیاتی مرۆڤ دۆستی و خۆشەویستی، زیاتر غەریزەی مەرگ دۆستی لەلای سەرهەڵدەدات و ڕق و بێزاری دەروونی دا یدەگرێ.

بۆیە دەست درێژی سێکسی لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا هەڕەشەیەک بوو لە خۆشەویستی و پەیوەندی یە سۆزداریەکان، گەرچی دەست درێژی سێکسی بەشێکیان شتێک نەبوو لەلایەن پیاوانەوە و لە خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو بانگراوندێکی مێژووی لە چەپاندنێکی سێکسی بوونی هەبووە، کەپێک هاتە کۆمەڵاتیەکان و کەلتور دەوری گێڕاوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە چەپێنراوی بمێنێتەوە و گەشەنەکات، ئەو کردارەش گەورەترین ترسی لە نێو دڵی ژنان و ئازادی خۆشەویستی دا دروست کردوە.

## بەشی سێیەم

**سەرهەڵدانی چەند ڕوانینێکی نوێ**

**بۆ چەمکی خۆشەویستی**

**-سێکس و خۆشەویستی**

**-خۆشەویستی خود، یان خود شەیدایی**

## سێکس و خۆشەویستی

بە درێژایی دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەپێ هەموو ئایدیاکان سێکس، وەک پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی (نێرومێ) بوونی هەبووە و مومارەسەی کراوە، بەڵام لە هاوکاتی ئەو پەیوەندیە، پەیوەندیەکی تری سێکسیش بوونی هەبوە لە نێوان هاو ڕەگەزەکان دا (پیاو بۆ پیاو) وە بە پێچەوانەشەوە، بەڵام ئەو جۆرە پەیوەندیەیان شاز بووە و زۆر بڵاو شایع نەبووە و بە ئینحراف دانراوە، بەڵام ئەو جۆرە پەیوەنیەش ئێستا لە بەشێکی وولآتانی ئەوروپا و خۆرئاوا لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵآتەوە ڕەسمیەتی پێدراوە و پیاو بۆی هیە پیاو مارە بکات و ژنیش بۆی هەیە ژن مارە بکات. بەهەر حاڵ مەسەلەی سێکسی شاز، تەنها وەک ئاماژەیەک و بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگایی هەبێت لەو جۆرە پەیوەندیە سێکسی یەو لە وولآتانی پاشکەو توش بە غەیرە ڕەسمی هەر بوونی هەیە بە دزیەوە پیادە دەکرێ، کەمن نامەوێت لەم نوسینەدا قسەی لەسەر بکەم.

لە هەموو قۆناغەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا، هەر لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە تا زەمەنی ئیستا مومارەسەی سێکس کراوە، ئەو مومارەسەکردنە لە ڕێگەی ژیانی هاوسەریەوە بوبێت، یاخود لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری بووبێت، یاخود مومارەسەکردنی سێکس، وەک دوا لوتکەی خۆشەویستی بوو بێت، یان بە شێوەی دەست درێژی کردن بووبێت، یان بەشێوەی بازرگانی کردنی جەستە، بوونی هەبوە و قۆناغ دوای قۆناغ ئەنجام دراوە بە هەموو شێوەکانی یەوە، بەڵام تێڕوانینەکان لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆڕانکاری بە سەردا



هاتوەو قاڵب و چوار چێوەی جیاوازی وەرگرتوە، ئەگەر لە سەرەتای مێژوودا سێکس بە جەماعی و بەبێ بوونی هیچ سنورێکی دیاری کراو پیا و ژنەکان بە گشتی و پێکەوە مومارەسەی سێکسیان کردوەو هیچ باجێکی بۆ هەردوو ڕەگەز نەبووە و، بەڵام بەدوای سەرهەڵدانی ئایینەکان و دەرچوونی مرۆڤ لە عەقڵی شلیکی، سێکس دەخرێتە قاڵبی ژیانی هاوسەریەوە و لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری سێکس بە گوناهو تاوان دادەنرێت و سزاشی لەسەرە بۆ ئەو کەسانەی بەو کردارە هەڵدەستن، بە تایبەت ئەو سزایە بەسەر ژنان و کچان دا جێ بەجێ دەکراو تا ئاستی کوشتن و لەناو بردن بوو، چونکە ئایینەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە ژن سەرچاوەی یەکەمی فریودانی پیاوان و داوێن پیسی یەو ئەمەش لە ئەفسانەی یەکەمەوە (ئادەم – حەوا)، وە بە دیاری بۆ ژنان هێنراوە، بەپێ ئەو ئەفسانەیە (حەوا)، یەکەمین کەس بووە کە (ئادەمی) فریوداوە بۆ ئەوەی لە میوەی بەهەشت بخوات، بۆیە خوداش بەسزای دەرکردن لە بەهەشت مەحکومیان دەکات، لێرەوە ژنان وەک، گومان لێکراو تاوانبار سەیر دەکرێ و دەبێت بەردەوام ملکەچی فەرمانەکانی پیاو بێت، چونکە خوا پیاوی لە ژن بە گەورەتر دروست کردوە، بەزۆری دەسەڵآتەکانی ئایین ڕەگەزی مێیان زیندە بەچاڵ دەکرد، لە تەمەنی لە دایک بوون داو بە سەرچاوەی کارەساتیان دادەنا، بەڵام کاتێک ڕەگەزی مێ بەرەو لەناو چوون و کەم بوونەوە هەنگاوی نا، دیاردەی زیندە بەچاڵ کردنی ڕەگەزی مێینە کۆتایی هات، ئەگەر هەنگاوی یەکەم لەبەر مانەوەی نەسلی بەشەری بوو بێت، ئەوا هەنگاوی دووەمیان ڕوانگەیەکی سێکسی هەبوو، چونکە بەنەمانی ڕەگەزی

مێینە پیاوان مەحروم دەبوون لە چێژی سێکسی، بۆیە بە ناچاری زیندە بەچاڵ کردن ڕاگیرا، بەڵام چەندین یاساو دەستوری جۆراو جۆریان بۆ کۆیلە کردنی ژنان داناو بە چاوی کەمتر لە پیاو سەیرد ەکراو بەردەوامیش گومان لەسەری هەبوو بە فریوەدەر حسابی لەسەر دەکرا... سەرباری ئەوانە بە هەموو ئەو سزاو ئازاردانەشەوە دەبوایە ژنان کۆیلەیەکی باشی دامرکاندنەوەی ئارەزوەکانی پیاو بوونایە سزای سەنگە ساردکردن و بەردە باران کردنیش بۆ ئەو ژنانە هەبوو ئەگەر پەیوەندی سێکسیان هەبوایە لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری هەتا مردن، لێرەشەوە ژنان هیچ کات خۆیان بۆیان نەبوو بە خواستی خۆیان هاوسەر هەڵبژێرن، یاخود پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کەسێک دا ببەستن، بەڵکو هەمووی لە دەستی پیاودا بوو، کە بڕیار لەسەر چارەنوسیان بدات، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی سروشتی یە، کە پیاوان سەردار و سەروەری ژنان و, پیاو هەموو مافێکی هەیە بەسەر ژنانەوە و ئەو دەسەڵاتەش خودا داویەتی بە پیاوان، چونکە ژنان بە کەڵکی ئیدارە کردنی خێزان نایەن و چاکەو خراپە نازانن و سەرچاوەیەکیشن بۆ داوێن پیسی و فریودانی پیاوان بۆ کاری سێکسی، بۆیە پیاوان دەبێت سەرکردەو دەسەڵات داریان بێت و ئەو دەسەڵاتەش شتێکی سروشتی یە. ئەرستۆ دەڵێت[37] (سروشتی یەپیاو فەرمان دەربکات و ژنەکەش ملکەچی بێت، لەبەر ئەوەی ڕەگەزی نێر لە مێینە باشترە بۆ سەرکردایەتی کردن، کەواتە دەسەڵاتداریێتی پیاو بەسەر ژندا مەسەلەیەکی سروشتی یە).

بە پێی ئایدیای ئایینی سروشتی یە دەسەڵاتداریێتی پیاو بەسەر ژندا و ڕەوتێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی پاڵپشتی ئەو دەسەڵاتەیە، بۆیە ژنان بۆیان نی یە هاوسەر دیاری بکەن، بەڵکو ئەوە باوکە هاوسەر بۆ کچەکەی دیاری دەکات، ئەوەش بەشێک بووە لەو دەسەڵاتە سروشتی یەی ئایین داویەتی بە پیاو و لەئەفسانەی یەکەمەوە سەپێنراوە و پیاوان جێ بەجێ دەکەن، بۆیە هیچ کات لە سەردەمی کۆن دا ڕێگە بە خۆشەویستی نەدراوە و هاوسەر دیاری کردن سوننەت و تەقلیدێک بووە و هیچ پاڵنەرێکی هەستەوەری لە پشتەوە نەبووە، بە مەیلی سێکسیشەوە و بگرە ئارەزوە سێکسیەکانی ژنان هیچ حسابی لەسەر نەکراوە و پیاو هەرکاتێک ئارەزوی سێکسی جولاٌبێ بەبێ حساب کردن بۆ بەرامبەر مومارەسەی کردوە، چونکە ژن لای ئەو عەقڵیەت و کەلتورە تەنها تۆپەڵێک جنس بووە بۆ تێکردنی ئارەزوەکانی پیاو و خستنەوەی منداڵ و بەخێوکردیان، هەر کاتێک ژنێک ئارەزووی سێکسی کردبێت نەیتوانیوە ئەو ئارەزووەی تەنانەت بۆ مێردەکەشی دەربڕێ، چونکە ژنان بۆیان نەبوو گوزارشت لە هەست و سۆزەکانیان بکەن، یاخود پێداویستی یە فیسیۆلۆژی و ڕووحیەکان بە خواستی خۆیان تێر بکەن، نەک ئەوەی تێری بکەن، بەڵکو ئەوان هیچ مافێکیان نەبووە و هیچ کاتیش بۆیان نەبووە نارەزایەتی دەربڕن بەرامبەر بە هەر کردارێک کەلەد ژیان بەڕێوە دەچێت. نارەزایەتی دەربڕین لەلای دەسەڵاتی باوک سالاری مانای دەرچوونە لە فەرمانی باوک و خێزان و خواوەند و دەسەڵات، ئەمەش توندترین سزای لە سەربوو...

بۆیە ژنان دەبوایە لە هەموو حاڵەتێک دا ملکەچی بوون هەڵبژێرن، ئیدی کە بتی بەردەوامی هەست و سۆزو غەریزەکانیان دەکرا، تەنانەت مافی ئینسانی بونیشیان لێ زەوت دەکرا.

تا ئەو جێگایەی مرۆڤ، وەک کۆیلە سەیر بکرێ و هەرچی مافی ئینسانی بوو نیەتی لیَزەوت بکرێ، مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەست بە بوونی خۆی بکات وە مرۆڤ و چۆن گوزارشت لە خواستەکانی بکات، یاخود چۆن گوزارشت لە سەرەتایی ترین مافی بکات، کە سێکس و هاوسەری بە خواستی خۆی یەکەمینیانە. ئەوە ئەو کەلتورەیە، کە ئایین و دەسەڵاتی خێڵەکی و پیاو سالاری لە(ئادەم – حەوا) وە بۆ ژنانیان بە دیاری هێناوەو ژنانیش پێ کۆیلە کردوە و بچوک ترین ڕێگایان بۆ ئازادی ژنان نەهێشتۆتەوە. ئایینەکان و عەقڵیەتی خێڵ و باوک هەموویان بە درێژایی مێژوو هەتا بە زەمەنی ئیستا دەگات، لە سەرئەوە کاریان کردوە، کە ژنان کۆیلەکەن و پیاو بکەنە حاکمی ڕەهایان، بەمەش ژنان لە زۆرترین حاڵەت دا بێبەش بوون لە دیاری کردنی ژیانی خۆیان، هەمیشە سزای زاڵمانەی پیاو سالاری بۆیان ئامادە بووە، بەبێ ئەوەی بچوکترین سزا بۆ پیاو بوونی هەبووبێ، ئەگەر ئەو پیاوە، لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریش پەیوەندی سێکسی هەبوایە و ئاشکرا ببوایە سزایەکی زۆر بچوکیان دەدا. لەکاتێک دا مومارەسەی سێکس بەبێ بوونی دوو ڕەگەزی جیاواز ڕوونا دا و ئەگەر تاوان بێت، ئەوا ئەو تاوانە هاوبەشەو سزاکەشی دەبێ بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بێت، بەڵام لەو جۆرە حوکم دەسەڵاتانەدا بە هیچ شێوەیەک سزای پیاوان یەکسان نەبووە لەگەڵ ژنان، ئەوەش پەیوەندی بە حاکمیەتی ڕەهای پیاوەوە هەیە بەسەر ژندا.

جیا لەوانەش پیاوان لەسەر بنەمای ئارەزوەکانی خۆیان بۆ سێکس هاوسەریان هەڵبژاردوە، بەڵام دیسان ئەمەیان بۆ ژنان حەرامە و قەدەغە بووە، بۆیە هەمیشە باوکان بڕیاریان داوە هاوسەر بۆ کچەکانیان



دیاری بکەون و ژنیش بۆ کوڕەکانیان بهێن. بەمەش هیچ کات هاوسەر دیاری کردن لەسەر بنەمای خۆشەویستی بوونی نەبووە، واتە مومارەسەکردنی سێکس، لە دەرەوەی خۆشەویستی بوو، تەنها لە ڕێگەی ژیانی هاوسەریەوە سێکس دەکراو ئەوەش زۆرترین جار دوور بوو لە ئیرادەی خۆیان و، وەک سونەتێکی هاوسەریش ئەو ژن و مێردەی،کە لە دەرەوەی خۆیان ئەو ژیانە یان بۆ دیاری کراوە دەبێت مومارەسەی سێکسیش بکەن، ئەوەش زۆرترین کات چێژی بەو دوو مرۆڤە نەبەخشیوە و نەبووتە هۆکاری دروست بوونی خۆشەویستی و ژیانێکی ئارام و بێ گرێی دەرونی، کە بێتە هۆکاری گەشەکردنی هەستەکان و ژیانێکی پڕ لە خۆشی و پێکەوە گونجانی ڕووحی و جەستەیی – ئەنتونی گیدنز دەڵێت[38] (زۆربەی هاوسەر داریەکان لەسەر بنەمای بەڵێن و پەیمانداریەوە بوون, نەک لەسەر بنەمای سەرنج ڕاکێشانی جەستەیی و جنسییەوە) هاوسەر گیرو خۆشەویستی و سێکس و هەمیشە لە دەرەوەی ئیرادەی ئینسانەکان بوون و دایک و باوک بڕیاری لە سەرداوە و دوای هاوسەریش و پەیوەندی و مومارەسەی سێکس نەیتوانیوە بگات بە خۆشەویستی و، ئەگەر لە حاڵەتێک دا بشگەگەیشتایە بە خۆشەویستی ئاشکرا نەدەکرا. د. شهلا اعزازی دەڵێت[39] (بۆیە لەناو شێوەکانی خێزانی کۆن دا، ئەوەی پێیدەگوترا پەیوەندی تایبەتی و سۆزگەرایی نێوان ژن و مێرد، ئاشکرا نەدەکرا و ئەم پەیوەندیە لە ژێر زەبری ئەرکەکانی خێزاندا سەرکوت دەکرا، ئەمەش بەو مانایە نی یە مادام هەڵبژاردنی هاوسەر لە دەرەوەی کەسەکان بوو، ئیدی خۆشەویستیش دروست نەدەبوو، بەڵکو هەلومەرجەکان بواریان بۆ

بەرجەستەبوونی ئەو خۆشەویستی یە نەدەدا و باشترین شێوەی پەیوەندی نێوان ژن و مێردیش ئەوەیان بوو کە تیایدا ژنەکە هاوشان بە ترس، ڕێز لە مێردەکەی بگرتایە). لە کۆمەڵگای کۆن دا بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە ئازادی خۆشەویستی نەدراوە، کاتێکیش ئەو ئازادیە بوونی نەبوو مومارەسەکردنی سێکسیش هیچ بنەمایەکی ئازادانەی نابێت و تەنها وەک کارێکی ڕۆتینی نێوان ژن و مێردەکان بەڕێوە دەچێت، هیچ کات ناتوانن قسە لەسەر سێکس و چێژەکانی سێکس بکەن و تەنها ئەوەندە دەزانن کە کچ دەبێت شوبکات و کوڕیش ژن بهێنێ، بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەستی پێکەوە ژیانی سێکسیانە و هەڵبژاردنی مەیل و ئارەزووەکان... بەڵام پیاو بەبێ بوونی هاوسەرەکەشی هەوڵی داوە هەموو ئەو سنورو دسپلینانە ببەزێنێ کە خۆیان دایان ناوە بۆ بەتاڵ کردنەوەی غەریزەکانیان بە شێوەی جۆراو جۆرەوە، هەموو سزاکانیش نەیدەتوانی بەر بەدیاردەی لەشفرۆشی بگرێ، کە سەرچاوەکەی خودی پیاوان بوو، جیا لەوەش زۆر جار مومارەسەکردنی سێکس لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری جۆرێک لە مەیلی خۆشەویستی هاوبەشی تیابوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕەگەزی مێ سزای توندی دەدراو بە تاوانبار حساب دەکرا، بەڵام چێژێکی هاوبەشە بۆ هەردوو ڕەگەز بەبێ جیاوازی، ئەگەر لەسەر خواستی ئەو دوو مرۆڤە خۆیان بێت، واتە سێکس کردەیەکە هاوسەنگە لە نێوان ژن و پیاودا و هەردووکیان چێژ وەردەگرن و دەی بەخشن. فرۆم دەڵێت[40] (سەرەتاییترین نموونە ئەمە لەپرسە سێکسیەکاندا بەرچاو دەکەوێت. خاڵی لووتکەی کاری سێکسی پیاو هەمان کاری بەخشینە، پیاو بوونی خۆی، واتە ئامرازی



سێکسی خۆی دەدات بە ژن، لە چرکە ساتی لووتکەی چێژی سێکسی دا دیسان ئاوەکەی خۆی دەبەخشێتە ژن، ئەگەر پیاو تواناى هەبێت چارەیەکی تر جگە لە بەخشین بوونی نی یە، و ئەگەر نەیتوانی ببەخشێت، ئەوە بێ توانا و لاوازە، بۆ ژنیش ڕەوتەکە جگە لە مەشتێکی تر نی یە، گەرچی تا ئاستێک ئاڵۆزە)...

بەو مانایەی مومارەسەکردنی سێکس، جگە لەکردارێکی ڕەزامەندانەی دوو مرۆڤ بە بوونی خۆشەویستی و پێکەوە گونجان یان، لە کردارێکی بێ چێژو مایەی بێزاری بەولاوە مانایەکی تری نابێت و ژیانی هاوسەریش بەبێ بوونی پێکەوە گونجانی هەستیانەی ئەو دوو مرۆڤە جگە لە ژیانێکی بێزار و بێ هەست مانایەکی نابێت، چونکە ژیانی هاوسەر ئەگەر لەسەر بنەمای خۆشەویستی و پێکەوە گونجانی ڕووحی و جەستەیی نەبێت، ئەوا بە درێژایی پێکەوە بوونی ئەو دوو مرۆڤە لە بەرامبەر یەکدی دانا مۆن و خاوەنی دەرونێکی ئاڵۆزو پڕگرێ دەبن، کە زۆر جاریش ئەو بێزاری و نامۆ بوونە دەبێتە مایەی جیابوونەوەی ئیجباری، ئەگەر کۆمەڵگاو خێزان و دەستورو ئایینیش ڕێگر بن، چونکە گرێ کان زیاتر و ئاڵۆزتر دەبن و چارەیەک نامێنێت... جگە لەو حاڵەتانەلە کۆمەڵگای کۆن دا بەهۆی تێنەگەیشتن لە سێکس و خۆشەویستی و نەبوونی خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی هاوسەری لەسەر گونجاندنی هەردوو ڕەگەز، ژن و پیاوەکان خۆیان تەرخان دەکرد بۆ خزمەتی شوێنە ئایینیەکان و هاوسەریان ڕەت دەکردەوە، ئەوەش بوارێکی تر بوو بۆ ئەوەی لە ژیانی سێکسی و هاوسەری بەبێ خواستی خۆیان ڕابکەن و ڕەبەنی هەڵبژێرن، بەڵام ئەو شوێنانەش (کڵێسا- کەنیسەکان - دێرەکان) بوو, بوونە

شوێنی داوێن پیسی و بەرەڵاّیی سێکسی دوور لە بنەمای ڕاستەقینە و مەیل و ئارەزووەکان، نموونەی ئەو کارانەش دێری (ئاگاسا) بوو، کە ناوبانگی پەیدا کردبوو لە داوێن پیسی و خراپەکاری دا. یەکێک لە پاپاکانی ئەو ڕۆژەگارە کە ناوی ئەنۆسێنی بوو دەڵێت[41] (گشت ناوچەکانی پیس کردووە). زیاتر یش لەوەی کەدێرو کلێساکان بوو بوونە شوێنی بەتاڵکردنەوەی ئارەزوە سێکسیەکان، یەکێک لەو دێرانە ئەوەی ئینگلستانە و بەڵگەیەک باسی ئەو ئافرەتە دەکات، کە کارگێڕی یەکێک لە دێرە گەورەکان دەڵێت[42] (بەڵگەیەکی تری کلێسەی هەر ئەوسا باسی ئافرەتانی ناو دێرێکی ئینگلیزی بەم جۆرە تۆمار کردوە: ئەوان گویان نەدایە فەرمانی پاپا کە دەیگوت دەبێ دەست لە بەرەڵڵاّیی هەڵگرن: دوای ئەوەی فەرمانەکەی پاپا یان دایەوە بەدەم و چاوی ئەو قەشەیەدا کە بۆی هێنا بوون. سوێندیان خوارد کە تامردن دەست لە ڕابواردن هەڵنەگرن)..

ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان دێرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هەتا دوایش جۆرێک لە ئازادی کاتی بەخشی بێت بەو ژن و پیاوانەی لەوێ کاریان دەکرد، بەڵاّم ئەوە جگە لە حاڵەتە شەهوانیەکەی مرۆڤ و ئەو هەموو کەبتەی بوونی هەبوو، کە بەشوێن تەفریغ بوونەوەدا دەگەڕا، هیچ پاڵنەرێکی خۆشەویستی ڕاستەقینە لە پشت سەریەوە نەبوو، بگرە ئەو کردارە زۆر جار دەبوە مایەی ئازاری دەرونیش بۆیان، تەنها ئەوە یاخی بوونێک بوو لە دەسەڵاّتی باوک سالاری، بەڵاّم بە دیویێکی تردا یاخی بونێکیش بوو بەڕووی ئەوکەلتورو دەسەڵاّتەی



پەیوەندیەکانی خێزانی لەسەر بنەمای چەپاندنی هەموو ئارەزوەکان بینا کردبوو...

ڕەنگە ئەو یاخی بوونەی ژنان و پیاوان، لە دیاری کردنی چارەنوس و ئایندەی ژیانیان لە ڕێگەی هاوسەرییەوە هەنگاوێکی گرنگ بووبێ، بۆ دروست بوونی مەیلی ڕاستەقینەی خۆشەویستی و دواتریش تێرکردنی مەیلە سێکسیەکان لەسەر خواستی دوو لایەنە. ئەو هەنگاوە دواتر لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا، بەناوی خۆشەویستی سێکسیەوە سەری هەڵدا، واتە پۆشینی دەمامک، بەناوی خۆشەویستی یەوە، کە جگە لە ئارەزو پەرستی بۆ سێکس و فریودانی ژنان بەناوی خۆشەویستی یەوە هیچ شتێکی تر نەبووە، چونکە لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا، تا ئەندازەیەکی زۆر باش ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر و تەنانەت پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەریش فەراهەم بوو بوو.

ئەو گۆڕانکاریە گرنگانەی، لە ژیانی ئینسانەکان و پەیوەندی یە کۆمەلاّیەتی و تەنانەت مۆڕاڵیەکانیش دا، لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا ڕووی دا دەروازەیەکی بەسەر زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤ دا کردەوەو، مرۆڤەکانیش بەهۆی فراوان بوونی زیاتری هۆشیاری و لێکۆڵینەوە لە خودی مرۆڤ و کۆمەڵگا و گرێ دەرونیەکانی مرۆڤ وای کردبوو، کە زۆرینەی مرۆڤەکان زۆر بە سادەیی هەست بەوەی ناخیان بکەن و هەست بە ناخی بەرامبەریش بکەن و ڕووەو هەستی تاکگەرایی تەواو هەنگاو بنێن و زۆرینەی پێداویستی یە فیسۆلۆژی و سایکۆلۆژیەکانی ئینسان، وەک مافی تایبەتی هەر تاکێک سەیر بکرێ. ئەو هەنگاوە گرنگیەکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی تاک خۆی بێت بە خاوەنی خۆی و

کەس لە دەرەوەی ئەو تاکەوە نەتوانێت بڕیار لەسەر هەست و نەست و چارەنوسی بدات و ئەو تاکە خۆی خاوەنی هەموو بڕیارەکان بێت لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی و جۆری پەیوەندیەکانی بە سێکس و خۆشەویستی شەوە.. لەگەڵ هەموو لایەنە باشەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دا، بەڵام لە هەناوی کۆمەڵگای مۆدێرن دا هەڵگری جۆرێک لە چەوساندنەوە و ئازاری دەرونیش بوو، بەتایبەت بۆ ژنان و پەیوەندی خۆشەویستی، چونکە کۆمەڵگای مۆدێرن بە شێوەیەکی مۆدێرنانە هەڵگری بازرگانی کردن بوو بە جەستەی ژنانەوە، بە مانایەکی تر ئەگەر لە کۆمەڵگای کۆن دا بە شێوەیەک و بەناوی کۆیلەیەتی یەوە بازرگانی بە ژنان دەکراو دواتر بە زۆر ئیغتصاب دەکرا، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا بە ئاشکرا ئەو بازرگانیە بە ژنانەوە دەکرێ و دوور لە هەر جۆرە خواست و ئارەزویەکی خۆیان دەیان کڕن و دەیان فرۆشن و تەنها بۆ کاری سێکسیش بە کاریان دەهێنن، ئەو دیاریە نوێ یەی کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ ژنانی مایەی ئەو پەڕی ئازاری دەرونی و جەستەیی یە، ڕەنگە لایەنێکی ئەو بازرگانی کردنە بە ژنانەوە، لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دا بگەڕێتەوە بۆ نەمانی ڕووحیەتی هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتری، چونکە کۆمەڵگای مۆدێرن ژیانی دەستە جەمعی هەڵوەشاندەوە و بە ناچاری تاکی خستە ناو بازاڕی کارکردنەوە لە پێناوی دابین کردنی ژیانی ڕۆژانە دا وبێکاری و نەبوونی سەرچاوەی دارایی پاڵی بە ژنانەوە دەنا بەهەموو کارێک ڕازی بن، تەنانەت زۆرجار بە دەست درێژی سێکسی یش ڕازی دەبوون، لەبەر خاتری ئەوەی لەسەر کار دەرنەکرێن.



سەرمایەدارو خاوەن دەسەڵاتەکان ئەو فورسەتانەیان دەقۆستەوە و دەست درێژیان دەکردە سەر ژنان و کاتێکیش لێیان بێزار دەبوون، جارێکی تر فڕێیان دەدانەوە بازاڕی بێکاری، ئەوەش ڕێگای خۆش دەکرد بۆ دیاردەی لەشفرۆشی و زۆرێک لەو ژنانەی دووچاری لەشفرۆشی هاتوون، لە ئەنجامی بێکاری و هەژاری یەوە ناچار بە فرۆشتنی جەستەی خۆیان بوون، وەک کاڵایەکی هەزارن، کە دیارە ئەو ژیانە گەورەترین قورسایی لەسەر سایکۆلۆژیەتی ژنان دانا... سەرباری ئەو حاڵەتە، وەک لە پشتر ئاماژەم بۆ کرد سێکس بە خۆشەویستی لە قەڵەم دەدرا و ئەگەر ژن و مێردێک، لە باری سێکسیەوە پێکەوە نەگونجانا یە لێک جیا دەبوونەوە، ئەمەش وای کرد خۆشەویستی یەک ڕوانگە وەربگرێ ئەویش سێکسە. فرۆم دەڵێت[43] (بەم شێوەیە ئاسودەگی سێکسی دوو لایەنە بنەمای پەیوەندی عاشقانەی دڵگیر، و بە تایبەت هاوسەرێتی سەرکەوتوو دادەنرا. لەو کاتەدا پێیان وابوو کە هۆکاری بێ سەرئەنجامی ژیانی ژن و مێردایەتی یەکان ئەوەیە کە هەردوو لایان ((سازگاری سێکسی)) ی دروست یان لەگەڵ یەکدی نی یە). ڕوانین بۆ ژیانی ژن و مێردایەتی لە ڕوانگەی ئارەزووی سێکسیەوە، سەرئەنجامی ساردو سڕی و لێک جیا بوونەوەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەو ژن و مێردانە لە سێکس و پەیوەندی سێکسی تێنەگەیشتون، لەوەش واوەتر خۆشەویستیان کورت کردوەتەوە بۆ کاری سێکسی و پێیان وابووە خۆشەویستی: بریتی یە لە سێکس و ئەو دووانە, ئەگەر لە ڕووی سێکسەوە پێکەوە نەگونجان، ئەوا خۆشەویستی کۆتایی دێت. بۆیە لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا زۆرێک لەو ژن و مێردانەی کە ژیانی

هاوسەریان بە خۆشەویستی هەڵبژارد بوو، کاتێک نەیاندەتوانی لە ڕووی ئارەزووە سێکسیەکانەوە پێکەوە بگونجێن لێک جیا دەبوونەوە، چونکە ئەوان پێیان وابوو نەگەیەیشتون بە خۆشەویستی ڕاستەقینە، هەوڵی دەدا کەسێکی تری خۆش بووێ، کە ئەمەشیان تەنها مەیل و ئارەزووە سێکسیەکانی لێک دەدایەوە و دوای ماوەیەک لە مەشیان بەد بەخت دەبوو، چونکە سێکس بەبێ بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە سەرئەنجامێکی نابێت. فرۆم دەڵێت[44] (باگریمانەی پیاوێک بکەین کەسێ جار ژنی هێناوە، ڕێساکە هەمیشە هەر هەمانشتەئەکەوێتە خۆشەویستییەوە لەگەڵ کچێکی جواندا،دەیخوازێت, بۆ ماوەیەکی کورت دڵخۆشە,دواتر دەست دەکات بەگلەیی و گازندەی ئەوەی گوایە ژنەکەی دەیەوێت بەسەردا زاڵبێت و سەربەستی لێ قۆرخ کردووە. هتد پاش ماوەیەک لەنێوان ئاشبوونەوەو دەمەقاڵێدا دەکەوێتە خۆشەوستی کچێکی ترەوە.کەلەڕاستیدا زۆر هاوشێوەی ژنەکەی خۆیەتی.جیابونەوە سەردەگرێت و دووەم ((گەورەترین خۆشەویست))ی مار دەکات.هەرچۆنێک بێت هەمان سووڕ بەهەندێ وردە گۆرانەوەدووبارە دەبێتەوە,و جارێکی تر دەکەوێتەوە دوای خۆش ویستنی کچێکی تر کەهەمان جۆری کچە و ئەوەی تر تەلاَق دەدات و سێهەم ((گەورەترین خۆشەویست))دەکاتە هاوسەری خۆی و جارێکی دی هەمان سوڕدووبارە دەبێتەوە و دەکەوێتە دوای چوارەم کچەوە بەو قەناعەتەوە کەئەم جارەیان خۆشەویستی ڕاستەقینەو کۆتاییەو"ئەو لەبیری دەچێتەوە کەهەر جارێک لەجارەکان هەمان قەناعەتی هەبووە", دەیەوێت مارەی بکات) .



دیارە ئەو پیاوانە لە کۆمەڵگای مۆدرێندا, لەزەتی کاتی سێکس واقیعەت و ڕاستەقینەی خۆشەویستیان لەبیر دەباتەوەو،ئەوان بەتەنها ئەفسونی خۆشەویستی لەلایان سێکسەو کاتێک لەڕووی سیکسەوە تێکەڵ بە ئافرەتێک دەبن ئەفسونەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە و هەوڵی بەدەست هێنانی کەسێکی تر دەدەن... بەدڵنیایی ئەگەر بەتەنها سێکس بکەینە پێوەری خۆشەویستی، ئەوا دوای تێر بوونی ئارەزوە سێکسیەکان خۆشەویستی کۆتایی دێت. فرۆم دەڵێت[45] (بەلاّم هەڵەیە ئەگەر دەربارەی کاریگەری بیرۆکەکانی فرۆید زیادە ڕۆیی بکەین وەک ئەوبڵێن چەمکی خۆشەویستی دەرئەنجامی کێشکردنی سێکسیە، یان هەمان کامەرانی سێکسی یەکە لە بەئاگای ئێمەدا رەنگی داوەتەوە. لەبنەڕەتدا پەیوەندی هۆو ئەنجام لەخۆشەویستی دا تەواو بەپێچەوانەی ئەوەیە). بۆیە ئەو روانینەی کەخۆشەویستی بەتەنها بەکردەی سێکسی دەبەستێتەوە, ناگات بەمانای ڕاستەقینەی خۆشەویستی و هەمیشە لەوەهمی خۆشەویستی دا ژیان بەسەر دەبات و تەنها بەشوین گۆرینی هاوسەرەوەیەو پێشی وایە لەو ڕێگەیەوە دەگات بەخۆشەوستی، بەلاّم بەگۆرینی ژنەکان هەرچەندێ خۆی ئارەزووی بکات،بەلاّم لەبنەڕەتدا هەموویان لەیەک دەچن, چونکە ئەو نەیتوانیوە لەخۆشەویستی تێبگات, بەمانایەکی تر ئەو خودی خۆی نەناسی وەو جارێ ئەو لەخۆشەویستی خۆی تێنەگەیشتوە، کەخۆشەویستی خۆیەتی دەتوانێ خەڵکی تری خۆش بووێت، ئەو هەموو جارێک کەڕەگەزی بەرامبەردەبینێ بەقیاسی هەر کالاّیەکی تری سەرنج ڕاکێش تێیدەڕوانی، بەلاّم جیاوازی ئەم کالاّیەیان لەوەدایە، دەتوانێ ئارەزوە سێکسیەکانی خۆی لێ تێر

بکات، بۆیە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی یەوەو ئامادەیە زۆر ترین کاتی خۆی بە خەرج بدات بۆ ئەوەی ڕازی بکات بۆ ژیانی هاوسەری بەناوی خۆشەویستی یەوە, بەقەناعەتی خۆشی،ئەو کەسەی خۆش دەوێت، بەڵام لەبنەرەتدا ئەو تەنها ئارەزویەکی کاتی سێکسی پێیەتی و ناوی لێناوە خۆشەویستی و چونکە لەبنەرەتدا ئەو نازانێ خۆشەویستی چیە , بۆیە کاتێک ئارەزووە سێکسیەکانی تێر دەبێت بەدوای کەسێکی تردا دەگەڕێت، بەڵام دوا جاریش لەو گەڕانەزۆرە دا بەناوی خۆشەویستی یەوە دووچاری نامۆ بوون و ئازاری دەرونی دەبێت و هەرگیز ناگات بەئارامی و ئاسودەیی و خۆشەویستی. بۆیە کۆمەڵگای مۆدێرن دووچاری لاوازی خۆشەویستی هاتوەو ڕوانین بۆ ڕەگەزی بەرامبەر تەنها ڕوانینێکی سێکسیانەیەو زۆرینەی تاکەکانیشی بەهۆی نەبوونی هەستی ڕاستەقینە بۆ خۆشەویستی و تێگەیشن لێ دووچاری خەمۆکی و دڵ ڕەقی بوون ناتوانن خۆشەویستی بکەن، جگە لەڕوانینی سێکسیانە.

## خۆشەویستی خود , یان خود شەیدایی...

ئەم جۆرە لە خۆشەویستی،سەرهەڵدانی پەیوەستە بە کۆمەڵگای هاوچەرخەوەو لەئەنجامی ترس و دوودڵی، لەرامبەر پەیدا دەبێت و مرۆڤ وادەکات هەموو شتێ، لە دەرەوەی خۆی ڕەتبکاتەوەو خۆی بکاتە گەورەی هەموو شتەکان. ڕەنگە ئەو ڕوانگەیە بەسەر خۆشەویستیشدا بچەسپێ, بەمانایەکی تر ئەوڕوانگەیە بەسەر هەندێک پەیوەندی خۆشەویستی یشدا دەچەسپێ و هەموو شتێکی لەپێناوی خۆشگوزەرانی خۆی دا دەوێت, کەلەبنەڕەتدا ئەو جۆرە لە



خۆشەویستی نەخۆشی یەو ناکری وەک خۆشەویستی سەیر بکرێ، لەوەش زیاتر مرۆڤ لەنجامی کارکردە کانی ناو کۆمەڵگاو چەپاندنەوە دەگات بەوەی دووچاری خودشەیدایی بێت, ئەگەر ناهیچ مرۆڤێک،کەلەدایک دەبێت هەڵگری هیچ سیفاتێک نیەو کۆمەڵگاو دەوروبەر،ئەو سیفاتەی بەسەر دا دەسەپێنێ.

کاتێک مرۆڤ دووچاری چەپاندنی غەریزەکانی دەبێت،ئیدی دووچاری نامۆ بوون دێت و جگە لە خۆی هیچ شتێکی دی نابینێت و لەڕووی سایکۆلۆژیەوە دووچاری ئاڵۆزی دێت و پەنا بۆ خۆشەویستی خۆی دەبات و ئەوەش کاریگەری قوڵ لەسەر دەرونی دادەنێت، کەهەموو شتێک لەبەرامبەر خۆی دا دابنێ و بەچاوی بەرژەوەندیەکانی خۆی بیانپێوێ،ئەو ڕوانینە تاک ڕەهەندیە وا دەکات خۆی لە جێ هەموو شتەکان دابنێ و هەمیشە بەزمانی باڵای (من) قسە بکات و خۆی بەسەر هەموو شتەکانی تردا بسەپێنێ و هەموو شتەکان بەموڵکی خۆی بزانێ،بەتایبەت ئەوشتانەی لە ژێر دەسەڵاتی دایەو ملکەچی غەریزەو ئارەزووەباڵاکانی یەتی و خۆشەویستی یشی بۆهەر شتێک ناگاتە ئاستی خۆشەویستی خۆی و دەیەوێت هەمووی موڵکی خۆی بن.

فرۆم دەڵێت[46] (لەشێوازی ژیانی موڵکایەتی دا پەیوەندیم بەجیهانەوە پەیوەندی ملکایەتی و خاوەنێتیە، پەیوەندیەکە تیایدا دەمەوێت شمەک و کەسێک و تەنانەت خودی خۆشم موڵکی خۆم بن)

هەستی خود شەیدایی مرۆڤ دەگەیەنێت بەو ئاستەی هەموو هەستەکانی خۆی بۆ خۆشەویستی لە دەست بدات وەتەنها خودی خۆی خۆش بووێت وشتەکانی تریش وەک کاڵا سەیر بکات، ئەوەش سەرچاوەیەکە بۆ دروست بونی سایکۆلۆژیەتی ڕق بوونەوە لەو شتانەی

بەدەستی دەهێنی وخۆی بەشکست خواردو ودەزانێت, کاتێک کەسێکی بەحساب خۆش دەوێت, دەیەوێت زاڵ بێت بەسەریداو کۆنترۆڵی بکات بۆ خۆی و هەمیشە هەوڵی بەدەست هێنانی ملک و سامانی زیاتر دەدات وبوونی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەزورترین شت بەدەستبهێنێ و خۆی بکاتە خاوەنیان بە ژنانیشەوە.

ئەو تاکانەی دوچاری خود شەیدایی دەبن هەمیشە لەنائارامی و دڵەراوکێی بەردەوام دان و ناتوانن،لە ئاستێک دا بووەستن و سنورێک بۆ خۆشەویستی خۆیان دابنێن, یاخود قبوڵی ئەوە بکەن کەسێکی تریان خۆش بوێت, ئەو حاڵەتە جگە لە خۆپەرستی و بەکەم گرتنی خەڵکانی ترهیچی لێ ناکەوێتەوە و بگرە, ئەو کەسە زۆر لاوازە لە هەستی خۆشەویستی داوبێ توانایە. فرۆم دەلێت[47] (مرۆڤی خۆپەرست تەنها پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە هەموو شتێک بۆ خۆی دەخوازێ هیچ چێژێک لە بەخشین وەرناگرێت لەکاتیک دا چیژ لەوەرگرتن وەردەگرێ, تەنها لەگۆشەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە لەدنیای دەرەوە دەڕوانێ، بایەخ بە پێویستی خەڵکانی ترو کاروباری هاوڕێیەتی وشەرافەتی خەڵکانی تر نادات, ئەو جگە لە خۆی ناتوانێت هیچ شتێکی تر ببینێت ئەو سەبارەت بە هەموو کەسێک و هەموو شتێک، لەگۆشە نیگای سودو بەرژەوەندییەک کە لەوانەیە بۆ خودی خۆی بەدەستی بهێنێ, هەڵوێست وەردەگرێ، لەبنەڕەتدا لەبەرامبەر خۆشەویستی دا لاواز وبێ توانایە).

هەڵبەتە ئەو کەسانەی دووچاری خۆشەویستی خود دەبن،کومەڵگاو دەوروبەر وایان لێ دەکات ودەگەن بەو حاڵەتە, چونکە ئەوان دوو چاری سەرکوتی زۆرینەی ئارەزوەکانیان هاتون, یاخود کومەڵگاو دەوروبەر فرێ داونەتە دەرەوە و ئیدی بۆئەوەی لەو تەنهایی ونائارامی و دڵەراوکێیە ڕزگاریان بێت دوو چاری خود شەیدایی دەبن و لەخودی خۆیان بەولاوە کەسی تر پەسەند ناکەن, لە ڕاستیدا ئەوە دەرەنجامی لاوازیو بێ توانایی ئەو کەسەیە کەبەتەنها خودی خۆی خۆش بوێت, ئەگەر نا ئەو لەرادەبەر خۆی خۆشناوێت و لەهەست کردن بەلەدەست دانی خۆشەویستی بۆ ئەوانی تر گەیشتوەتە ئەو رادەیە. ئەگەر چی فرۆم خۆشەویستی خودو خودپەرستی بەدوانەی لیک دژ دەزانێت و دەڵێت[48] (خۆپەرستی و خۆشەویستی خود, نەک تەنها یەکێک نین, بەڵکو دژی یەکتریشن. مرۆڤی خۆپەرست خودی خۆی لەڕادەبەدەر خۆش ناوێت,بەڵکو کەمتر لەئاستی پێویست خۆی خۆش دەوێت, لەڕاستیدا ئەو لەخۆی بێزارە، لەدەست دانی ئەم پەیوەندیو دڵسوزیە سەبارەت بەخود, کەتەنها یەکێک لەنیشانەکانی بێ کەڵکی خودی ئەوە, ئەو نیوان چۆڵ و ناکام دەکات, بەناچاری ئەو بەدبەخت و پەشێوانە هەوڵ دەدات ئەو چێژەی کە خۆی لە خۆی حەرامکردووە لەدەست ژیان بسەنێتەوە. وا دێتە بەرچاو کەئەویش بەشێوەیەکی نائاسایی دڵسۆزی خۆیەتی, بەڵام ئەو لەڕاستیدا کۆششی بێهودە دەکات تا شکستی خۆی لە بواری دڵسۆزی بە خۆویستی راستەقینەی بپۆشێت و قەرەبوی بکاتەوە). ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد تاک لە ئەنجامی شکستی خۆی و لەناو کۆمەڵگا و هەست کردن بەلاوازی و بێ توانایی بەو ئاستە دەگات لە خۆشەویستی خود, ئەمەش وا لە تاک دەکات لەڕێگەی بوونی هەموو شتەکان بەملکی خۆی بناسرێت و بگاتە ئاستی ئەنانیەت، کاتێک ئەو کۆمەڵگاو دەوروبەرە لە دەستی دەدات بۆ

قەرەبووکردنەوەی ئەوانە، هەوڵی بەدەست هێنانی هەموو شتێک دەدات بۆ خۆیی وئەوە ش گەیشتنە بە دوا لوتکەی خودپەرستی و ئەنانیەت.

## بەشی چوارەم

### عەشق و جۆرەکانی عەشق

### عەشق لە مێژوودا..

## عەشق لە مێژوودا..

لە بەشەکانی پێشوی ئەم کتێبەدا, لەسەر چەمکی خۆشەویستی و جۆرکانی خۆشەویستی قسەمان کرد, بەڵام لەم بەشەدا لەسەر چەمکی عەشق دەدوێین و هەوڵ دەدەین لە چەند ئاستێکی دیاری کراودا, قسە لەسەر ئەوچەمکە بکەین.

عەشق یەکێکە لەو هەستە کاریگەرانە,کە مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی جۆری بیرکردنەوە و ڕەگەزیان دووچاری دەبن, بە مانایەکی تر هەموو مرۆڤەکان لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیاندا عاشق دەبن, مەرجیش نییە ئەو عاشق بوونە دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە و هەتا دواساتەکانی ژیانی لەو حاڵەتی عاشق بوونەدا بمێنێتەوە, بەڵام عەشقیش هەیە هەتا دوا ساتەکانی تەمەن بە نەمری دەمێنێتەوە و بگرە دوای مردنیش ئەو عەشقە نامرێ. بۆیە ناتوانین پێناسەیەکی دیاری کراو بە چەمکی عەشق ببەخشین, بەڵکو جۆری پەیوەندییەکانی نێوان دوو عاشق دیاری جۆری عەشقەکەیان دەکات, لەگەڵ ئەوە ش دا هەموو نزیک بونەوە و یەکگرتنێک مانای عاشق بوون نییە.

هەندێک لە ئایینەکان بە تایبەت وئایینی مەسیحی عەشقی بە باڵاترین خواستی مرۆڤەکان پێناسە کردووە تا ئەو ئاستەی لە ژیانی خودی ئینسانەکانیش باڵاتر پێناسە کراوە و هەموو شتەکانی ژیان بەبێ بوونی عەشق هیچ بووە, یەکێک لە ڕابەرەکانی ئاینی مەسیحی (پۆڵس) بووە و زۆرترین قسەی لەسەر چەمکی عەشق کردوە و بە باڵاترین خواستی مرۆڤی داناوە و, هیچ شتێک لە لای (پۆڵس)



نەیتوانیوە بگاتە ئاستی عەشق، پۆڵس دەڵێت[49] (ئەگەر تەواوی سەروەت و سامانم بەسەر خەڵکی فەقیردا دابەش بکەم و بگرە لەشی خۆم لە پێناوی خوا بە ئاگر بسپێرم خاوەنی عشقێک نەبم. هیچ سودێک بە خۆم ناگەیەنم).

ئەو ڕوانگە سەرەتاییەی ئایین بۆ چەمکی عەشق, ڕەنگە سەرەتایەکی گرنگ بێت بۆ عاشق بونی مرۆڤ دوور لە هەموو بەهاکانی تر و هەموو بەهاکانی تر لە دەرەوەی عەشق ناتوانێت هیچ سودێکی بۆ مرۆڤ هەبێت. پۆڵس زیاتر پێداگری دەکات لەسەر باڵابوونی عەشق و بگرە عەشق لەسەر و هەموو شتەکانی مرۆڤەوەیە و دەڵێت[50] (ئەو کۆپلەیەی کە بۆم خوێندنەوە, لە هەمان قەرەچی سەردەمی مەسیحیەت بۆ ئێمە ماوەتەوە, هەر بەو شێوەیەی کە بینیمان سێ شت دەمێنێتەوە, بیروباوەڕ, و ئومێد, و عەشق, بەڵام عەشق لەسەر و هەموویانەوەیە).

ئەو ڕوانینە بۆ عەشق گەرچی جۆرێک لە نا مەئلوفیەتی داوە بە عەشق و مەبەستێکی دیاری کراوی نەداوە بەو چەمکە و بگرە تەنها وەسفی باڵایی عەشق دەکات, بەڵام عەشق بۆ مرۆڤ یاخود خواوەند بە نادیاری گوزارشتی لێکراوە, بەڵام دواتر لە شیکردنەوەکانی مانای عەشقدا, هەردوو سیفەتەکە بە مانای عەشق دەبەخشێ و زیاتر نامەئلوفیەتی چەمکی عەشق ئاشکرای دەبێت, کە ئاماژەکانی (پۆڵس) بۆعەشق, مانای عەشقی مرۆڤە بۆ خواوەند لە پلەی یەکەمدا و بە دوای ئەویشدا بۆ مرۆڤ.

ئەو جۆرە عاشق بوونە تەنها پەیوەست بونێکە بە سیستمی ئایینیەوە و شۆڕنابێتەوە بۆ عەشقی نێوان دووڕەگەزی (نێرو مێ), ئەو

ژیانە ئەویندارییەی گە زۆرترین قوربانی دەوێت, ئەگەر چی عاشق بوون بە خودا, یەکێکە لە جۆرەکانی عەشق و چونە بۆ دنیایجاویدانی (تەسەوف) و دەرچوونە لە حەقیقەتی بونی دنیاو تەسلیم بوونە بە مەعشوقێکی نادیار, بەڵام عەشقی دیار لە نێوان (نێر و مێ)دایە و هەزاران ئەفسانە و چیرۆک و داستانی مێژوویی لە بارەی عەشق و ئاکامەکانی عەشقەوە بیناکراوە, کە عەشق چەندکاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ دادەنێت تا ئاستی ئالودەبوون و پەرستن پێوەی پەیوەست دەبێت. گەرچی زۆرترین جار عاشق و مەعشوق بەیەکدی ناگەن, ئەمەش جۆرێک لە نەمری بەو عەشقە دەبەخشێت و ئەو عەشقە بۆ هەتاهەتایە لە نەست (لاشعور)دا جێگیر دەبێت و جوانترین یادەوەری ناو زاکیرەی ئەو عاشق و مەعشوقانە دەبێت, چونکە عەشق ئەو هەستە باڵایەی ئینسانە لە چوارچێوەی لەزەتی سێکسیدا قەتیس نابێت و کاتێک عەشق خرایە قاڵبی هاوسەری و لەزەتەوە بەرە ومردن دەچێت، چونکە سنوری عەشق زۆر فراوانترە لە هەموو شتەکانی تر.

زۆرترین پەیوەندی خۆشەویستی سەرئەنجامی دەگات بە ژیانی هاوسەری و ووردە ووردە ئەو خۆشەویستییە, لەگەڵ ناسینی جەستەی یەکدی کاڵ دەبێتەوە و بە دوای کەسێکی تردا دەگەڕێت و خۆشەویستی هاوسەری لەگەڵدا بکات, بەڵام عەشق تەواو پێچەوانەیە و عەشق بەتەنها هەوڵدان نییە بۆ ژیانی هاوسەری و تێر کردنی ئارەزووە سێکسییەکان, بەڵکو عەشق زیاتر پەیبردنە بە شتەکانی ناوەوەی مرۆڤ و تێکەڵ بوونی هەست و نەستەکانی ئەو دوو مرۆڤەیە و حاڵەتی نزیک بوونەوەی (هەست و نەست) ی یانە, کە قورسترین



کاریگەری لەسەر یەکدی دادەنێن و ناتوانن لە زاکیرەی یەکدیدا بسڕێنەوە... چونکە ئەو دوو تاکەی عاشقی یەکدی دەبن نزیک بوونەوە تا ئاستی ئالودەبوون و تێکەڵ بوونی ڕۆحەکان دەچن, بەڵام کاتێک ئەو نزیک بونەوەیەی ڕووحیان دەگات بە ئاستی لەزەت, ئیدی ووردە ووردە عەشقەکەیان بەرە و لاوازی و مردن دەچێت.

ئەو مرۆڤەی عاشقی کەسێک دەبێت و لە دوای ئەو عەشقەوە ژیانی هاوسەری هەڵدەبژێرێ, لەگەڵ کەسێکی تردا, بەڵام عاشقی نییە, کاتێک دووچاری بێزاری و ئاستەنگ دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، ڕاستەوخۆ ئەو پەیوەندی عەشقەی لە زاکیرەیدایە سەر دەردەهێنێ و بەردەوام لە لاشعوریدا لەگەڵ مەعشوقەکەیدا دەژی.. بۆیە دەتوانین بڵێین عەشق کاریگەرترین پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤە و لە یادەوەری مرۆڤ دەرناچێت.

لە پێشتردا قسەمان لەسەر عەشقی خواوەند کرد, کە ئەم جۆرە عەشقەیان لەلای پیاوانی ئایینی بە تایبەت (سۆفییەکان)،کە هەموو ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی مەعشوقەکەیان ڕازی بکەن و دەست لە هەموو شتە دنیاییەکان هەڵدەگرن و ڕودەکەنە خودا و هەوڵی ڕازیکردن دەدەن،ئەم جۆرە عەشق کردنە لەگەڵ مەعشوقێکی نادیار دا زیاتر تەسلیم بوونە بەوەی کە ئەم داوای پاک بونەوە دەکات و بۆیە هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکات, یوحەننا دەڵێت[51] (خواوەند عشقە). ئەگەر لە دیدێکی جیاواز لە دیدی ئایینی لە چەمکی عەشق بڕوانین, ڕەنگە جیاواز لەو دیدە بیربکەینەوە و ڕوانینمان بۆ چەمکی عەشق و ئەو پەیوەندیە ئینسانییە تەجاوزی زۆر گریێ دەروونی بکات, چونکە عەشق لەزۆر

جاردا ژیان بەرەوجوانتر دەبات و زاڵ دەبێت بەسەردڵ ڕەقی مرۆڤدا و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئازادبوونی ڕووح.

دیارە قسەکردن دەربارەی چەمکی عەشق بەجیا لە چەمکی خۆشەویستی ڕەنگە کارێکی پڕ گرێ و گۆڵبێت, بە تایبەت عەشقی نێوان (نێرو مێ)،چونکە بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران بەو جۆرە قسەیان لەسەر عەشق و خۆشەویستی کردووە و لێکیان جیانەکردونەتەوە و زۆرجار لە جیاتی یەکدی ئەو دوو چەمکەیان بە کارهێناوە و جیایان نەکردوەتەوە, بۆیە کاری جیاکردنەوەی عەشق لە خۆشەویستی زۆر قورس کردووە،کە بۆ خۆی ئەو دوو چەمکە لە ڕووی ماناوە, بە درێژایی مێژوو و تازەمەنی ئێستا جیاوازن لە یەکدی و ناکرێ یەک پێناسە بۆ هەردووکیان بەکاربهێنرێت, ئەگەر سەرەتای خۆشەویستی و عەشقیش بە حەزلێکردن دەست پێدەکات, بەڵام دواتر مەساریان جیاواز دەبێت و خۆشەویستی دەبێت بە دروستکردنی پەیوەندی دوولایەنە و بەیەک گەیشتنی جەمسەری (نێر ومێ) لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەریدا, بەڵام عەشق زۆر جار تەنها پەیوەندییەکی ڕووحیە و مانای بەیەک گەیشتنی ئەو دوو جەمسەرە ناگەیەنێ و زۆر جار مرۆڤ لە نیگای یەکەمیدا عاشق بە مرۆڤێکی تر دەبێت و تا دواساتەکانی تەمەنی دەبێت بەبەشێکی جیانەبوەوە لە زاکیرەی, بەبێ ئەوەی ئەو دوانە بگەنە ژیانی هاوسەری, چونکە ئەو دوو مرۆڤە بە تەنها پەیوەندییەکی ڕووحیان بەیەکەوە هەیە. یەکێک لەو نموونانە (پیترارک) بوو, کە گیرۆدەی عەشقی (لۆرا) دەبێت, تا دواساتەکانی تەمەنیان بە پاکێتی عەشق دەکەن و هیچ بەریەکەوتنێکی جەستەییش ڕوونادات, بەڵام بۆ هەتا هەتایە لە دڵی



پیتراركدا مایەوە و لەوبارەیەوە پیترارک دەڵێت[52] (سەعات یەکی ڕۆژی شەشی نیسانی ساڵی1327 بۆ یەکەم جار لە کڵێسەی سانتا کلاری شاری ئەڤینیۆن چاوم بە لۆرا کەوت کە لە گۆرانێکانمدا دەنگی دایەوە ساڵی1348یش هەر لەو شارە و هەر لەو مانگ و ڕۆژ و سەعاتەدا ئەو خۆرە لە ژیانمدا ئاوا بوو).

جگە لەوەی عەشق هەڵگری سیفاتی نەمری یە و عاشق و مەعشوق بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە پێی دەگەن, لە هەمان کاتیشدا عاشق و مەعشوق هەمیشە ئامادەی قوربانیدانن بە جەستەی خۆیان بۆئەوەی ڕووحیان نەمرێ و بە زیندوویی بمێنێتەوە.

بە هەرحاڵ وەک ئاماژەم بۆکرد لەبەرئەوەی زۆرجار عەشق و خۆشەویستی هەردووکیان بەکارهێنراوە و زۆر جاریش لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران و بیرمەندانەوە, لە یەک ڕستەدا عەشق و خۆشەویستی وەک یەک باسکراون و لێک جیانەکراونەتەوە, تا ئەندازیەکی زۆر ئاڵۆزی دروست کردووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو چەمکە لە یەکدی و کەمی وسەرچاوەی تایبەت و جیاکراوەی ئەو دوو چەمکە کاری ئەو کەسانەی قورس کردووە کە دەیەوێت جیاکاری بکات و هەرچەمکێک بەجیا قسەی لەسەر بکات.

بیرمەندێکی وەک فرۆم کە زۆرترین قسەی لەسەر ئەو دوو چەمکە کردووە, لە زۆرترین حاڵەتدا بە گشتی قسەی لەسەر هەردوو چەمکەکە کردووە, یاخود بە تێکەڵی قسەی لەسەر کردوون بۆ نموونە فرۆم دەڵێت[53] (خۆشەویستی لە چرکە ساتی یەکەمدا پەیوەندی بەیەک کەسی تایبەتیەوە نیە, بەڵکو زیاتر جۆرێک لە هزرو بیرکردنەوەی مرۆییە کەئەو بە تەواوی جیهان, نەک بەیەک"

مەعشوق " ی تایبەتەوە دەبەستێتەوە, ئەگەر مرۆڤ تەنها یەکێکی خۆشبوێت و خەڵکانی تر پشتگوێ بخات, ئەو پەیوەندیە خۆشەویستی نییە, بەڵکو جۆرێک پەیوەستی و هاوکاری یان خۆپەرستی گەشەی کردووە. بەم پێیە زۆربەی خەڵک وا بیردەکەنەوە هۆکاری خۆشەویستی بونی مەعشوقە).

جیانەکردنەوەی چەمکی عەشق و خۆشەویستی وای کردووە, کە زۆربە ئەو دوو چەمکە بە گشتی قسە لەسەریان بکرێ و ماناکانیشی لە جێگای یەکتر بەکاربهێنرێ, لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو چەمکە نزیکایەتییەکی زۆریان پێکەوە هەیە و هەردووکیان پەیوەندیان بە لایەنە(هەستی و نەستی) یەکانی مرۆڤەوە هەیە, بەڵام دەبێت درک بەو ڕاستیەش بکەین کە جیاوازییان هەیە.

# بەشی پێنجەم

خۆشەویستی و عەشق لەکۆمەڵی کوردیدا

-خۆشەویستی و هاوسەر لە کۆمەڵی کوردیدا

-قەدەغەبوونی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردیدا

-ترس لە خۆشەویستی

-خۆشەویستی لەلای ڕۆشنبیری کورد

## خوشەویستیو هاوسەری لەکۆمەڵی کوردیدا

کۆمەڵگای کوردی بەهۆی پەیوەست بونی ڕووحیانەی بە کەلتوری ئایینیو خێڵەکی و بەردەوام لەژێر کاریگەری ئەو دوو پێکهاتەیەدا بووە, بۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سۆزدار یەکانیشی بەپێ ئەو کەلتورە ئەنجام داوە, بەمانایەکی تر ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لەکۆمەڵی کوردیدا, وەک کۆمەڵگاکانی تری هەڵگری ئایین و کەلتوری خێڵ مومارەسەکردنی گوناهو حەرام بووە, تاکی کوردی بەدرێژایی مێژووی خۆی نەیتوانیوە بەئازادانە مومارەسەی خۆشەویستی و ژیانی هاوسەری بکات و هەر تاکێک سەرپێچی فەرمانەکانی ئایین و خێڵی کردبێ دووچاری سزای توند بووە.

ڕوانینی پیاوی کورد بۆ مەسەلەی خۆشەویستی و ئازادی خۆشەویستی و هاوسەری هەمان روانینی ئایینی بوە کە ژنان ناتوانن خۆشەویستی بکەن وهاوسەری خۆیان بەخواستی خۆیان هەلبژێرن, بەڵکو ئەو پیاوە بڕیاری چارەنوسی هاوسەری دەدات بۆ نەوەکانی و دەبێت ڕازیش بن بەو چارەنوسە, ئەگەر لەڕووی لۆژیکیەوە لەژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لەلای کۆمەڵی کوردی بڕوانین, لەگەڵ ئەوەی خاوەنی کەمترین لێکۆڵینەوەی زانستین لەو بارەیەوە, بەڵام لەڕوی پراکتیکیەوە هەموو ئەو ئاماژانە ئاشکرا دەبێت,کە چۆن پیاوی کوردی هەموو ڕێمانیەکانی ئاینی پیادە کردوە بەسەر تاکەکاندا سەپاندویەتی. لەسەردەمی دەوڵەتی مادەوە،کەزۆرێک لەسەرچاوە مێژووییەکان, بەدەوڵەتی کوردی دادەنێت, تاهاتنی



ئیسلام و دوای ئەویش زەمەنی ئێستاش، بەرامبەر بەخۆشەویستی و هاوسەری هەمان ڕێچکەی پیاو سالاری ئایینی جێبەجێ کراوە لەسەر ژنان, لەگەڵ ئەوەی جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە لە ڕوانینی ئایینی زەردەشتی, کە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی ماد بووە, لەگەڵ ئایینەکانی تردا, چونکە هەموویان بەرگریان لە پیاو سالاری کردووە پیاویان بەگەورە سەرداری ژنان داناوە و پیاو(باوک, برا, هتد..) بڕیار لەسەر چارەنوسی هاوسەری نەوەکانی دەدات, وەک لەم نموونەیەی ئاینیی زەردەشتیدا هاتووە دەڵێت[54] (پاشا ژن: لەکاتێکدا کچ دەگاتە تەمەنی باڵق بوون بەموافەقەت وبەباش زانینی دایک و باوک لە کوڕێک مارە دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی هەموو کچێک, بۆیەکەم جار بەڕەزامەندی باب و دایکی دەبوو بەبووک).ڕەنگە خوێنەر وا لەو نمونەیە تێبگات کەئایینی زەردەشتی باوەڕی بەمافی ژنان هەبووە, بۆیە دەبێت ڕەزامەندی دایک وەربگیرێ, بەڵام خۆی لەبنەڕەتدا گرفتەکە لەوێدانیە, بەقەدەر ئەوەی ئەو کچە دوور لەئیرادەی خۆی بەشوو دەدرێ وهیچ حسابێک لەسەر هەست و ئارەزووەکانی ناکرێ, جگە لەوەش لەتەمەنی زۆربچوک دا ئەو بڕیارەی بەسەردا دەسەپێنرێت،کەتەمەنی باڵق بوونەو, وەک عادەتیش پیاو گەورەی ماڵەو دەبێت ئەو بڕیاری یەکەم بدات ئینجا ژن, ڕەنگە ئەو پرس کردنە بەژن تەنها پرس بێت نەک بڕیار دان.

هەڵبەتە ئەو ڕەوتە باوک سالاری وپیاو مەزنیە, بەشێکی گەورەی کەلتوری ئاینییە بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ژنان, ئەوەش ڕێگری جدی بووە بۆ لەدایک بوونی خۆشەویستی ودروست کردنی ژیانی هاوسەری, لەسەر بنەمای خۆشەویستی و هەڵبژاردنی خۆشەویستی

وهەڵبژاردنی ئازادانە. وەک ئاماژەم بۆ کرد ئایینەکان بەگشتی ڕێگری سەرەکی بوون بۆ دروست بوونی هەستی خۆشەویستی وبەرجەستە بوونی, چونکە ئایینەکان هەمویان بەزمانی پیاو قسە دەکەن ودەیانەوێت دەسەڵاتی پیاو حوکم بکات, بەمانایەکی تر ئایینەکان هەموویان بۆخزمەتی پیاو دەسەڵاتی پیاو بە وجود هاتوون وپیاوان بڕیاردەری یەکەمینن بۆ هەموو کارە دنیاییەکان, بە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەریشەوە, ئەوەش دەقاو دەق لەکۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و جێبەجێ کراوە نەوە دوای نەوە پەیڕەو کرا وە, چونکە ئامۆژگاریەکانی ئایین بووەتە عەقڵیەتی و لەسایکۆلۆژیەت و کەسێتی تاکی کوردیدا جێگیر بووە ژنانیش تائەو پەڕی ناچار کراون فەرمانەکانی ئایین ولەڕێگەی زمانی پیاوەوە جێبەجێ بکەن و ملکەچی بن.

لەبەر ئەوەی لەپانتایی ڕۆشنبیری ئێمەدا سەرچاوە گەلێکی ئەو تۆمان لەبەر دەستی دا نی یە،کەبەشێوەیەکی تایبەت قسەیان لەبارەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی و هاوسەری کردبێ،جگە لە نووسینی پچڕ پچڕی کورد ناس و ڕۆژهەڵات ناسەکان،کە ئەوانیش زیاتر پشتیان بەستوە بەو شتانەی کەبۆیان گێڕاونەتەوە,یاخود لە ڕووکەشدا بینویانە،کەئەمەش ناچێتە چوار چێوەی لێکۆڵینەوەوە. بۆیە کە لتوری ئێمە لەبواری قسەکردن, لەژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی و عەشق دا زۆرلاوازە.ئەمەش وای کردووە ئێمە پەنا بۆ سەر چاوەی دەرەوەی خۆمان بەرین و بزانین ئەوانەی دەرەوەی خۆمان چۆن قسەیان لەسەر کردووین, بۆ ئەوەی بتوانین شتێکی لێ هەڵ هێنجین, گەر چی قسەکردنەکانی ئەوانیش لە چوار چێوەی کەلتوری ئایینی و



خێڵ و دەسەڵاتی باوکسالاری تەجاوزی نەکردوە و بگرە زیاتر خزمەتیان بەو کەلتورە کردووە, واتە کەلتوری ژێر دەستە کردنی ژن.ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت[55] (زۆر کەس لەو بڕوایەدان سەرچاوەی هەندێ لە کورد ناس و خۆر هەڵاتناس و ئەو گەڕیدە بیانیانەی هاتونەتە کوردستان و لەگەڵ مرۆڤی کوردا ژیاون، باشترین دەستپێکردنن لەو بارەیەوە،کەچی کاتێک بەوردی تەماشای بەشێکی زۆری ئەو دەقانە دەکەین،بۆمان دەردەکەوێ زیاتر لەوەی و یستویانە وەسفێکی پەیوەندییە سۆزگەراکان بکەن و بەو شێوەیە دایانبڕێژنەوە کەکۆمەڵگای کوردی ڕازی بکەن،ئەوەندە ڕەخنە گرانە قسەیان لە سەر نەکردوون).

لێرەوە ئەو ئاماژانە ئاشکرا دەبێت،کەئێمەی کورد ناتوانین هیچ شتێکی ئەو تۆ لە دەقی ڕۆژهەڵات ناس و گەڕیدەکان هەڵهێنجین,لەبارەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی یەوە،جگە لەو کەلتورە باوەی، کەدەسەڵاتی نێر سالاری چوار چێوەڕێژی کردووە،کەسەرچاوەکەی ئایین و خێڵە, بەڵام بەو پێیەی لەکەلتوری ئاین و خێڵ داخۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری گەورەترین تاوان بووەو سزاکەشی کوشتن بووە, دەتوانین سەرداوێک بەدەست بهێنین،کەپیاوی کۆمەڵگای کوردی هیچ جیاوازیەکی ئەو تۆی نەبووە,لەپیاوی کۆمەڵگاکانی تری خاوەن هەمان ڕوانین, سەبارەت بەژیانی هاوسەری و ئازادی خۆشەویستی،ڕەنگە تاک و تەرایەک لەخۆر هەڵات ناسەکان بەواقیعی قسەیان لەسەر ژیانی خۆشەویستی و هاوسەری کردبێت و ئاماژەیان بەو توندو تیژی و سزا دانەبێت،کەبەرامبەر بەژنانی کورد کراوە لەسەر خۆشەویستی.

هێنی هارڵد هانسنی[56] (جەخت لەسەر باری خراپی ژیانی ئافرەتی کوردو پەیوەندیە عاتیفەکان دەکاتەوە)..

ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی, لەکۆمەڵگای کوردی دا بەوشێوەیە گوزەری کردوەو بەشی ژنانیش توندو تیژی و ئازار بووە لە دەست ئەو کەلتورەو ئەو ڕەوتە, بەهەمووئازارەکانیەوەو درێژەی کێشاوە, دەتوانین بڵێین تائێستاش کەدنیا یەک گۆڕانکاری گەورە, لەژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پەیوەندیە کانیدا ڕووی داوە، بەڵام لەکۆمەڵگای کوردی دا مەسەلەی کوشتن لەسەر خۆشەویستی، لەسەدەی بیست ویەک دا بوونی ماوەو جێ بەحێ دەکرێ و ئێستاش ڕەخنە گرتن لەسەر ئایین و کەلتوری خێڵەکی بۆ ڕۆشنبیرو نوسەری کورد زۆر زەحمەت بێت.

گرفتی سەرەکی بەردەم لێکۆڵینەوە لە چەمکی خۆشەویستی،بۆ ئێمەی ڕۆشنبیری کورد ئەوە بووە, کەنەمانتوانیوە خۆمان لەسنورەکانی حەرام بدەین و بیبەزێنین, ئەوکەشەش بەدرێژایی مێژوو، ئەگەر نەڵێن تائێستا بەسەر ماندا زاڵ بووە،بۆیە ئێمە نەمانتوانیوە قسەی جدی لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی بکەین و ئەو سنورە حەرامکراوانەی بەدەوری ئەو چەمکەدا کێشراوە ببەزێنین و هەوڵی خوێندەوەیەکی واقیعانەی ژیانی سۆزداری و خۆشەویستی بدەین و ڕێگریەکان دیاری بکەین، کەسەرچاوەی سەرەکین بۆ ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لەوێشەوە بزانین ژیانی هەستەوەری وخۆشەویستی لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەچی ئاستێک دایە؟.



## قەدەغەبوونی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردیدا.

بەدرێژایی دروست بوونی کۆمەڵگای کوردی،تابەزەمەنی ئێستا دەگات خۆشەویستی گەورەترین سانسۆری لەسەر بووەو هەمیشە بە کارێکی گوناهو حەرام دانراوە و ئەو کەسانەی دەستییان بۆ ئەو کارە بردبێ و خۆشەویستییان کردبێ دوو چاری گەورەترین سزابوون و گەورەترین ئازاری دەروونی و جەستەییان بەرکەوتووە.

ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کوردی هەمیشە بەنادیاری قسەیان لە خۆشەویستی کردووە و نەیانتوانیوە ئەوەی لە ناخیاندایە بەنووسین و لەگوتارەکانیاندا ئاماژەی بۆ بکەن و دەری بڕن و بەئاشکرا بەرگری لەخۆشەویستی بکەن،لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئێمە لەقۆناغە جۆراو جۆرەکاندا،بەرگرییان لەدەسەڵاتی پیاو سالاری و ئایینی کردووە و دژی هەر جۆرە ئازادی و کرانەوەیەک بوون و ژنیان بەکارەکەری ماڵ و بەخێوکردنی مناڵ و لانکەی ئارامی پیاو داناوەو بۆشیان نیە سەر پێچی لەفەرمانەکانی پیاو بکەن. مەلا مەحمودی بایەزید دەڵێت[57] (شوکردن ئافرەت دەکاتە کارەکەری ماڵ,ئەگەر ماڵێ کارەکەری نەبوو,ئەوە بزانە کارەکەری ئەو ماڵە ژنە).

نەبوونی زۆرترین قسەکردنی جدی لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی بەشێوەی نووسین،گرفتێکی گەورەیە بۆ جیاکردنەوەی ڕوانگەی جیاوازەکانی نووسەران و ڕۆشنبیران لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی،لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەنووسەران و ڕۆشنبیران کۆمەڵگای ئێمە لێرەو لەوێ و لەبەرخاتری ووڵاتانی دراوسێ و

خۆرهەڵات ناسەکان,چەند قسەیەکیان لەسەر ژیانی‌ژنی کورد کردوە, بەڵام لەچوار چێوەی پیاهەڵدان بەژناندا تەجاوزی نەکردووەو نەچۆتەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکان و بگرە وویستویانە وێنەیەکی جوان بدەن بەدەرەوەی خۆیان,کەلەمەشیان دا کورتی هێناوە،چونکە نەیانتوانیوە ئەودەسەڵات و هەستی نێر سالارییە بشارنەوە،کەهەڵگری باگراوندێکی ئایینی‌وخێڵەکی‌یە،بەجیاواز لەولایەنە بەشێک لەشاعیرانی ئێمە هەوڵیان داوە قسە لەسەر لایەنی خۆشەویستی بکەن,بەڵام ئەوەشیان جۆرێک لەنادیاری‌و سڵەمینەوەی پێوە دیارە لەترسی بنەمای ئایینی‌و کەلتوری‌و ئەخلاقی کۆمەڵگا,کەهەمیشە قسەکردن جێگای ترس بووە بۆ خودی نووسەرەکەی.ئەوەش بەو مانایە نەبووە کەکەس نەیتوانیوە ڕەچەشکێنی بکات و ڕەخنە لەو سنوورە حەرامکراوانە بگرێت،کەلەسەر پەیوەندی‌و خۆشەویستی دانراوە،ڕەنگە بەشێک لەو ڕەچەشکێنانە لەئاکامی ناکام بوونی خۆیی بووە لەپەیوەندی‌و خۆشەویستی‌دا,لەبەرئەوەی هەستی خۆشەویستی کارییگەریەکی زۆر قوڵی هەبووە لەسەر هەست و سۆزو کەسێتی‌و نەیتوانیوە دەست بەرداری بێت,کاتێک مەحرووميان کردووە لەخۆشەویستەکەی زمانی نووسینی پژاوەو لەڕێگەی شیعر و ئەدەبیاتەوە گوزارشتی لەوەی ناخی کردووەو نەفرەتی لەو دەسەڵات و کەلتوورە کردووە, کە هۆکاری ئازاردانی دەروونی ئەو بوون.

قەدەغەبوونی خۆشەویستی،یاخود حەرامیەتی چەند کاریگەری لەسەر ژنان هەیە,ئەوەندەش لەسەر پیاوان,چونکە خۆشەویستی تێکەڵ بوونی هەست و سۆزەکانی هەردوو جەمسەرە,بۆیە بەناکام گەیشتنی خۆشەویستی کاریگەری لەسەر هەردوو ڕەگەز دادەنێ‌و هەوڵدان بۆ



ئازادکردنی خۆشەویستی هەوڵدانە بۆ ئازادی مرۆڤ بەبێ بوونی جیاوازی ڕەگەزی، بەڵام دیارە پیاوی کەلتوری ئایینی، تەنها لە ڕوانگەی ئارەزووە سێکسیەکانیەوە سەیری ژنی کردوەو خۆی ئیختیاری ژنی کردووە بە پێی بەرژەوەندی مادی و سێکسی و کەلتوریش ڕێگەی پێداوە زیاتر لە یەک ژنی هەبێت. دیارە لەو حاڵەتەدا مانایەک بۆ خۆشەویستی بوونی نیە جگە لە ڕەوانگەیەکی سێکسی و کالایی و بە پێی توانای مادی دەتوانێت ژن بکرێ و ئارەزووەکانی خۆی لێتێر بکات، کاتێک ژیان مانای خۆشەویستی وون دەکات و مرۆڤ دەبێتە کالا، ئیدی ژیان دۆستی مانای نامێنێت و کۆمەڵگایەکی بێ‌هەست بوونی دەبێت.

ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کۆمەڵگای ئێمە لە ترسی لە دەست دانی ووزەی ژیان و نامۆ بوونیان بە هەستی خۆشەویستی، تاکو تەرا ڕەخنەیان لەو کەلتورو بنەمایانە گرتووە، کە هەموو گوزارەشت کردنێکیان لە هەست و سۆزە ئینسانیەکان قەدەغە کردووە، بەڵام وەک لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد زۆر جار مەترسی مەرگیشیان لەسەر بووەو گوێیان پێ نەداوە، چونکە ئەو کارەیان لە پێناوی ژیاندا کردووە، یەکێک لەو شاعیرانە. پیرەمێردە کە زۆر بویرانە ڕەخنە لەو عەقڵ و کەلتورە دەگرێ حەرامیەتی سەر خۆشەویستی و ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر ڕەتدەکاتەوە و دژی ئەوە دەوەستێتەوە و دەیەوێت بەو کەلتورو عەقڵیەتە بڵێ تا ئەو جێگایەی قەدەغەکان و حەرامەکان بالا دەست بێت ژیان بوونی خۆی وون دەکات و زیان بە تاکەکانی دەبەخشێت. پیرەمێرد دەڵێت[58] (زۆر پێویستە بۆ سەلامەتی ئیزدیواج، شوکردن و ژن هێنان سەربەست بێ و حەقی ئینتخاب بەهەردولا بدرێ، سەندنەوەی

ئەم مافە لە کچان و کوڕان، دوو ئەنجامی زیان بەخشی هەیە، یەکەمیان پەیوەندی هەیە بە بەختەوەری داهاتووە وە کە ئامانجی هاوسەر گیریە، هەرشوکردن وژن هێنانێک نابەدڵی تیابێ "..." خانووی سەعادەت ئەڕوخێنێ).

ڕەخنە گرتن لە کەلتورو عەقڵیەتی پیاو سالاری ئایینی، بۆخۆی شکاندنی تەلسمی پیرۆزی باڵا دەستی پیاوە و، هێمایەکش بووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی قەدەغەکان و پیرۆزیەکان و ڕێنمایی کردنی ژنانی و کچانیش بوون بۆ یاخی بوون لەو کەلتورەی، کەبە زۆر دور لە ئیرادەی خۆیان بە شویان دەدان و هیچ حسابیکیان بۆ خۆشەویستی و هەستی سۆزداری نەدەکرد و، وە گێڕانەوەی مافی یەکسانیش بوو بۆ هەردوو ڕەگەز، بەوەش ژیانی هەستەوەری مانا پەیدا دەکات و مرۆڤەکان ئازاد دەبن، کەژیانی خۆشەویستی و چارەنوسی هاوسەری خۆیان دیاری بکەن. پیرەمێرد دەڵێت[59] (بۆیە ئەگەر پیاو نەیەوێت ببێتە گاڵتەجاڕی بیرو باوەڕە هەڵەکانی خۆی، پێویستە واز بهێنێ لە هەموو جۆرە دەست تێوەردانێک بۆ سەر ژیانی هەستەوەری ژن ! " حەقی شوو کردن بدەن بە کچان".).

ئەو هەستە گەورەیەی پیرەمێرد دەری بڕیوە بۆ شکاندی قەدەغەکانی سەر خۆشەویستی، ڕەنگە لەو سەردەمەدا بوو بێتە هەوێن و هاندانی ژنانیش بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە خوێندنەوەو فێربوون، چونکە خوێندنەوەو فێربوون یەکەمین دەروازەیە کە بەڕووی مرۆڤ دا دەکرێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بناسێ و دەوروبەر بناسێ و هەست بە ئازار و قەدەغەکانیش بکات. لایەنێکی تری ئەو ڕەخنانەی پیرەمێردە ڕەنگە هاندەرێکی باش بێت بۆ نوسەران و ڕۆشنبیرانی هاوتەمەنی



خۆی و دوای خۆشی، کە هەست بەو گۆڕانکاریە گەورەیە بکەن، کە ناچاریە دەست لە زۆر شتی کۆن هەڵگرن، باوەڕ بە گۆڕانکاری بهێنن.

چونکە ناکرێ توێژی بەئاگای کۆمەڵگا بە شداری لەو گۆڕانکاریە گەورەیەدا نەکات و نەچێتە سەنگەری پێشکەوتنەوە، چونکە بیرو باوەڕی کۆن و پیرۆزیەکانی و قەدەغەکانی بووەتە مۆتەکەیەک دەستی خستۆتە بینە قاقای ژیانی هەستەوەری خۆشەویستی و بەبێ شکاندنی ئەو پیرۆزیانەو ڕەخنە گرتنی جدی ڕۆشنبیران ئەو گۆڕانکاریە گەورەیی کاروانی بە ڕێ خستوە سست و لاواز دەبێت.

ڕەوتی ڕەخنە گرتن لە عەقڵیەت و کەلتوری ئایینی و پیاو سالاری، بوارێکی بۆ کەمێک ئازادی لە ناو شارەکاندا خۆش کرد، بەڵام کەمترین کاریگەری بەسەر لادێکانەوە نەبوو، لەوێ ژنان هەر دەفرۆشران، بە زۆر بە شوو دەدران, شەوی یەکەمی بووک بۆ ئاغاکان بوو، کچان لەسەر بێشکەمارە دەکران، ئەو کەلتورە ئیستاش لە کۆمەڵی کوردی دا، دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریەی لە دنیا دا ڕووی داوە، لە بەشێک لە شارەکان و لادێکانی کۆمەڵگای کودی دا جێبەجێ دەکرێ و ئیستاش خۆشەویستی کوشتنی لەسەرەوناموس پەرستی بڵاوترین قەزیەی کۆمەڵگای ئێمەیە، لەگەڵ ئەوەی ژنان بە ئاستێکی باش هۆشیارن.

بەشێک لە داب و نەرێتە کۆنەکان گۆڕانکایان بەسەردا هاتوە، وەک ئەوەی ژنان دەتوانن کار بکەن لە فەرمانگەکان و بەشدری کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بکەن و بەشێک لە پیاوان گۆڕانکاری

بەسەر عەقڵیەتیاندا هاتووە، ئەمانە هەموویان کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی کەمێک عەقڵیەتی قەدەغەو حەرام کاڵ ببێتەوە و قسە کردن لەسەر خۆشەویستی و پەوەندی سۆزداری فراوان ببێت، بەڵام دیسان ژنان بە تەواوەتی ئازاد نەبوون و یەکسان نین لەگەڵ پیاواندا و عەقڵیەتی ئایینی بوونی هەر ماوە، هێشتا هەستی تاکگەرایی بە تەواوی لە کۆمەڵگای ئێەدا گەشەی نەکردوە و خێزانی شمولی و دەستە جەمعی بەبێ حساب کردن لەسەر هەست و سۆزەکانی تاک بڕیاڕ دەدات و ژیانی تاک بەزۆری فەرامۆش دەکرێ و گوێ لێناگیرێ. هەتا هەستی تاکگەرایی بە تەواوەتی لە کۆمەڵی کوردی دا نەچەسپێ و پەیوەندی یە تایبەتی و سۆزداریەکانی ئینسان تایبەت نەبێت بە خۆی و کەس نەتوانێ دەست وەربداتە شتە تایبەتی یەکانیئینسانەوە، بە تەواوەتی ووزەی ژیان دۆستی لەو کۆمەڵگایەدا نا چەسپێت، هەر بۆیە ئێستا کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی گەورەترین ترسە لە خۆشەویستی و هەمیشە وەک کارێکی نامۆو نەشیاو لە زاکیرەی زۆرینەی پیاوی کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیەو، بەردەوام بەناوی شەرەف و نامووس پەرستی یەوە قەدەغەی دەکات و دژی دەوەستێتەوە، چونکە ئازاد بوونی ژیانی هەستەوەرەی و خۆشەویستی بە لەدەست دانی دەسەڵاتی خۆیی دەزانێ.

عەقڵیەتی نێرسالاری لە مانای خۆشەویستی و ژیانی سۆزداری نەگەیشتوە و پێ وایە، کاتێک کچ بە ئارەزووی خۆی هاوسەر گیری بکات و ژیانی هەستەوەری و سۆزداری هەڵبژێرێ، ئیدی ژیانی ئەو زەوت دەکات، چونکە ئەو مانایەک بۆ هاوسەرگیری لەسەر بنەمای خۆشەویستی نازانێ و وابیر دەکاتەوە هاوسەرگیری مانای باڵادەست



بوونی پیاوە، لە کاتێکدا ژیانی هاوسەر گیری لەسەر بنەمای خۆشەویستی مانای یەکسانی نێوان (ژن و پیاوە) و هیچ باڵا دەستی یەک، یان لەدەست دانی باڵادە ستی نی یە و بگرە تێکەڵ بوونی هەست و سۆزەکانی ئەو دوو مرۆڤەیە و مووماریەسەی ژیانی خۆشەویستی دەکەن، بەڵام ئەم ڕوانینە لە کۆمەڵگای ئێمەداو زۆرێک کۆمەڵگای هاوشێوەکانی ئێمەش، لە جیاتی هاوسەر گیری و خۆشەویستی ڕاستە قینە، لە ترس و نامۆ بون و دوو دڵی دا دەژین.

## ترس لە خۆشەویستی

ڕەنگە هیچ کۆمەڵگایەک هێندەی کۆمەڵگای کوردی، لە خۆشەویستی نەترسێ و دژی نەوەستێتەوە، چونکە عەقڵیەتی پیاو سالاری لەسەر ئەو کەلتورە ڕاهاتوە، کە هەموو شتێک لە هێزدا ببینێتەوە و کار بۆ ئەوە دەکات بەردەوام بە هۆی هێزەوە زاڵ بێت بەسەر بەرامبەر و هەموو شتەکانی تردا.

لەگەڵ ئەوەوی خۆشەویستی هەستێکی ئینسانی یەو پێویستی بە هێز نی یەو پەیوەندیەکە لە سەر بنەمای یەکسانی نێوان (ژن – پیاو) دروست دەبێت و هەموو هێزی دنیا ناتوانێت خۆشەویستی دروست بکات، بۆیە پیاوی کۆمەڵگای کوردی، هەمیشە دیوارێکی لە نێوان خۆی و خۆشەویستی دا دروست کردوە و ترساوە و زۆر بەکەمی توانیویەتی ئەو هەستەی هەیەتی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ دەری بڕێ و لە قوڵایی دڵیەوە و هەمیشە خۆی لە حاڵەتی وەسفکردن دا دەبینێ. ڕوانینی پیاوی کۆمەڵگای کوردی بۆ مەسەلەی خۆشەویستی گرفتێکی گەورەی لە سایکۆلۆژیەتی دا دروست کردوە و،

خۆشەویستی لەلای ئەفسونێکی زۆر گەوریە و بەردەوام سڵی لێ دەکاتەوە. پیاوی کۆمەڵگای ئێمە بە زۆری هەڵگری هەستی نامۆیی و تەنیاییین و زۆر جار تا ئاستی پەرستن کەسێکیان خۆش دەوێت، بەڵام ناتوانن ئەو هەستەیان بەیان بکەن، چونکە بە لاوازی دەزانن و لە ناخی خۆیاندا قەتیسی دەکەن و کینگڵ دەدەن، چونکە ئەوان ناتوانن خۆشەویستی وەک خۆی قبوڵ بکەن، بەڵکو ئەوان خۆشەویستی وەک دەسکەوت لێک دەدەنەوە و هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەرامبەر وەک هەوو شتەکانی تر، کاتێک خۆشەویستی ئەو مانایەی نی یە بۆیان، بۆیە هەر هەستێک لە دەرونیاندا هەبێ بۆ بەرامبەریان ناتوانن دەری ببڕن و جۆرەها دەمامک دەپۆشن و جۆرێک لە تەمسیل دەکەن بۆ بەرامبەرەکانیان بە ناوی خۆشەویستییەوە،لێرەوەیە ئەو تاکانە لەبەرئەوەی هەست بە بونی خۆشەویستی ناکەن بەردەوام لە خۆشەویسی دەترسن و لێی هەڵدێن چونکە ئەوان تەنها لە دوورەوە لە خۆشەویستی دەڕوانن و لە هەستی کۆنترۆل کردن دەترسن, بۆیە ناتوانن خۆشەویستی ڕاستەقینە مومارەسە بکەن،بۆیە پەنا بۆ خەیاڵ دەبەن و لە خەیاڵیاندا خۆشەویستی دەکەن و لەو واقیعەدا نامۆن.

کاتێک دەچنە ژیانی هاوسەرییەوە بەو مانایەی هاوسەرەکەی خۆش بوێت وەک دەمامک, بەڵام پاش ماوەیەک هەست بە بێزاری دەکات و دەچێتە دنیای خەیاڵ و لای خۆی وایە لە ڕابوردودا خۆشەویستی کردووە, بەڵام ئەمەشیان تەنها وەهمێک بوە خۆی بۆ خۆی دروستی کردووە,چونکە ئەو هەرگیز لە خۆشەویستی تێنەگەیشتووە و مومارەسەی نەکردووە. فرۆم دەڵێت[60] (لایەنێکی



تر لە خۆشەویستی و سۆزداری پرۆسەی داماڵینی خۆشەویستییە بە پێی کات, لەوانەیە مێردێک بکەوێتە ژێر کاریگەری یادەرەوەی خۆشەویستییەکی ڕابردووی خۆیەوە، گەرچی کاتێک کە ڕابردوو بۆئەوان زمان حاڵ بووە هەستیان بە هیچ خۆشەویستییەک نەدەکرد).

هەست نەکردن بە خۆشەویستی لەو ترسەوە هاتووە کە بەمانای لە دەستدانی هێزی باڵادێت, بۆیە پیاوی کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە لە خۆشەویستی دەترسێ و زۆرجاریش بەسەرچاوەی داوێن پیسی لە قەڵەم دەدات و دژی ئازادی خۆشەویستی دەوەستێتەوە و, ئەو کاتە باسی خۆشەویستی دەکات کە مەرجەکانی خۆی تیا جێبەجێ بێ و بەرامبەرەکەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێت, ئەو کەسەی بە مانا باو تەقلیدیەکە خۆش دەوێت, ئەگەر نا پیاوی کۆمەڵگای ئێمە تا ئەوپەڕی لە ئازادی خۆشەویستی و پەیوەندی و سۆزداری دەترسێ, چونکە خۆشەویستی لەلای پیاوی کۆمەڵگای کوردی کە خاوەنی کەلتوری عەقلیەتی نێر سالاریە و هیچ کات باوەڕی بە خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر نیەو خۆشەویستی, وەک ووشە ئەوکاتە بەکاردەهێنێ بۆ ڕەگەزی بەرامبەر کە ملکەچی فەرمانەکانی بن و خزمەت بەمانەوەی باڵا دەستی ئەو بکات, ئەگەر نا ئەو هەمیشە ترسی لە لەدەست دانی دەسەڵاتەکەی هەیە و خۆشەویستیش ئەوباڵا دەستییە ڕادەماڵێ و لەسەر بنەمای یەکسانی دروست دەبێت کرشنا مۆرتی دەڵێت[61] (چما مرۆڤ دەتوانێت لە ترسدا هەست بە ئازادی بکات).

ئەو ووتە زایەی کرشنا مۆرتی دەقاو دەق بەسەرکەلتور و عەقڵیەتی پیاو سالاری کۆمەڵگای کوردیدا دەچەسپێ, چونکە

پیاوی کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە لە ترس دایە بەرامبەر ژنان و ئازادی ژنان، کە خۆشەویەستی و ئازادی وهاوسەری یەکمینانە، ئەو ترسەی پیاوی کۆمەڵی ئێمە بنەمایەکی مێژوویی هەیە و بۆئێستا درێژ بوەتەوە و لە هەموو قۆناغێکدا بارگاوی بووە و بە دیدو تێڕوانینی نوێی ئەو سەردەمەو زیاتر کردنی سنورەکانی ترس. تا ئەو جێگایەی ژنان هۆشیاربن زنجیرەکانی کۆیلەیەتی بەرەو بچڕان دەچێت و هەستەکانی ئازادی و یاخی بوون فراوان دەبێت، لەبەرامبەر ئەوەش دا پیاوان ترس ونیگەرانیان زیاد دەبێت و هەست بە لە دەستدانی هەیمەنەو دەسەڵاتیان دەکەن و ئەوەی کە ژنانیان تەنها وەک ئامرازێک بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسی‌یەکان و خستنەوەی مناڵ و بەخێوکردنیان لە دەست دەچێت، بۆیە تا ئەوپەڕی دژی ئازادی خۆشەویستی و ئازادی ژنان دەوەستنەوە و زۆر جاریش لەناچاری داو بۆ داپۆشینی ئەوەی لە ناخی‌یاندایە بەرامبەر بە ژنان، دەمامکی جۆراو جۆر دەپۆشن و ڕستەی باق وبریق هەڵدەڕێژن بۆ ئەوەی ژنانی پێ فریو بدەن، تا ئەوەی‌باوەڕیان پێبکەن کە تەجاوزی عەقڵیەتی دژی خۆشەویستیان کردووە، بەڵام لە واقیعدا لەو ڕوانینەدا خۆشەویستی گەڵاڵە نابێت و لە بەرامبەریدا بەردەوام ترس لە نەستدا جێگا دەگرێ و لەبەرامبەر ژناندا ناتوانن گوزارشت لە هەست و سۆزەکانیان بکەن، چونکە ئەوان ژنان بە ئەفسون و جادووگەر دەزانن و هەست دەکەن کاتێک خۆشەویستی بکەن ژنان کۆنترۆڵیان دەکەن و لە باڵا دەستیان دەخەن.

هەڵبەتە ئەو هەست کردنە بە ترس بە تەنها لەلای کۆمەڵگای کوردی بوونی نەبووە، بەڵکو لەناو هەموو کەلتورەکانی دنیادا و



بەپێی قۆناغە جیاوازەکان بونی هەبووە هەموویان لەبەرامبەر خۆشەویستی‌دا ترساون و دژی ئازادی خۆشەویستی بوون، بە مانایەک دژی ئینسانی بوونی ژن بوون و هەرگیز ئەمەشیان نەشاردووەتەوە و بە ئاشکرا ئەو ترسەیان لە خۆشەویستی نەشاردووەتەوە، چونکە ئەوان خۆشەویستیان بە تەنها بەموڵکی ژن زانیوە و پێیان وابووە تەنها ژن دەتوانێ خۆشەویستی بکات، ئەو ترسەیان لە خۆشەویستی دەربڕیوە، هەر لەسەر دەمی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤەوە تا بە زەمەنی ئێستا دەگات. ئەنگلس دەڵێت[62] (ئافرەت بۆ ئەسینایییەکان زیاتر لەوەی سەر دەستەی‌خزمەتکاران بێت، شتێکی دی نەبووە،هەربۆیەشە پیاوانی یۆنان شەرمیان دەکرد خۆشەویستی خۆیان بۆ هاوسەرەکانیان دەربڕن).

کەلتوری ژن بە کەم گرتن بنەمایەکی ئایینی هەبووە و ژنان تەنها سەرچاوەیەک بوون بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیا و ئاینیش ڕەسمیەتی بەکۆیلەبونیان داوە، کاتێک ژن وەک کۆیلە سەیر دەکرێ هیچ مانایەک بۆ خۆشەویستی نامێنێ و پیاوانی سەربەم کەلتورەش شەرم دەکەن یاخود دەترسن خۆشەویستی لەگەڵ کۆیلە بکەن،هەربۆیە بەردەوام لە ژنان ترساون و ئەو ترسەش وەک لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لاوازی پیاوە بەرامبەر بەهەستی خۆشەویستی و بە لە دەست دانی دەسەڵاتی دەزانێ، کەلتورێک هەزاران سالەبەو ئاراستەیەدا دەڕوات و خۆی نوێ دەکاتەوە,ئیدی چۆن بوار بۆ خۆشەویستی راستەقینە دەڕەخسێنێ، لەسەر بنەمای یەکسانی ودڵسۆزی ووەفاداری،چۆن ژنان وەک ئینسان قبوڵ دەکات و ئەو مافەی دەداتێو هەموو هەستەکانی وهەلبژاردنی چارەنوسی خۆی ئازاد بێت

ولەکایەکانی ژیاندا باڵادەستی بوونی نەمێنێت.جیا لەوەش چون پیاوان دەتوانن بگەنە ئەو باوەڕەی لە خۆشەویستی نەترسن و ئازادی خۆشەویستی قبوڵ بکەن وبەڕاستی ئەوەی لەناخیاندایە بەرامبەر بەخۆشەویستی کردن بەبێ سڵەمینەوە بەیانی بکەن وخۆیان لەو گرێدەرونی وترسە ڕزگار بکەن وبەرەو ئاوابوونی خۆشەویستی ناخیان نەڕۆن.

کۆڵگای کوردی بەدرێژای مێژوو تابەزەمەنی ئێستا دەگات, کۆمەڵگایەکی داخراو خاوەنی عەقلیەتی پیاو سالاری و خێڵەکی بووەو بەردەوام لەخۆشەویستی ترساوەو تەواوی یاساو ڕێسا ئایینی وکۆمەلایەتیەکانی وەک دسپلینێکی پۆلاین بەدەوری ژنان دا کێشاوە دژی هەر جۆرە ئازادیەکی خۆشەویستی و هاوسەری ڕاوەستاوە (دیارە مەبەستمان هەمو پیاوانی کۆمەڵگای کوردی نیيە)،کەدروست ئەوەش ئەو ترسەیە لە خۆشەویستی و خۆشەویستی بەلەدەست دانی دەسەلات وبالادەستی خۆی دەزانیوبۆیە لە کۆمەڵگای ئێمەداکەم نین ئەو ژنانەی لەسەر بوونی پەیوەندی خۆشەویستی دەکوژرێن وزۆر جار گۆڕونیش دەکرێن, ئەوەش ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کەپیاوی کۆمەڵگای کوردی چەند لەئازادی خۆشەویستی دەترسن ودەرگای بیر کردنەوەیان بەڕووی هەستە ئینسانیەکان دا داخستوە، ڕەنگە نەبوونی خۆشەویستی وترس وای کردوە زۆرینەی پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە هەڵگری سیفاتی توندو تیژی ودڵڕەقی بن بەرامبەر بەڕەگەزی مێینە لەبچوکترین نەخێری ئەواندا بەڕویاندا بتەقنەوە وئازاریان بدەن و کارەسات بخولقێنن.



## خۆشەویستی لەلای ڕۆشنبیری کورد

ترسان لەخۆشەویستی وناکامی خۆشەویستی گۆشەیەکی گەورەو ترسناکی کۆمەڵگای کوردی پێک دەهێنێت و مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی هەموو لایەکانی ئەو ترسە لێک بداتەوە وقسەی لەسەر بکات چونکە کۆمەڵگای کوردی لێوانلێوە لەئازار دان وچەوساندنەوە لەپێناوی خۆشەویستیدا.

کۆمەڵگای کوردی بەدرێژانی مێژوو کۆمەڵگایەکی داخراوی خاوەنی عەقڵیەتی باوک سالاری بوەو, ئەوەش بوەتە فەرهەنگ و لەسایکۆلۆژیەتی تاکەکاندا جێگای گرتوە, ئەو فەرهەنگەش بەردەوام تاکەکانی ڕاهێناوە دژی خۆشەویستی بن. کۆمەڵگای خاوەنی عەقلیەت وکەلتوری ئایینی و باوک سالاری, هەمیشە تاکی دڵ ڕەق وتوندو تیژ بەرهەم دەهێنێ وئەو کۆمەڵگایەی لەسەر بنەمای عەقلیەتی باوک سالاری بینا کرابێوهەموو شتەکان بەمافی نێر بزانی, بەدڵنیاییەوە ووزەی ئەڤین وخۆشەویستی تیایدا لاوازەو ڕێگە بەگەشەکردنی نادرێت.

کۆمەڵگای کوردی بەهۆی ئەو جۆرە دەسەلاتەوە بەردەوام هێزی خۆشەویستی تیایدا لاوازەو پیاوی کۆمەڵگای ئێمە لە خۆشەویستی ترساون و نەیانتوانیوە دەری بڕن, بەلام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەگەورانەی لە دنیای خۆرئاوادا ڕوی دابەهۆی ڕێنیسانس و دواتر شۆڕشی فەڕەنسی و ڕۆشنگەری و گۆڕانکاریەکانی دواتریش, ژنان ومافەکانیان گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیو ئەوەش لەلای ڕۆشنبیری کورد ڕەنگی داوەتەوە و هەندێکیان تێڕوانینیان بۆ ژیان

و خۆشەویستی گۆڕانکاری بەسەرداهات،جگە لەوەش هەندێک لەڕۆشنبیرانی ئێمە بەهۆی کاریگەری خۆشەویستی لەسەر یان نەیانتوانیوە لەبەرامبەر سەرکوت کردنی هەستەکانیاندا بێ دەنگ بن, بۆیە ئەو سەرکوت کردن و ئازاردانی دەرونی‌یە بووە سەرچاوەی نوسینەکانیان وبەئاشکرا وبێ‌پەردە لەڕێگەی نوسینەوە هەستە کانی خۆیان دەربڕیوە و بەرگریان لەئازادی خۆشەویستی و هاوسەرگیری کردوە, لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی نوسینەکانیان دیدێکی ڕەخنەگرانەیان بەرامبەر بەکەلتورو کۆمەڵگا هەبووە و،ڕەخنەیان ئاڕاستەی ئەو دیدە کردوە کەخۆشەویستی بە گوناهو حەرام دەزانێت.

نالی[*] یەکێکە لە وشاعیرانەی زۆر بەتوندی پەیوەست بووە بەخۆشەویستەکەیەوە و گوێی نەداوە بەلۆمەی خەلکی وبگرە زۆر بەتوندی دژی ئەو ڕوانینەی خەڵکی دەوەستێتەوە, چونکە لای نالی, خۆشەویستی مانایەک وهەستێکی جوانی ئینسانی بوەو پەیوەندی بەجوانی لەش و لارەوە نەبووە بەتایبەت لەو تێکستە شیعرانەی بۆ حەبیبەی نوسیوە بۆ خۆی وەڵامێک بووە بۆ گشت ئەو کەسانەی کە حەبیبەیان لا ناشرین بووە.نالی, خۆشەویستی بەهەستێکی پاکی ئینسانی زانیوەو ئەو هەستە هیچ شتێک ناتوانێت بگاتە ئاستی وڕێگەی لێ بگرێ, یاخود ناشرینی بکات, نالی, لەڕێگەی شیعرەکانی بۆ حەبیبە ئەوە ئاشکرا دەکات کە توانیویەتی تەجاوزی

[*] خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دیوانی نالی و زانیاری زیاتر لەسەر خۆشەویستی نالی بۆ حەبیبە وەرگرێ.



ترس لەخۆشەویستی بکات و لەسەردەمی خۆی داو بەرامبەر بە خۆشەویستی گەورەترین قەدەغەشکێنی بکات و ئەوەش بۆخۆی گەورەترین سەرزەنشتی دنیای پیاو سالاری بووە کە نالی دەستی بۆ بردوە وڕایچلەکاندون بەوەی چیدی لەترسی لەدەست دانی بالاّ دەستی دژی هەست و سۆزە ئینسانیەکانی خۆتان مەوەستنەوە.. لایەنێکی تری ئەو هەنگاوە ی نالی جوانیەکەی لەوەدا بووە کەخۆی مەلای ئایینی بووە و ئایینیش تائەو پەری دژی ئازادی خۆشەویستی‌یە , بەڵام ئەو گوێی بەوە نەداوە و بەشوێن هەستەکانی خۆی کەوتوە،لەگەڵ ئەوەی نالی لەسەر دەمێکدا دەستی بۆ ئەوکارە بردوە, کەکۆمەڵگای کوردی تائەوپەری پەیوەست بوون بەکەلتوری ئاین وخێڵەوە و دژی هەر جۆرە ئازادیەک بوون تەنانە ت بەقسە کردنیش لەسەربوونی پەیوەندی خۆشەویستی .

ڕەچەشکاندنی نالی هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ شاعیران و ڕۆشنبیرانی دوای ئەو، کە ئەو ڕێچکەیە بگرن و سڵ لە هیچ شتێک نەکەن و ئەو هەستەی لە ناخیاندایە دەری ببڕن.

دوای نالی چەندین شاعیر و نوسەر کەوتنە خۆیان وڕەخنەی جدی یان لەو کەلتورو فەرهەنگە گرت، کە دژی خۆشەویستی و مافەکانی ژن بوون، ئەو ڕەوتە تا ئیستا درێژەی کێشاوە و بابەتی جۆراو جۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەسەر خۆشەویستی و بە ناکام گەیشتنی خۆشەویستی نوسراوە. ئەو نوسینانەش بۆ خۆی هاندەرێکی باش بووە، بۆ ئەوەی ژنان پێش بکەون و پەتی کۆیلەیەتی سێکسی بپچڕێنن و داوای مافەکانیان بکەن، کە خۆشەویستی و هاوسەری سەرەتایی ترینیانە.

تا ئەو جێگایەی لەسەر خۆشەویستی بکوژرێن، ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی ناکام دەبێت (عاشق و مەعشوقەکان) بەیەکدی ناگەن و کۆمەڵگا خاڵی دەبێت لە ماناکانی ژیان دۆستی و خۆشەویستی.

مەترسی بە ناکام گەیشتنی خۆشەویستی ئەو هاندەرە بووە کە ڕۆشنبیران توێژی هەستەوەری کۆمەڵگا بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، بۆئەوەی قسە لەسەر ئەو لاینە گرنگەی ژیان بکەن.

یەکێکی تر لەو شاعیرانەی دژی کۆیلەیەتی ژنان وەستاوەتەوەو کەلتوری باوی پیاو سالاری ڕەتکردوەتەوە.

[**](شێخ نوری شێخ سالح) بووە، کە تا ئەو پەڕی سەرزەنشتی عەقڵیەت و کەلتوری باوک سالاری کردوە، بە تایبەت لەو شیعرەی بەسەر (پەچە) دا نوسیویەتی و بە هۆکاری سەرەکی کۆیلە بونی ژنانی دەزانێ و هەوڵی داوە لە ڕێگەی وەستانەوە لە دژی پەچە، کە پەچە هەرچی ڕوخساری ژنان هەیە دایدەپۆشێ، بە مانایەکی تر ژنان مەحروم دەکەن لە بینین و لە ڕووی لۆژیکی یەوە ژنان بەردەوام دادەپۆشن، چونکە ئەو ئەگەر جوانی خۆی دەربخات ئەوا پیاوان هاندەدات بۆ کاری خراپە.هەر بۆیە پەچەو حیجاب دیاردەیەکی پیاو سالارانەی ئایینی یەو بۆ شاردنەوەی ژنانە.

---

[**] بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بە شیعرەکانی شێخ نوری بڕوانە دیوانی شێخ نوری – کۆکردنەوەی ئازاد عەبدول واحد.



به دوای شێخ نوری دا، [***](گۆران) دێت و مانایەکی تری تەواو ئینسانی دەدات بەچەمکی خۆشەویستی و کۆمەڵگا لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ژیان بەبێ خۆشەویستی مانایەکی نابێت.

گۆران, زۆرینەی شیعرەکانی بۆ ئینسانی بوون و مەسەلەی ئازادی خۆشەویستی و ئازادی ئینسان تەرخان دەکات و دەیەوێت لەوێوە بە کۆمەڵگای کوردی بڵێت: تا ئەو جێگەیەی هەست بە خۆشەویستی نەکەن و لە ئازارەکان و کۆیلە یەتی ژنان تێنەگەن ناتوانن لە چەمکی خۆشەویستی تێبگەن. ڕەنگە گۆران بەهۆی هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی و پێش کەوتنی کۆمەڵگاو بلاٌو بونەوەی زیاتری هۆشیاری و خوێندەواری و ئاستی ناکامی خۆشەویستی و عەشق، بە کاریگەری خراپی عەقڵیەت و کەلتوری پیاو سالاری دانابێ و هەوڵی ئەوەی دابێت، کەکۆمەڵگای کوردی هۆشیار بکاتەوە لەوەی کە ناکامی خۆشەویستی و ڕێگە گرتن لە بەیەک گەیشتن دوو خۆشەویست، چەند کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاکەکان و بە دواکەوتو هێشتنەوەی کۆمەڵگا لەوچوار چێوەی ژیانی باوی سونەتی و خێڵەکی دا. جیا لەو ڕوانینە ئینسانیەبۆ خۆشەویستی, زۆرینەی شاعیر و ڕۆشنبیری ئێمە زیاتر لە زمانی وەسف دا ئیشیان لەسەر خۆشەویستی کردووەو بە ڕووخسارو جەستەی ژنان دا هەڵیان داوە و گۆران یش بێبەش نەبووە لە زمانی وەسف و لە شیعرێکدا دەڵێت(ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ) ،

---

[***] بۆئاشنابوون بە ڕوانگەی گۆران و شیعرەکانی خوێنەر دوتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دیوانی گۆران.

بەڵاّم زمانی وەسفیش بۆ خۆی لەژێر کاریگەری عاشق بوون دایەبە ڕەگەزی مێیینە، چونکە جوانترین خۆشەویستی و ئینسانی بوون، لە خۆشەویستی نێوان ڕەگەزی (نێر و مێ) دایە و کۆمەڵگایەک ڕێگە لەو هەستە بگرێ و بە گوناهو تاوانی بزانێ، ئەو کۆمەڵگایە لە ماناکانی ژیان و خۆش نودی دا لاوازە.

ئەگەر تا سەردەمی هەشتاکان زیاتر ڕۆشنبیری ئێمە، ڕوانینیان بۆ چەمکی خۆشەویستی ڕوانینێکی شاعیرانە بووە، بەڵاّم لەوە بە دواوە، ئەگەر کەمو کورتیش بێت، یا خود هەر لە زمانی وەسفدا بووبێ، پانتایی یەکانی تری بواری ڕۆشنبیری گرتووەتەو لێرەو لەوێ قسە لەسەر چەمکی خۆشەویستی کراوە و دەقی ئەدەبی جگە لە شیعر ڕۆمان و چیرۆکیشی گرتۆتەوە و ووتاری جۆراو جۆریش لەو بارەیەوە نوسراوە و قسە لەسەر ئازادی خۆشەویستی و ئازادی ژن کراوە، هەڵبەتە من مەبەستم نی یە بڵێم لە پێش هەشتاکاندا، جگە لەشیعرو چیرۆک بوارەکانی تری نووسین قسەیان لەسەر خۆشەویستی نەکردوە، بەڵاّم شەپۆلی گەورەی نووسین لەدوای هەشتاکانەوە دەست پێدەکات و مەسەلەی خۆشەویستی و عەشق بەهەند وەردەگیرێ و قسەی لەسەر دەکرێ، چونکە پانتایی ڕۆشنبیری ئێمە لە ژێر کاریگەری کەلتورو ڕۆشنبیری خۆر ئاوا دا بووە و، بەجیا لەوەش ژنان لە کۆمەڵگای ئێەدا بەرەو پێش چوون و ئاستی زانین و زانیاریان لە بارەی مافەکانیانەوە بەرەو پێش چوو گۆڕانکارییەکی کەمیش لە عەقڵیەت و بیرکردنەوەی پیاو سالاری دا ڕووی‌دا، بۆیە ئاستی ڕۆشنبیری و نوسینیش ئەو گۆڕانکاریەی بەخۆیەوە بینی و نوسەران و ئەدیبان بە شێوەیەکی فراوان تر خۆیان لە مەسەلەی خۆشەویستیو ئازارەکانی



خۆشەویستی دەداو قسەی جدیان لەسەر ژیانی هەستەوەری و ڕێگریەکانی بەردەمی دەکرد.

فراوانبوونی بواری نووسین و ڕەخنە گرتن لە کەلتوروعەقڵیەتی کۆن، لە دژی ئازادی خۆشەویستی بوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەو مانایە نەبوە کە ئیدی ژنان ئازاد بوون و بە زۆر نادرێن بە شوو، گەورە بەبچوک کۆتایی هاتوە و مارەیی و فرۆشتنی کچان کۆتاییان هات، چونکە تا زەمەنی ئیستاش کە چەندین ڕێکخراوی ژنان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان بوونی هەیەو هەزاران پیاوی یەکسانی خواز بەرگری لە مافەکان و ئازادیەکانی ژنان دەکات و فشاریان هەیە بۆ سەر عەقڵیەتی کۆن خوازی، بەڵاّم ئازادی خۆشەویستی و ئازادی هاوسەر گیری دەستە بەر نەبوە، چونکە عەقڵیەتی پیاو سالاری ئایینی و خێڵەکی باڵاّ دەستەو دژی هەموو هەست و نەستێکی تاکگەرایی ئینسانەکانە و ترس لە خۆشەویستی و ئازادی ژن، هەمان ترسی سەردەمەکانی ڕابوردوەو بۆ ئێستا درێژ بوەتەوە. لەلای زۆرێک لە پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە ژن جەستەیەکە بۆ سێکس و منالّ بوون،

لەبەر ئەوەی پیاوی کۆمەڵگای ئێمە زۆر دەترسێ و شەرم دەکات بە ئاشکرا هەست و خۆشەویستی خۆی بۆ رەگەزی بەرامبەر دەربڕێ بۆیە بەشێک لە نوسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانی کۆمەڵگای ئێمە ڕەخنەی جدی ئاراستەی ئەو عەقلیەت و کەلتورە دەکەن و بانگەشەی ئازادی ژن دەکەن، بەمانای ئازادی خۆشەویستی.

لێرەوە دێمە سەر هەشتاکان و دوای هەشتاکانی سەدەی بیست، کەبەهۆی ئەو کەلتورە توند ڕەوەوە چەندین ڕوداوی دلّ تەزینی

خۆشەویستی بونە هەوێنی نووسین، کە چۆن کەلتوری کۆمەڵگای ئێمە خۆشەویستیان بەناکام گەیاندووە، ****یەکێک لەو ڕۆمانانەی هەشتاکان،بەناوی (ماڵئاوا گوڵی خەم) ە کەباسی کێشەیەکی خۆشەویستی دەکات و سەرئەنجامی بە ناکامی دەگات بەهۆی جیاوازی پێگەی چینایەتی کوڕەکە لە بنەماڵەیەکی هەژارەو کچەکەش لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە و سەرئەنجامی خۆشەیستیەکان بە ناکامی کۆتایی دێت، ئەو ڕۆمانە بەپێی ئاماژەکان ڕۆمانێکی واقعیە و ڕووی داوە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

بەدوای ئەو ڕۆمانەدا چەندین چیرۆک و رۆمانی تر لەبارەی خۆشەویستی و ناکامی خۆشەویستی ئازارەکانی خۆشەویستیەوە دێنە بوون پەنتای رۆشنبیری ئێمەی پێ دەوڵەمەند دەبێ، کە دیارە ئەوانەش بۆ خۆی کاریگەری زۆری هەبووە بۆ هۆشیار بوونەوەی کۆمەڵگای کوردی و هەست کردن بە ئازەرەکانی خۆشەویستی... لە نەوەدەکانیشدا ئەو بوارە فراوانتر دەبێت و رۆمانی زیاتر لە بارەی خۆشەویستیەوە بڵاو دەبنەوە، گەر چی ئەو رۆمانانە مەرج نیە هەموویان روانینیان بۆ خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری وەک یەک بێت، بەڵام بۆ خۆی خۆشەویستی ئەو هەستە کاریگەر و ئینسانیە بووە لەلای ئەدیب و نوسەری کورد، کە نەیتوانیوە خۆی لە قەرەی نەدات و لەبەرهەمێکیدا ئەو گرێیە پۆلین نەکات، هەردوو ڕۆمانی بەختیار

---

**** بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو کورتە ڕۆمانە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کورتە ڕۆمانی ماڵئاوا گوڵی خەم – ن. هیمداد حوسێن.



عەلی *****(ئیوارەی پەروانە – دواهەمین هەناری دنیا)، قسە لەسەر خۆشەویستی دەکە و بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەن بۆبە ناکام گەیشتنی خۆشەویستی و حەرامییەتی خۆشەویستی.

دواهەمین هەناری دنیا، ڕەنگە جۆرێک لە تێڕوانینی پێچەوانەی هەبیت بۆ مەسەلەی خۆشەویستی و ئەو ڕوانگە باوەی بڕیبێت، کەتەنها پیاو دەتوانێت ژن هەڵبژێر و ڕەتی بکاتەوە، چونکە لەو ڕۆمانەدا، ئەوە کچە سپیەکانە، کە محمدی دڵشوشە ڕەت دەکەنەوەو خۆشەویستی لەگەڵ ناکەن و سەرەنجامی بە مردن دەسپێرن، گەر چی بەختیار لە ڕێگەی کچە سپیەکانەوە دەرگا لەسەر جۆرێکی تر لە ڕوانین بۆ خۆشەویستی دەکاتەوە و بە پیاوانی کۆمەڵگای کوردی دەڵێت خۆشەویستی بەتەنها ڕستەیەکی سەرزمان نیە و.نیگایەک نیە، بەقەدەر ئەوەی خۆشەویستی هەستێکی قوڵی ئینسانیەو هەموو مرۆڤێک ناتوانێت ببێتە خاوەنی، هەر بۆیە کچە سپیەکان بە خۆشەویستی ئەو کوڕە ڕازی نابن و ئەوان دەزانن خۆشەویستی سەر ئەنجامی بۆ ئەوان ناکامی و ئازاری دەرونیە، گەر چی ئەو ڕۆمانە قسەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێ و رەنگە تێگەیشتنی زیاتری بوویت بۆ ئاشکرا کردنی گرێکانی ناو ڕۆمانەکە، بەڵام دەکرێ بڵێن بەشێک لە گرێکانی ناو ڕۆمانەکە هەڵگری ئەو ڕوانینەیە بۆ خۆشەویستی.

---

***** بۆ ئاشنابوونی زیاتری خوێنەر دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هەردوو ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە و دواهەمین هەناری دونیا) بەختیار عەلی.

لەبەر ئەوەی تا ئیستاش کۆمەڵگای کوردی بەراستی لە مانای خۆشەویستی تێنەگەیشتون و بەردەوام لە زمانی وەسفکردنداقسەیان لەسەر خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری کرووە، ئەوەش وای کردووە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا وەهمێکی جوان بێت، نەک واقێکی جوان و پەی بردن بە هەستەکان و پەی بردن بەوەی ژیان بە بێ خۆشەویستی راستەقینە مانایەکی نیە. کەم نین ئەو دەقانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لەسەر خۆشەویستی و عەشق بینا کراون، بەڵام زۆرینەیان باسی ناکامی خۆشەویستی و گەیشتن بە رەشبینی و نامۆ بون دەکەن و کەمترینیان قسەیان لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن ئەو گرفتە گەورەیەی لایەنی ژیانی هەستەوەری چارەسەر بکرێ و کۆتایی بە عقلّیەتی نێر سالاری و کۆیلە کردنی خۆشەویستی بهێنن،کە دیارە ئەوەش ڕاستەو خۆی بە ڕەخنەی جدی دەست پێدەکات بۆ شکاندی شقڵەکانی عەقلّیەتی پیاو سالاری و بەدی هێنانی ئازادی تاکگەرایی، بەمانایەکی تر تا کۆمەڵگای ئێمە لە عەقلّیەتی خێزانی شمولی ڕزگاری نەبێت و ئازادی تاک نەبێتە بنەمای هەموو ئازادیەکانی تر، خۆشەویستی بەو ئاڕاستە فەنتازیایەی خۆیدا دەڕوات، کەبە تەنها خۆی لە زمانی وەسفکردنی جوانی لەش و لاری ڕەگەزی مێ دا دەبینێتەوە و ناچێتە قاڵبی جدی هەست کردن بە خۆشەویستی ڕاستەقینە جیا لەمانا بەحتەکەی سێکس و لەزەت.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئیستا ڕوانین بۆ خۆشەویستی ڕوانینێکی ڕوکەشیانە بووەو دوور بووە، لە دروست کردنی پەیوەندیەکی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بە بێ جیاوازی باڵا دەستی و لەسەر بنەمای دڵسۆزی و وەفاداری بۆ هەست و نەستەکان و زۆرترین کات



خۆشەویستی بەبێ وەڵامی واقیعیانە بەرجەستە بوەو تەنیا بەرژەوەندی لەبەرچاو گیراوە، واتا خۆشەویستی وەڵام دانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی نێوان ئینسانەکان نەبووە، بۆیە زۆرینەی جار، ئەو ژن و مێردانەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەناو خۆشەویستیان کردوەو گەیشتون بە هاوسەری دوای ماوەیەک لێک جیا بوونەتەوە، چونکە ئەو خۆشەویستیە وەڵام دانەوەیەکی هەستیانەی ئینسانەکان نەبووە بۆیەکدی. مارکس دەڵێت[63] (هەر جۆرە پەیوەندیەکی ئێوە لەگەڵ خەڵک و – سروشت – دا دەبێ گوزارشتێکی تایبەتی لەحەقیقەتی خودی ئێوەو لەژیانی فەردی وابەستە بەئامانج ومەبەستەکانی ئێوە بێت، واتە ئەگەر خۆشەویستی ئێوە والەبەرامبەر نەکات بەخۆشەویستی وەڵامتان بداتەوە، ئەگەر یەکێکت خۆش بوێ بەڵام تۆ نەبیتە مایەی خۆشەویستی لای ئەو، ئەو کات خۆشەویستیەکەتان بێ دەسەڵاتەو ئامانجەکەی ناخۆشیە).هەڵبەتە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردی دا،

لەبەر ئەوەی واقیعەتێکی نەبووەو زۆر جاریش تەقلیدی بووە، یاخود بەرژەوەندی (مەبەستم هەموو چیرۆکەکانی خۆشەویستی نىیە) لەپشتەوە بووە، بۆیە زۆرینەیان ئەنجامەکە بەناکامی گەیشتوە، وەک لەپێشتر ئاماژەم بۆکرد،ئێمە تێگەیشتنمان بۆ خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری هەڵە بووە و زۆر جار کەوتوینەتە ژێر گاریگەری ڕووداوەکانی دەرەوەی هەستی خۆمان و چاومان لە فلمێک، یاخود شانۆگەریەک کردووە و نەمانتوانیوە باڵادەستی و عەقلّیەتی پیاو سالاری ناخی خۆمان بکوژین و ڕاستگۆیانە دوای هەستی خۆمان بکەوین، بۆیە کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی گەورەترین ترس و توندو

تیژبیە لە بارەی خۆشەویستیەوە و هەمیشە سڵ لەژیان دەکەینەوە و پێمان وایە، ئەگەر خۆشەویستی ئازاد بوو ئیدی کۆتای ئێمەیە و، ئەمەش ئەو کەلتورە ئایینی و خێڵەکی و پیاو سالارییەی ناخمانە،کەلە کۆنەوە تا ئیستا لە سایکۆلۆژیەتمانەدا درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات.

کۆمەڵگای ئێمە هەتا ئیستا بەو شێوەیە لە خۆشەویستی ئەڕوانێ، بۆیە ناتوانیین بلێن خۆشەویستی بنەمایەکی دوور لە بەرژەوەندی و واقیعی لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەیەو ممارەسەی کراوە (لەگەڵ ئەوەی هەندێک گۆڕانکاری هاتۆتە ناو کۆمەڵگای ئێمەوە بەڵام کەم و کورتە). بۆیە سەیر نیە ئیستاش لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی ژنان دەکوژرێن و بەشێک لە ژنان لە داخی بەناکام گەیشتنی خۆشەویستیەکەیان خۆیان دەسوتێنن، بۆیە تا ئەو جێگایەی سەروەری تاکگەرای بۆ ئینسانەکان نەگەڕێتەوە، ئایندەیەکی باش بۆ ژیانی هەستەوەری و ئازادی خۆشەویستی چاوەروان ناکرێ. شێرزاد حەسەن دەڵێت[64] (پەیوەندی کردنی نێرو مێ بەمانای عشق کردن یا خۆشەویستی کردن، یاخود بەمەرامێک. گەیشتن بە زەوامەنێک، هیچ کاتێ کەس زەمانەتی ئەوە ناکا تۆ سەردەکەویت یا ژێر دەکەویت). ڕەنگە ئەو کچ وژ نانەی خۆیان دەسوتێنن لەبەر ئەوەی بە خۆشەویستەکەیان ناگەن هێشتا لەمانای خۆشەویستی تێنەگەیشتون و ڕوانینێکی ڕوکەشیان بۆ ئەو مەسەلەی هەیە، ژیانی هاوسەری و زەماوەند کردن، لە دوای ئەو پرۆسەیەی ناوی لێنرا خۆشەویستی. بەو مانایە نی یە کە دەگاتە خۆشەویستی، چونکە لە ژیانی هاوسەری دا، لە کۆمەڵگای کوردی دا زۆرینەی



بەرژەوندی و بالاٚ دەستی پیاو لە بەرچاو دەگیرێ و سەروەت و سامان و دەوڵەمەندیش فاکتەرێکە بۆ ئەوەی کچان حەز لەو کوڕانە بکەن و بەهیوای ژیانی هاوسەری و دواتریش بۆ ئەوەی هاوسەرەکانیان بە خێویان بکەن و پێداویستی یە مادیەکانیان بۆ دابین بکەن، نەک پێداویستی یە ڕووحیەکان. لە سەر ئەجامدا ئەو ژن و مێردانە دووچاوی ساردو سڕی دەبن و جیا بوونەوە ڕوو دەدات، ئەمەش بە شکستی خۆشەویستی دەزانن, بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ئەوان لە خۆشەویستی تێنەگەیشتون و موممارەسەیان نەکردوە و پێیان وایە نیگایەک، یاخود هاوڕێیەتی کردن، یاخود لە زەتی سێکسی مانای خۆشەویستی یەو کاتێک بەو شتانە دەگەن و ئەو هەستەی ناخیان جیاوازە لەوە دووچاری ساردی و جیاوازی و ئازار دەبن و واز لەو ژیانی هاوسەریە دەهێنن و بەدوای یەکێکی تردا دەگەڕێن، بەو مانایەی بە هەمان ئەندازەی پێشوو یەکێکی تری خۆش دەوێت و دەیەوێت ئارامی بە هەستەکانی ببەخشێت، لەمەشیاندا لەبەر ئەوەی بەرژەوندیانە بیر دەکاتەوە و بە دوای کۆنترۆڵ کردنەوەیە دیسان شکست دەهێنێ.

ئەو ژیانەی ناوی لێنا بوو خۆشەویستی، هیچ کاتێک خۆشەویستی نەبوەو ئاشنا بوون نی یە بە ناخی یەکدی و تێکەڵ بوونی هەستەکانیان، بە قەدەر ئەوەی پاڵنەری مادی و سێکسی یەکان، یاخود جوانی ئەو سەرنجەی لا دروست کردووە، کە گوایە یەکدیان خۆش دەوێت, بەڵام دواتر ناخیان پێچەوانەی یەکدی دەبێت و ناکۆکی و جیاوازی و ڕق لێبوونەوە لە یەکدی دەست پێدەکات. شێرزاد حەسەن دەڵێت[65] (لەم وولاٚتەدا یاخود کۆمەڵێ کەس نەبێ پیشتگیریت بکەن لەو باردا وە لەسەرو ئەمانەشەوە کوڕو

کچەکەش ئەوەندە هۆشمەند نەبن تابزانن بۆچی یەکتریان هەڵبژاردوە، پێم وایە ئەوە ترسناک ترین بڕیار و ناسکترین بڕیارە لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارە هێندە ئاسان نی یە، تۆ بۆچی لەگەڵ ئەو کەسەدا دەژی ئەگەر ئەو بڕیارە لەسەر بنەمای ئەوەبێت هەردووکیان جوانن.. جوانیش قۆناغی هەیە و جوانیەک هەیە نابینرێ ئەویش ناوەوەی مرۆڤە، زۆرجار کوڕوکچ سەرسامن بەوەی هەردوکیان جوانن، کچەکە شۆخ و کوڕەکە قۆز بەڵام دوای ئەوەی ماوەیساڵێک بەیەکەوە دەژین یەکتریان لێدەبێت بە دێوو درنج و زۆر ناشرین دەبن).

ئەو ڕوانینە سەرەتاییە بۆ مەسەلەی پەیوەندی و خۆشەویستی و هاوسەری وای کردوە کە ڕێگا بگرێ لە لە دایک بوونی خۆشەویستی ڕاستەقینەو ئەوەش دەرئەنجامی تێگەیشتنی هەڵەی ئێمەیە بۆ خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری، ئەوەش وای کردووە کە کۆمەڵگای ئێمە بەردەوام نزیک بوون لەونکردنی هەستی خۆشەویستی و گەڕان بەدوای جوانی و سامان دا، وەک بەدیلێک بۆ خۆشەویستی.

لەو ڕوانگەیەی، کە کۆمەڵگای ئێمە هەستی خۆشەویستی وون کردوەو، ئەوەش بەسەر هەردوو ڕەگەزدا دەچەسپێ و لەمانای خۆشەویستی نەگەیشتوین و هەمیشە مومارەسەی بەدیلی خۆشەویستیمان کردوە، یاخود لە بەدیلی خۆشەویستی دا پەنامان بۆ خەیاڵ و نامۆ بوون و تەنهایی بردوە و بۆشاییەکانی ژیانمان پێ پڕ کردوەتەوە و پێمان وابوە هاوسەری، بریتی یە لە ژیان لەگەڵ دەوڵەمەندا، بەڵام دواجار وێرانەیەکمان لە ناخماندا دروست کردوە و دەمانەوێت لە ڕێگەی وەهم و خەیاڵەوە لە بیر خۆمانی بەرینەوە و ئەو



پەیوەندی هاوسەری دەگۆڕین بۆ یەکێکی تر، بەڵام چارەنوس هەمان چارەنوسەو دەکەوینەوە بەسەر شێوازی ڕابوردودا و بێزار دەبین و بیر لەوە ناکەینەوە کە هۆکارەکەی چی یە، چونکە ئێمە خۆمان نەناسیوەو هەست بەبونی خۆمان ناکەین بۆیە هەست بە خۆشەویستی ڕاستەقینە ناکەین، تا ئەو کاتەی لە خۆشەویستی خۆمان تێنەگەین ناتوانین بەرامبەرمان خۆش بوێت. فرۆم دەڵێت[66] (ئەوە ڕاستە کەمرۆڤە خۆ پەرستەکان توانای خۆڕاهێنانیان لەسەر خۆشەویستی نی یە، بەڵام ئەوەش ڕاستە ئەوان ناتوانن خودی خۆشیان خۆش بوێت). لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا جۆرێک لە خودپەرستی یە و ئەوەش هیچ کات مانای خۆشەویستی نی یە، لەگەڵ ئەوەی ئێمە خاوەنی گوتارو شیعرو چیرۆک و ڕۆمان گەلێکی زۆرین لە بارەی ناکامی خۆشەویستی یەوە، بەڵام نەمانتوانیەوە ئەو هەستی خود پەرستی و بەرژەوەندی پەرستی یەی ناخمان بکوژین و لە خۆشەویستی تێبگەین، لەبەر ئەوەی پیاوی کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی کەسایەتیەکی دوو فاقییە و ناتوانێت دەست بەرداری ئەو دوو فاقییە تە بێت، کە لەکەسێتیاندا جێگیر بوەو لە ژیانی ڕۆژانەدا پراتیکی دەکەن. دروست بوونی ئەو دوو فاقیە لە کەسێتیدا پەیوەندی بەو کەلتورە دوورو درێژەوە هەیە کە پیاوی کۆمەڵگای ئێمە پێی گەیشتوەو لەو کەلتورەشدا بەردەوام ژن قوربانی ئارەزوەکانی پیاو بووە, هەر بۆیەش پیاوی کۆمەڵگای ئێمە کەمتر هەستیان بە خۆشەویستی کردووە. بۆیە کاتێک ئەگەر ژنێکیان خۆش ویستبێ بەردەوام دەمامکیان پۆشیوەو ئەو هەستە ڕاستەقینەیەیان شاردوەتەوەو بەپێی ڕوانینی کەلتوری پیاو سالاری

مامەڵەیان کردوە، چونکە ئەگەر پیاوێک بە ئاشکرا بانگەشەی خۆشەویستی کردبێ چەندین ناو ناتۆرەیان لێ ناوە وەک (ژنانی – مونەرم – پیاو نی یە... هتد)، هەروەک ئاماژەم بۆ کرد پیاوی کۆمەڵگای ئێمە تەواو وابەستەیی خۆی بە کەلتوری خێڵ و ئایینی یەوە ڕاگەیاندوە و دژی هەموو هەستەکانی خۆی کاری کردووە و خۆشەویستی لە ڕوکەشدا بە تاوان و گوناه زانیوە، گەرچی لە ناخی دا کەسێتیەکی ترەو زۆر جار لە تەنیایی دا گۆرانی عاشقانە دەڵێتەوەو خەمەکانی ناخی بەیان دەکات کە چۆن هەستەکانی ئازاری دەدەن و دەمامکی پۆشیوەو ناتوانێ ڕوو بەکۆمەڵگا ئەوەی ناخی بەیان بکات، بۆیە قبوڵی ئەو ئازارەی ناخی دەکات و بەردەوام لە ژیانی دووفاقی دا دەژی. د. علی وەردی دەڵێت[67] (گوێ لەگۆرانیەکانمان بگرن پڕیەتی لە سکاڵاو هەست بە ئێش و ئازار کردن). پیاوی کۆمەڵگای کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە دەست بەرداری دەمامک پۆشین و دووفاقی بێت لە ڕەفتارو کرداری بەرامبەر بە خۆشەویستی و ژیانی هەستەوەری. کەم نین ئەو پیاوانەی کاتێک مەرامیان بە کچێک دەبیت تا سەر مۆخ و ئێسقان بۆی دەتوێنەوە، بەڵام لەوە بەولاوە و لەناو کۆمەڵێک پیاوی هاوشێوەی خۆی دا تا ئەو پەڕی ئازادی خۆشەویستی و هاوسەری بە ئیختاری کچەکە خۆی بە گوناه و دەرچوون لە فەرمانەکای باوک و ئایینی دەزانن... بۆیە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، جگە لەوەهمێکی جوان کە بەشێک لە تاکەکانی بەخەیاڵ مومارەسەی دەکەن تێپەڕی نەکردوەو زۆرینەی ئەو پەیوەندیانەی ناوی خۆشەویستی لێنراوە جگە لە دڵخۆش کردنی کاتی و خۆ فریو دان هیچ مانایەکی لێ



هەڵناهێنجی و بۆیە دەبینین کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی گەورەترین ئازارەو نەیانتوانیوە خۆشەویستی ڕاستەقینە مومارەسە بکەن و ئەدەبیاتی ئێمە و ڕۆشنبیری ئێمە، زۆرینەی چیرۆکەکانی خۆشەویستی لە خەیاڵ دا نوسراوە و یاخود تێڕوانینێکی سادەیان بۆ گرێی خۆشەویستی لە ڕێگەی شیعرو چیرۆک و ژانراکانی ترەوە قسەی لەسەر کراوە، گەرچی کۆمەڵگای ئێمە نەیتوانیوە سود لەو زمانە سادەیەش بکات، کە دەیەوێت کۆمەڵگا بەرەو ئاڕاستەی واقیعیەتی خۆشەویستی بەرێ و دەست بەرداری وەهم و خەیاڵ بێت.

# بەشی شەشەم

وەهمی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێستادا

-کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی

-وەهمی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای هاوچەرخی تەکنەلۆژیادا

## کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی

کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێستا بە هۆی بە کاڵابوون و ئالی بوونی مرۆڤ، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ژیانی هەستەوەری دووچاری قەیران و لاوازی هاتوون، ئەگەر نەڵێن بەرەو کۆتایی ڕێگا ملدەنێت،پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگا بەو ئاڕاستەیە دا ملی ڕێگای ناوە؟.

کۆمەڵگای هاوچەرخ ژیانی لەسەر مۆدێل دەڕوات و بیر لە هەست و سۆزەکانی ناکاتەوە وبەوشێوەیەش لە خۆشەویستی و هاوسەری دەڕوانی و پێوایە جوانی جل و بەرگ و مۆدێلی سەیارەو کاڵاکانی تر باری سەرنج دەداتە بەرامبەر و هەستی بەرامبەر دەجوڵێنێ بۆ خۆشەویستی, جیا لەوەش سێکس یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی لە جیهانی مۆدێرنی ئیستا دا، وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ خۆشەویستی سەیر دەکرێ، بەر جەستە بوونی ئەو ڕوانینە بۆ خۆشەویستی وای کردووە خۆشەویستی ڕاستەقینە بەرەو کۆتایی بچێت. فرۆم دەڵێت[68] (ئەمڕۆ مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا, لەگەڵ هاوجۆرەکانی داو لەگەڵ سروشت دا نامۆیە، بووە بە کاڵا، هێزی ژیانی خۆیان بە جۆرێک سەرمایە گوزاری دەکەن، کە پێویستە لە چوار چێوەی هەل و مەرجی بازاردا، لانی زۆری سوودی بۆ دابین بکات. پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، لە بنەڕەتدا هەروەک پەیوەندیەکانی ئامێرەکان بە خۆیان نامۆن و هەرکەس دڵنیایی بوونی خۆی بۆ ژیان لەگەڵ کۆمەڵ و هاوڕەنگ بوون لە گەڵیاندا، لە کارو باوەڕ و هەست و سۆزا دروست دەکات). بە کاڵا بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگای



هاوچەرخی ئیستادا، مرۆڤەکان دووچاری ڕەشبینی و نامۆیی کردوە بەرامبەر بە ژیانی ڕاستەقینەی سۆزداری و خۆشەویستی و پەیوەندیە ئینسانیەکان و سەیری ئەو پەیوەندیە وەک کاڵا دەکات، ئەو لە بنەڕەتدا بە چاوی کاڵاوە لە ژیان دەڕوانێ و پەیوەنی خۆشەویستی و هاوسەرگیری لە ڕوانگەی چێژی سێکسەوە سەیر دەکات و زۆر جاریش لە دەرەوەی هاوسەریش ئارەزوە سێکسیەکانی تێر دەکات، بۆیە لە کۆمەڵگای ئێستادا، ڕێژەی‌توندو تیژی بە ئاستێکی بەرز باڵای کردوە, هۆکارەکەشی دەگرێتەوە بۆ لە دەست دانی هەستی خۆشەویستی و سەیر کردنی مرۆڤ وەک کاڵا.

لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کاتێک مرۆڤ دادەبڕێت لە هەستەکانی و حسابی کاڵا بۆ هەموو شتەکان دەکات، ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێت چیرۆکی گەورەی خۆشەویستی بەرهەم بهێنێ و لە خوێندنەوەی چیرۆکە گەورەکانی ڕابردوش دا دووچاری دڵە ڕاوکێ و نائارامی و پەشێوی دەبێت و دۆش دادەمێنێت و تواناى بەرگە گرتنی ئەو عەشق و خۆشەویستی یە سەرنج ڕاکێشەی نابێت و بە دیاریەوە دەگریاو ئازار دەچێژێت.

بۆ نموونە چیرۆکی خۆشەویستی *(ڕۆمیۆ و جۆلێت)، کەسەردەمانێکی زۆر کۆمەڵاگای خۆر ئاوایی و بگرە ئیستاش لە ژێر کاریگەری ئەو چیرۆکەدا خۆشەویستی دەکەن و بە چاوی ئەو دوو پاڵەوانەوە لە خۆشەویستی دەڕوانن، گەرچی ئەوە تەنها

* بۆ ئاشنابوونی زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شانۆگەریی ڕۆمیۆ و جۆلێتی شکسپیر.

ڕوانینێکی ئەوسابووە بۆ حەرامیەتی خۆشەویستی و خستنە ڕووی ئەو کێشەیە بووە، کەچۆن خۆشەویستی وا لەمرۆڤ دەکات قوربانی لە پێناوی دا بدات و کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت،بە دوای ڕمیۆو جۆلیێتی شکسپیر دا چەندین چیرۆکی گەورەی خۆشەویستی چاو یان بەد نیا هەڵهێنا، گەرچی گەورەیی ئەو چیرۆکانە لەوەدایە،بە مانایەکی تر گەورەیی ئەو چیرۆکانە لە وێدایە کەیان عاشقە،یان مەعشوقەکەی بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵگاوە، یاخود کارەساتێکەوە ژیان لەدەست دەدات، بەڵام خۆشەویستی لەلای ئەو تاکەی تریان بە زیندویی دەمێنێتەوە و نامرێ، کاتێک خوێنەری کۆمەڵگای هاوچەرخ ئەو چیرۆکانە دەخوێنێتەوە لە ناخەوە و پڕبەدڵ دەگریا، کە ئەو ناتوانێت خۆشەویستی یەکی وا بخولقێنێ.

یەکێکی تر لەو نموونانە فلمی **(تایتانیک)، کە زۆرترین بینەری هەبووەو زۆر بە قوڵی کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی بینەرەکانی داناوە، ڕەنگە زۆرترین بینەرەکانی دوای مردنی جاک و جیا بونەوەی ئەو دوو خۆشەویستە پڕ بەدڵ گریا بێتن، لەبەر ئەوەی ئەو چیرۆکە گەورانەی خۆشەویستی کۆتاییان هاتوەو چیدی کۆمەڵگای ئیستا ناتوانێت خۆشەویستی و عەشقی پاک لە سەر بنەمای دڵسۆزی وەفاداری بەرهەم بهێنێت، لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای ئیستادا خۆشەویستی تاک ڕەهەندی بوەو بۆ زۆینەی مانای چێژی سێکسی یە، لە تایتانیکدا عاشقەکە خۆی دەکاتە قوربانی مەعشوقەکەی و دەیەوێت خۆی بمرێ, بەڵام مەعشوقەکەی زیندو بێت، کۆمەڵگای

** فیلمی تایتانیك دوو پاڵەوانەكەی جاك و رۆز بوون.



ئیستا ناتوانێت پەی بەنهێنی تێکەڵ بوونی ڕووحەکان بەرێت و لە مانای ناوەوەی خۆشەویستی بگات، تەنها کۆمەڵگای ئیستا لە ڕووکەشدا لە خۆشەویستی دەڕوانێ و بە ردەوامیش لە ناکۆکیدایە لەگەڵ ناخی خۆیدا و ناتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ هەستەکانی خۆیدا بکات، بە بڕوای من ئەوە فاکتەری هەرەگرنگە بۆ گەیشتن بە کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی، چونکە کاتێک مرۆڤ هەستەکانی تێکەڵ بە ئامێر و ژیانی ڕۆژانەی دەست کەوت و چێژ وەرگرتنی کاتی و خۆشحاڵ بوونی کاتی دەکات، ئیدی هەستی قوڵی سۆز گۆڕینەوەو خۆشەویستی لاواز دەبێت و ناشتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو، چونکە ئەو لە ڕابوردوشدا خۆشەویستی نەکردوە، لەگەڵ ئەوەی ئیستا بەرژەوەندیەکان و دەست کەوتی ڕۆژانە و ڕایی کردنی ڕۆژ بە ڕۆژی پەیوەندیەکان، تاکی کۆمەڵگای ئیستای گەیاندوەتە ئاستی بەر خۆریی، بۆیە ڕەنگ نی یە چیرۆکی گەورەی خۆشەویستیلە هەلومەرجی ئیستای مرۆڤی بەرخۆری دا دروست ببێت. بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستی گەورەی خۆشەویستی بەرەو ئاوابوون دەچێت، کە دیارە ئەوەش کارەساتی بە ئالی بوونی مرۆڤەو مرۆڤ هەموو شتەکانی بە کاڵا پێوانە دەکات و ژیانی هەستەوەری پشت گوێ دەخات، ئەوەش ڕەنگ دانەوەی سەرەتاکانی داڕمانی خۆشەویستی یەو مرۆڤەکان بە رەو خۆپەرستی و دلڕەقی هەنگاویان ناوە، لە جیاتی ژیان دۆستی ئەزموونی ئامارە کانی توندو تیژی دەکەین لە پێناوی لەزەتی کاتیدا.

ڕۆیشتنی کۆمەڵگا بەو ئاڕاستەیەدا، بنەمایەی واقیعی هەیەو لە هەڵەو تێنەگەیشتنی ئێمەوە بۆ چەمکی خۆشەویستی

سەرچاوەی گرتوە، ئەگەر سەردەمانێک ئازادی سێکسمان بە خۆشەویستی لە قەڵەم دەداو داوای ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەریمان دەکرد، کۆمەڵگای نوێ هەموو ئەمانەی تیا بەرجەستە بوو، بۆیە کاتێک گەیشتین بەو ئاستە و تێر بوون لە حەرامەکان ڕابوردو، بە زوویی دووچاری بێزاری هاتین لە ژیانی هاوسەری و ئەوەی بە ناوی خۆشەویستی یەوە دەمان کرد، یاخود زۆر جار لەژێر کاریگەری چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی دا ژ یاوین و دوای پێک گەیشتن و پێکەوە بوون هەموو هەستەکانمان کاڵ دەبێتەوەو دوو بارە بێزار بوونەوە دەست پێدەکات و سەر ئەنجام بەجیا بوونەوە لەو کەسەی بەناوی خۆشەویستی یەوە هاوسەریان هەڵبژاردووە، چونکە ئەوان نەلە کۆندا و نە لە ئیستادا لە خۆشەویستی تێنەگەیشتون و مومارەسەیان نەکردوە و تەنها لە خەیاڵدا ژیاون، بۆیە سەرئەنجام ئەو هەستە بە کۆتایی دەگات.

بەشێکی زۆر لە تاکەکان بە درێژایی مێژوو لە خەیاڵدا خۆشەویستی یان کردوە، پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانیشیان، بە پەیوەندی سێکس و هاوسەریشەوە جگە لە خەیاڵ بلاّویی بەولاوە ئەنجامێکی تری نەبووە،بەلاّم دوای ماوەیەک لە جووت بوون و پەیوەندی سێکسی و گەیشتن بە لوتکەی لەزەت، هەموو خەیالّەکان کاڵ دەبنەوە و کۆتاییان دێت و جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ دنیای خەیاڵ و هەست و ئارەزوی سێکسیان دەجولێ بۆ کەسێکی تر، بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە زۆرینە لەوە تێنەگەیشتون، ئەگەر سێکس و پێکەوە بوون خۆشەویستی لەگەڵ دا نەبێت زوو دەگات بە لوتکەو کۆتایی. فرۆم دەڵێت[69] (لە یەکەمین ڕوانین دا، ئەم خۆشەویستی



یە بە هەستکردنێکی زۆر بە "دووچار"ی خۆشەویستی بوون، واتە داڕووخانی ئەو دیوارانەی کە تا ئەو کاتە لە نێوان دوکەسی نامۆ بەیەکدا هەبووە، بەلاّم هەر بەو شێوەیە و شێوەیەی ئەم هەستە خۆبەخۆیەی دڵداری تەمەنی کورت دەبێت).

ڕوانینی مرۆڤەکانی ئیستا بەو شێوەیەیە بۆ ژیانی سۆزداری و خۆشەویستی، تەنها لە ڕوانگەی چێژی کاتیەوە لە ژیانی خۆشەویستی دەڕوانن، بۆیە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دووچاری شکستی خۆشەویستی هاتوەو دەست بەرداری خود ناسی و ئەوی تر ناسی بووەو، هەموو پەیوەندیەکانی لە سەر بنەمای دەسکەوت و سێکس دروست دەکات.

کۆمەڵگای ئیستا بەو ئاراستە یەی خۆیەوە، ڕەنگ نی یە جارێکی تر ببێتە مامانی لەدایک بونی چیرۆکی گەورەی خۆشەویستی، بە قەدەر ئەوەی بەرەو وون کردنی خۆشەویستی و کۆتایی چیرۆکە گەورەکانی خۆشەویستی ملی ڕێگای ناوە..

## وەهمی خۆشەویستی

## لەکۆمەڵگای هاوچەرخی تەکنەلۆژیادا

یەکێک لە ترسناکترین جۆرەکانی خۆشەویستی یە، کە ئەمڕۆ بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە و زۆرینەی تاکەکان لە ژێر کاریگەری دا دەژین،ئەوەش مەسەلەی وەهمی خۆشەویستی یە، کە دەرئەنجامی نامۆ بوونی مرۆڤە بە خودی خۆیی و بە کۆمەڵگا و پەیوەندی یە کۆمەلاّیەتیەکان، ژینگەیەکی کۆمەلاّیەتی کە نەتوانێت یەکگرتن و پێکەوە ژیان بە بێ جیاوازی قبوڵ بکات، بە دڵنیایی

دەکەوێتە دوای ئارەزوە کاتیەکان و مادە وە و دوای ماوەیەکیش ئەو ئارەزوانە دەگۆڕێت بە پێی بەرژەوەندیەکان. کۆمەڵگای سیبەرناتیکی ئیستا، بە هۆی داڕووخانی زۆرینەی بەها ئنسانیەکان و یەکگرتن لەگەڵ سروشتی ئامێردا (مەبەست ئامێرە نوێکانی تەکنەلۆژیایە) مرۆڤەکان بۆ خۆیان تەجرید بوون لە هەست و سۆزەکانیان. دابڕانی مرۆڤ لە هەستەکانی مانای لە دەست دانی خۆشەویستی یە، چونکە خۆشەویستی بە بێ بوونی هەست و سۆز بۆ بەرامبەر مانایەکی نی یە، بە ناچاری خۆشەویستی ئیستا تاک ڕەهەند بووە تەوەو، بە چاوی لەزەتی سێکسەوە سەیر دەکرێت و دوای ماوەیەکیش لەو پەیوەندیە بێزار دەبێت و لێکدی جیا دەبنەوە و بە دوای کەسێکی جوانتر و سەرنج ڕاکێشەر تردا دەگەڕێت و بە ناوی خۆشەویستی یەوە، پەیوەندی یەکی سێکسی ترو هاوسەری دروست دەکات، کە لەواقیعدا هاوسەری دووەمیش هەر لە یەکەم دەچێت و هەمان چارەنوسی دەبێت، چونکە ئەو کەسە هەر لە بنەڕەتەوە خۆشەویستی نەکردوە و لە مانای خۆشەویستی تێنەگەیشتوە ولە ڕوانگەی سێکسی و جوانیەوە لە خۆشەویستی ڕوانیوە، بەمانایەکی تر لە وەهمی خۆشەویستیدا ژیاوە. فرۆم دەڵێت[70] (ئەو هەرگیز نەیتوانیوە بە شێوەیەکی چالاک خۆشەویستی بکات و بەحیێهێشتنی بازنەی ئەفسوناوی ئیگۆی خودی خۆی، و ببێتە یەکێک لەگەڵ مرۆڤێکی دیکە، ئەوەی کردویەتی بریتی بووە لە گواستنەوەو ئاراستە کردنی پێداویستیەیەکانی بۆ خۆشەویستی کچەکەو هەست کردنە بەوەی لەگەڵ ئەو بوندا " لەگەڵ کچەکەدا " دەبێتە هۆی



پراکتیزە کردن و ئەزموون کردنی " خۆش ویستن "ئەوە لەکاتێک دا ئەو تەنها وەهمی خۆشویستن پڕاکتیزە دەکات وبەس) .

پیاوی کۆمەڵگای ئیستا, کاتێک کچەکە لە دەست دەدات دوو چاری گەورەترین نامۆ بوون دەبێت و، لێرەوە بە خودی خۆشی نامۆ دەبێت و دەکەوێتە دنیایی وەهمیەوە.

ئەو لە ڕاستی دا خۆشەویستی نەکردوە، بەڵکو هەوڵی داوە کچەکە خۆشحاڵ بکات و زۆر جار لە پێناوی دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەو دا زۆرترین ووزەو چالاکی خۆی بە خەرج داوەو تا ئاستی پەرستن، بە مانایەکی تر ئەم ئالودە بووە، بەبێ ئەوەی هیچ مانایەکی پەیداکردبێ بۆ خۆشەویستی، بەو مانایەی ئەم توانای خۆشەویستی کردنی نەبووە،بەڵکو بەردەوام شوێن وەهمی خۆشەویستی کەوتوە، چونکە بوونی پەیوەندی لەگەڵ کچەکەدا مانای خۆشەویستی نی یە، چەند خۆی نزیک بکاتەوە و پێداویستی یەکانی بۆ دابین بکات زیاتر هەست بە جیاوازی بوون دەکات. فرۆم دەڵێت[71] (هەرچەندێک ئەو پێداویستیەکانی خۆشەویستی و پێداویستی یەکانی چالاک بوون، شادمانی، و هتد بدات بە کچەکە، ئەوا زیاتر هەژار تر دەبێت و هەست بە بۆشێتی زیاتر دەکات و هەست دەکات کە چەند جیاوازو دابڕاوەلە کچەکە).

ژیان لە دنیای نامۆ بوون و وەهم دا، گەورەترین کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیەتی تاکەکان دادەنێت و مرۆڤ لە سایەی ژیانی ئامێردا مەوداکانی بیرکردنەوەی، لە ژیانی هەستەوەری کەم دەبێت وبە شوێن بە دەست هێنانی بەرهەمە تازەکانی تەکنەلۆژیادا دەڕوات و هەموو هێزو بیرکردنەوەی لە پێناوی بە دەست هێنانی

پارەی زیاتر دەخاتە گەڕ، تا زۆرترین ئامێری نوێ تەكنەلۆژیا و مۆدێلە تازەكانی سەیارە... هتد بەدەست بهێنێت، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەكات ژیانی هەستەوەریی و خۆشەویستیش لەو مەیدانە دا سەیر بكات و ئەو كەسەی هەڵیدەبژێرێت زۆر چالاكانە پێداویستی یەكانی بۆ دابین بكات و هەوڵی شادمان كردنی بدات، بەڵام دواجار دوو چاری نا ئومێدی و نامۆ بوون دەبێت، بە تایبەت لەو كاتەی ئەو كەسە لە دەست دەدات، لەبەر ئەوەی ئەو كەسەی هەڵی بژاردووە بە ناوی خۆشەویستی یەوە و تا ئاستی پەستن دەیپەرستێ، بەڵام نەیتوانیوە خۆشەویستی لەگەڵ دا بكات.

چونكە خۆشەویستی تەنها بە خۆشەویستی وەڵام دەدرێتەوە و دەبێت هەوڵی ئەوە بدەیت كە هەستەكانی تۆ بۆ خۆشەویستی بزواندنی هەستەكانی بەرامبەر بێت وبە خۆشەویستی وەڵامت بداتەوە، ئەگەر نا ئەوە مانای خۆشەویستی نی یەو هیچ ئەنجامێكی نابێت جگە لە كەوتنەوەهم و خەیاڵی خۆشەویستی یەوە.ماركس دەڵێت[72] (ئەگەر كەسێكت خۆش بووێ بەڵام نەتوانێت خۆشەویستی تێدا ببزوێنیت، واتە ئەگەر خۆشەویستی ئێوە وا لە بەرامبەر نەكات بە خۆشەویستی وەڵامتان بداتەوە، ئەگەر یەكێكت خۆش بوێ، بەڵام تۆ نەبیتە مایەی خۆشەویستی لای ئەو، ئەو كات خۆشەویستیەكەتان بێ دەسەڵاتەو ئەنجامەكەی ناخۆشی یە).

مرۆڤی كۆمەڵگای تەكنەلۆژیا بە هۆی ئازادی بازاڕەوەو زۆر بوونی پێداویستی یەكان بە پێ مۆدێلی ڕۆژ دووچاری دا بڕان هاتوە لەگەڵ خودی خۆیی و دەوروبەرا، زۆری پێداویستی یەكانی ڕۆژانەی مرۆڤ و ڕاكردن بە دوای ئابوری گونجاو دا، دەستەو وەستانی كردوە



بەرامبەر بە ژیانی هەستەوەری و زۆرترین كاتی خۆی لە خەیاڵی خۆشەویستی دا بە خەرج دەدات و كاتێك سەیر فلمەكانی خۆشەویستی دەكات،یاخود چیرۆكەكانی خۆشەویستی دەخوێنێتەوە ئینجا هەست بە لاوازی خۆی دەكات و پەنا بۆ گریان دەبات و حەز دەكات بگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو، گەرچی ئەو لە ڕابوردوش دا، لە خۆشەویستی نەگەیشتوە، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤی سەردەمی تەكنەلۆژیا ناتوانێنێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و هەستی تاكگەرایی ئەو دەروازەیەی داخستوە، بۆیە لە ژیانی پڕ لە ئاخ و حەسرەت دا دەژی و بێ دەسەڵاتە لە بەرامبەر خۆشەویستی دا, چونكە خۆشەویستی بەبێ یەكگرتنی ڕووحیانە (نێر و مێ)، بەبێ جیاوازی و تێكەڵ كردنی هەست و نەست و مەیل و ئارەزووەكان مانایەكی نابێت. فرۆم دەڵێت[73] (هەست كردنیان بە یەكگیانی لە گومانێك یان وەهمێك زیاتر هیچی تر نی یە).

بۆیە لە كۆمەڵگای سیرناتیك دا، لە جیاتی مومارەسەكردنی خۆشەویستی و پێكەوە بوونی واقیعانە، لە وەهم دا دەژین و پێیان وایە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا مومارەسەكردنی سێكس و هەندێك هاوڕێیەتی خۆشەویستی دروست دەكات، بەڵام لە ڕاستی دا ئەو لە وەهم دا ئەو كارە دەكات و دوورە لە واقیع و هەوڵدانە بۆ پڕكردنەوەی تەنهایی و كات بەسەر بردن.

ئەگەر بەمانای لۆژیكی لە مرۆڤی كۆمەگای تەكنەلۆژیا بڕوانین، زۆر بە سادەیی هەست بە نائارامی و دڵە ڕاوكێ دەكەیت و هەست بەوە دەكەین، كە مرۆڤی ئیستا زۆر بە كەمی دەتوانن خۆشەویستی بكەن، بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستیەی بڵێین لاوازی

هەستی خۆشەویستیو پەیوەندی بەو باگراوندە مێژووییەوە هەیە، کە تاکەکان پێیدا تێپەڕ بوون و لە مانای خۆشەویستی نەگەیشتون و ئازادی ژیانی هاوسەری و ئازادی وەهمی بە ناوی خۆشەویستی یەوە، مرۆڤی گەیاندوە بەو قۆناغەی ئیستا، کە زیاتر دڵ ڕەقی و مەرگ دۆستی و داڕمانی خۆشەویستی هێناوە لەگەڵ خۆیی داو، سەیرنی یە ئەو مرۆڤەی لە نیگای یەکەم دا عاشقی کچێک دەبێت، ئەگەر کچەکە وەڵامی بە ئارەزووی ئەو نەداتەوە گەورەترین توندو تیژی لە دژی بەکاربهێنێ، گەرچی ئەو نیگایەی ئەو لە ڕاستی دا واقیعەتی خۆشەویستی نی یە، بەقەدەر ئەوەی غەریزەی سێکس لە پشتی یەوە کاردەکات ... کۆمەڵگای هاوچەرخ ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی بەم ئاستە گەیاندوە، کە ژیانە لە وەهمی خۆشەویستی داو بوار زۆر کەم بووتەوە بۆ خۆشەویستی بە مانا رووحیەکەی.

## پەراوێزەکان

1-هونەری خۆشەویستی- ن. ئەریک فرۆم - و. عوسمان حەسەن لا 15.

2-فرۆم هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 15.

3-نامەیەک دەربارەی عیشق جوانترین بەهرە – ن – پائولوکوئیلۆ – و – عمران هاواریی لا 28.

4-ئینجیلی لۆقا دەروازەی 7 ئایەتی 44 – 47.

5-ئینجیلی لۆقا دەروازەی 7 ئایەتی 44 – 47.

6-لەپەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن – ریبوار سیوەیلی لا 22.

7-نامەیەک دەربارەی عیشق جوانترین بەهرە – ن – پائولوکوئیلۆ – و – عمران هاواریی لا 28.

8-ئینجیلی مە تا 5/19 و 6لا19.

9-هونەری خۆشەویستی –ن- ئەریک فرۆم –و- عوسمان حەسەن لا39.

10-فرۆم هەمان سەرچاوەی پێشو لا 54

11-بەناوی ژیانەوە –ن- ئەریک فرۆم –و- ئازاد بەرزنجی لا15

12-تەورات – سەفەری خەلْقردن

13-جۆن لوک و ئافرەت - ن – ئیمام عبدالفتاح ئیمام – و – ئەژین عبدالخالق لا 68 – 69.

14-لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن – ڕیبوار سیوەیلی لا 48.

15-لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن – ریبوارسیوەیلی لا 49



16-جۆن لوک و ئافرەت –ن- ئیمام عبد الفتاح ئیمام –و- ئەژین عبد الخالق

17-هونەی خۆشەویستی هەمان سەرچاوەی پێشو لا 15

18-ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر- ن – د. کەمال مەزهەر – و - فوئاد مجید میسری لا 162

19-جۆن لوک و ئافرەت هەمان سەرچاوەی پێشو لا37

20-جۆن لوک و ئافرەت هەمان سەرچاوەی پێشو لا38

21-جۆن لوک و ئافرەت هەمان سەرچاوەی پێشو لا53

22-لەپەیوەندیوە بۆ خۆشەویستی هەمان سەرچاوی پێشو لا 68

23-بەناوی ژیانەوە –ن- ئەریک فرۆم – و – ئازاد بەرزنجی لا 28

24- بەناوی ژیانەوە هەمان سەرچاوەی پێشو لا 51

25-لەپەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن – ڕێبوار سیوەیلی لا 80

26-مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا – ن – ئیریک فرۆم - و - سابیر بەکر بۆتانی لا 57

27-مرۆڤ لە نێوان هەمان سەرچاوەی پێشو لا 91

28-فڕۆم هەمان سەرچاوەی پێشوو لا 110.

29-فڕۆم هەمان سەرچاوەی پێشو لا 120.

30-فڕۆم هەمان سەرچاوەی پێشو لا123

31-لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ن - ریبوار سیوەیلی لا 50.

32-لەپەیوەندیەوە هەمان سەرچاوەی پێشو لا 80.

33-مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا – ن - ئیریک فرۆم – و – سابیر بەکر بۆتانی لا59

34-لەپەیوندیەوە بۆ خۆشەویستی لا 42.

35-له پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی ل 49.
36-مرۆڤ له نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا – ل 57.
37-جون لوک و ئافرەت هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 36.
38-له پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل 48.
39-له پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل49.
40-هونەری خۆشەویستی –ن- ئەریک فرۆم –ل 33.
41-ڕێنیسانس – لەگەڵ باسێکی تر. ل 133.
42-ڕێنیسانس – لەگەڵ باسێکی تر. ل 133
43-هونەری خۆشەویستی –ن- ئەریک فرۆم – ل 117.
44-لەو دیو زینجیرەکانی وەهمەوە – ن- ئەریک فرۆم –و- عبدالله سیوەیلی ل 26.
45-هونەری خۆشەویستی –ن- ئەریک فرۆم ل 120.
46-مرۆڤ له نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا – ل 35.
47-هونەری خۆشەویستی – ل 82.
48-هونەری خۆشەویستی ل 82 – 83.
49-نامەیەک دەربارەی عەشق ل 20.
50-نامەیەک دەربارەی عەشق -ل 26
51-نامەیەک دەربارەی عەشق – ل 27.
52-ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر – ل 153.
53-هونەری خۆشەویستی –ل 63.
54-مێژووی ئاینی زەردەشتی –ن- عەبدوڵڵا موبلغی –و- وریا قانع ل 170.
55-له ەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل 136.



56-له ەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل137
57-له پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل 141.
58-له پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی –ل 149.
59-له پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل 149.
60-هونەری خۆشەویستی – ل 132.
61-مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتووە–ن- کرشنا مۆرتی –و- یاسین عومەر –ل 41.
62-لەپەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی – ل 126.
63-بەناوی ژیانەوە – ن – ئەریک فرۆم – و – ئازاد بەرزنجی ل 28
64-دیدارێک لەگەڵ شێرزاد حەسەن – گۆڤاری متمانه ل 125
65-دیدلرێک هەمان سەرڤاوەی پێشو --
66-هونەری خۆشەویستی - ل 83
67-کەسێتی تاکی عێراقی – ن - د. علی وەردی – و - محمد وەسمان ل 46
68-هونەری خۆشەویستی ل114
69-هونەری خۆشەویستی ل 72
70-له ودیو زنحیره کانی وهمەوە – ن – ئەریک فرۆم – ل 66
71-لەودیو زنحیره کانی وەهمەو – ل 66
72-بەناوی ژیانەوە – ن - ئەریک فرۆم - ل 28
73-هونەری خۆشەویستی – ن - ئەریک ل 75

## سەرچاوەکان


1-هونەری خۆشەویستی —ن- ئەریک فرۆم —و- عوسمان حەسەن شاکر —چاپی یەکەم 2000

2-ئینجیلی پیرۆز – کۆمەڵی دەولی کتێبی پیرۆز – چاپی 1998

3-نامەیەک دەربارەی عەشق جوانترین بەهرە —ن- پائولوکوئیلو – و- عمران هاواری چاپی 2004.

4-لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی —ن- ڕێبوار سیوەیلی چاپی 2004 .

5-بەناوی ژیانەوە —ن- ئەریک فرۆم —و- ئازاد بەرزنجی چاپی دووەم 2002.

6-جۆن لوک و ئافرەت تیڕوانینێک لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی – ن- ئیمام عبد الفتاح ئیمام —و- ئەژین عبد الخالق چای یەکەم 2004

7-مرۆڤ لە نیۆان ڕواڵەت و جەوهەردا —ن- ئیریک فرۆم —و- سابیر بەکر بۆتانی چاپی دووەم 2004

8-ڕێنیسانس – لەگەڵ باتیکی تر بەناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ —ن- د. کەمال مەزهەر —و- فوئاد مەجید میسری – چاپی دووەم 2004

9-مرۆڤ ئازادی خۆی فرۆشتووە —ن- کریشنا مۆرتی —و- یاسین عومەر – چاپی 2004





10-لەو دیو زنجیرەکانی وەهمەوە —ن- ئەریک فرۆم —و- عەبدوڵا سیوەیلی چاپی 2003

11-مێژووەی ئایینی زەردەشتی —ن- عەبدوڵڵا موبلغی ئابادانی – و- وریا قانیع – چاپی دووەم 2004

12-کەسێتی تاکی عێراقی —ن- د. علی وەردی —و- محمد وەسمان چاپی یەکەم 2004

13-گۆڤاری متمانە- ژمارە (6) ساڵی دووەم، هاوینی (2004) گفتوگۆ لەگەڵ (شێرزاد حەسەن).